پرۆفیسۆر دکتۆر ئەکرەم عوسمان:

**بەرهەمی خۆماڵیمان بە بازاڕەکانی عێراق نەناساندووە و بە پیشەسازیکردنی خۆراکیش لە ئاستێکی نزمدایە**

**لە کابینەی چوارەمەوە باس لە دروستکردنی بەنداوی شەمامك دەکرێت، کەچی هەر تەواو نەبوو**



# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٩٣)- (١٥)ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١



## کەمال محەمەد ساڵح

وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# بەفیڕۆدانی کارەبا لە ٤٥٪ بۆ ٣٤٪ کەم کراوەتەوە

**لە دوو ساڵی ڕابردوودا سێ کاتژمێر کارەبامان زیاد کردووە**

**تێچوونی یەکەیەکی کارەبا لە ١٢٨ دینار بۆ ٧١ دینار کەم کرایەوە**

**پێوەری زیرەك بۆ یەك ملیۆن و ٧٠٠ هەزار هاوبەش دادەنرێت**




www.gulan-media.com

# چاپكراوی نوێ

ڕۆمانی (خوا هەر ڕەنگێكی هەبێ جوانە) لەنێو كتێبێكی ناوازەدا لە نووسینی ڕۆماننووس جەزا چنگیانی جێی خۆی كردووەتەوە، ئەم ڕۆمانە تژییە لە ڕووداوو بەسەرهات و توانیویەتی كاراكتەرەكانی ناوی بە شێوەیەكی هونەری و بە زمانێكی سەركەوتووانەی ئاخاوتن بەرجەستە بكات، ئەو ڕستانەی كە زۆر سەرنجڕاكێشن بریتین لە:

مرۆڤ خۆی دەكات بە كۆیلە نەك كەسێكی تر، ئەگەر مرۆڤ نەبێ بە خشت كۆشكی پاشا دروست نابێ، كۆشكەكانی لینین و ستالین و كەنیسەو مزگەوتەكان، لەگەڵ شوێنژینەكانی هاووڵاتیان وەكو یەكن؟ ژیان و گوزەرانی پیاوانی سیاسی و دینی وەكو ژیانی ئێمەن؟

دەست خۆشی لە ڕۆماننووس جەزا چنگیانی دەكەین و هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازین.



## چاپکراوی نوێ

لەم ماوەیەدا لە لایەن ( دکتۆر خۆشەوی مەلا ئیبراهیم)ەوە، پێنج کتێبی ئابووری و ئابووری و سیاسی چاپ و بڵاوکرانەوە، کتێبەکان ناونیشانی جیاوازیان هەیە، سێ کتێبیان پەیوەستن بە بواری ئابوورییەوە، کتێبی ( بنەما سەرەکییەکانی تیۆری ئابووری ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئابووریی ڕاستەقینە بە کردەوە هەبووە، بەڵام تیۆری ئابووری بەندە بە بۆچوونە جۆراوجۆرە تیۆرییەکانەوە، پاشان باس لە یاسا ئابوورییەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی ئابووری دەکات، جگە لە بابەتی دیکەی پەیوەست بەم بوارە گرنگە.

کتێبی دووەم (دەروازەیەك بەرەو ئابووریی گشتی ) ئەمەشیان جەخت دەکاتەوە سەر ئابووریی هەمەکی کە زانستێکە توێژینەوە لە بارەی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی و لە یەك چوارچێوەی دیاریکراودا دەکات، کتێبەکە ئاماژە بە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی و هەڵاَیسانی دراوی و لایەنی بێکاری و بنەماکانی بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووریی درێژخایەن دەکات.

کتێبی سێیەم کە هەر ئابوورییە(دەروازەیەك بەرەو بازاڕگەری و ڕیکلام)نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەم سەردەمەدا بازاڕگەری یاخۆ بەبازاڕکردن لەبەردەم هەلومەرجی گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکاندا زۆر بلەز تێ دەپەڕێت. کە پێتڤییە پێداچوونەوە بە ئامانج و داڕشتنەوەی ڕێکارە نوێیەکان بکرێت.

دوو کتێبی دیکەی نووسەر کە سیاسیی ئابوورین، یەکێکیان بە ناوی (ڕووسیا لەنێوان هاوسەنگییەکانی جیهاندا ) لێرەدا نووسەر سەرەتا باس لە گۆڕانکارییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ساڵی ٢٠٢٠و سەرەتای ٢٠٢١ دەکات کە بەسەر ڕووسیادا هاتوون، ئاماژەش بە کێشە سەرەکییەکانی ڕووسیا دەکات لە بواری ئابووریدا، پاشان دێتە سەر گرنگترین ئاراستەکانی سیاسەتی ڕووسیا و دەستووری نوێ، دواجار پەویەندییەکان ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی وەك چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بیلاڕووسیا، تا دوایی بابەتەکانی نێو کتێبەکە.

دوا کتێبی دکتۆر خۆشەوی مەلا ئیبراهیم بە ناوی ( فرەوانخوازییەکانی چین لە جیهاندا ) ئەم کتێبەش کە ئابووری و سیاسییە تایبەتە بە وڵاتی چین کە سەنتەرێکی گەورەی جیهانییە، خودان بازاڕێکی زۆر زەبەلاحی جیهانە، پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوەو کاریگەرییەکانی کێشە ئابوورییەکانی چین و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی چەند بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە پێکدەهێنن.

دەستخۆشی لە دکتۆر خۆشەوی مەلا ئیبراهیم دەکەین کە بەو بەرهەمە نایاب و ناوازانە توانیویەتی کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات، هاوکات ئەم کتێبانەی ببنە سەرچاوە بۆ توێژەرو خوێندکارانی بڕوانامە باڵاکان، چونکە زانیاری و داتاو توێژینەوەی زانستیی ئابووری و سیاسیان تێدا بەرجەستە بووە.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## چاپکراوی نوێ















حوسێن حەمە کەریم:



## وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە ٢٪ بۆ ٨٪ هەڵکشاوە

عەمید ئەسعەد مەلا کەریم:




## تیژڕەوی و بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا کارەسات و قوربانییەکی زۆریان لێ کەوتووەتەوە

یوسف عوسمان حەمەد:



## کاریگەریی چات و بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا

عمران ئەل باداوی:



## نەبوونی سەرکردایەتیی کارا کێشەیەکی بنەڕەتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**کارزان کانەبی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***



شووشە جومعە :

## ئاستی یاریی تۆپی پێی کچان هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە

مەیسەر عوبێد:



## پێویستە کەرتی تایبەت ڕێک بخرێتەوە، بۆ ئەوەی بۆ خوڵقاندنی هەلی کار هاوکار و هەماهەنگی حکومەت بێت



د. لانە ڕەفیق ئەحمەد :

## جوانی پێوەر نییە بەڵام پێویستە خانمان بڕوایان بە خۆیان هەبێت و گرنگی بە خۆیان بدەن

## کاتژمێرێکی زیرەک بۆ منداڵان




## گۆڕانی دەنگ پاش نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت



## لە سۆران و ڕواندز یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام بەڕێوە چوو






# عێراق گەیشتووەتە لێواری هەڵدێر و کوادکۆپتەر ئاراستەی پرۆسەی سیاسی دیاری دەکات



**بە قسەی خەز عەلی هێرشی درۆنەکان بۆ سەر ماڵی کازمی کارێکی دروستکراوی لایەنی سێیەمە کە وەک خۆی دەڵێت: «دەستی ئەمریکا و ئیسرائیله»**

**ئیسلامی سیاسیی شیعە لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی شیعە (مەبەست سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەیە) ئامادە نین پێکەوە دیالۆگ بکەن و هەر خۆیان وەک ئیسلامی سیاسیی شیعە حکومەت پێکبهێنن**

**لە کاتی پێویست بە مانۆڕی هێزەکانی حەشد لە شەقامەکانی بەغدای پایتەخت ئیرادەی خۆیان بە سەر حکومەت و کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق فەرز دەکەن، هەر ئەوەش دوایین بڕیاری حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت دەبێت کە حەشد داوای دەکات**

شێخ قەیس خەز عەلی سەرۆکی میلیشیاکانی عەسائیبی ئەهلی هەق، لە دیمانەیەکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی «ئەلجزیرە» جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەو درۆنانەی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی مستەفا کازمی (سەرۆك وەزیرانی عێراق) لە ناوچەی سەوز، دۆستی ئامێری سیرامی ناو باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوون لە ناوچەی سەوز، ئەگەرنا چۆن کاتێك کوادکۆپتەرەکان بگەنە ئەو ناوچە هەستیارە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێ نادرێت و، سیرام نایانخاتە خوارەوە؟ بۆیە بە قسەی خەز عەلی هێرشی درۆنەکان بۆ سەر ماڵی کازمی کارێکی دروستکراوی لایەنی سێیەمە کە وەك خۆی دەڵێت: «دەستی ئەمریکا و ئیسرائیلە».

کۆبوونەوەی مستەفا کازمی لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە (الإطار التنسیقي الشیعي) لە ماڵی حەیدەر عەبادی و بە ئامادەبوونی فائق زیدان سەرۆکی دادگای تەمیزی ئیتیحادی و ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و ئەبوو حسێن حمێداوی سەرۆکی کەتائیبی حزبولّای عێراقی، خۆی لە خۆیدا کۆبوونەوەیەکی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردن بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە کە پێش ئەم کۆبوونەوەیە سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: «ئێمە ئەو کەس و لایەنانە باش دەناسین کە لە پشت هێرشی درۆنەکان بوون بۆ سەر ماڵەکەمان و ئاشکراشی دەکەین.» بەڵام لە کۆبوونەوەکەی هەفتەی ڕابردووی لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، جیا لەوەی سەرکۆنەی کوشتنی خۆپیشاندەرانی بەردەم ناوچەی سەوز و هێرشی درۆنەکەی سەر ماڵی خۆی کرد بە یەك پاکێج، لە هەمان کاتدا کازمی بەوەش ڕازی بووە کە نوێنەری کەتائیبی حزبولّای عێراقی بەشێك بێت لەو لێژنەیەی کە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەنجامدەرانی هێرشە درۆنەکە دەکەن، لەمەش زیاتر لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە ڕێگەی حەیدەر عەبادییەوە بە موقتەدا سەدریان ڕاگەیاندووە، ئەوان بە کۆی دەنگ دووبارە کاندیدکردنەوەی مستەفا کازمی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران ڕەت دەکەنەوە.

ئەیاد عەللاوی سیاسەتمەداری دیاری عێراقیش، لە نوێترین لێدوانی تەلەفزیۆنیدا جەختی لەوە کردەوە: «ئەوەی ئێستا لە بارودۆخی عێراق دەبیندرێت، خراپە و چاوەڕوانی خراپتریشی لێ دەکرێت..»، گوتیشی: «ئێمە باسی دەوڵەت دەکەین، بەڵام لە عێراقدا کوا دەوڵەت بوونی هەیە؟ ئەوەی ئێستا پێویستە بیری لێ بکەینەوە و هەوڵی بۆ بدەین، ئەوەیە کە چیمان لە دەست دێت، بیکەین بۆ ئەوەی ڕێگە لە شەڕی ناوخۆ بگرین، ئەمەش پێویستی بە حیوارێکی لۆژیکانە و ئاقڵانەی نێوان کۆی لایەنە سیاسییەکان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە برام کاك مسعود بارزانی کرد، بۆ ئەوەی سەردانی بەغدا بکات و، لەم حیوارانەدا بەشدار بێت، بەڵام کاك مسعود پێی ڕاگەیاندم لە ئێستادا لایەنە سیاسییەکان نییەتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دیار نییە و هەر کاتێك ئەو نییەتەم بینی، منیش دێمە بەغدا و لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەشدار دەبم..» لە درێژەی قسەکانیدا عەللاوی جەختی لەوە کردەوە کە «مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی کارێکی ئاسان نییە و، قەتیش نایەنە ژێر فەرمانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق»، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «لە ساڵی ٢٠١٨ و دوای دەستبەکاربوونی د.عادل عەبدولمەهدی وەك سەرۆك وەزیران پێشنیاری ئەوەم کرد، لە بری ئەوەی سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتیی هێزە چەکداران بێت، ئەنجومەنێك بۆ فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی دیاری بکرێت و هەموو هێزەکان لەژێر چەتری ئەو ئەنجومەنە بن و، لە ناو ئەم ئەنجومەنەشدا نوێنەری هێزی پێشمەرگە و نوێنەری هێزەکانی حەشدی شەعبیش بوونیان هەبێت.»

## کۆتایی عێراق
## یان کۆتایی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا

باڵیۆز پیتەر گالبریس لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ نووسینی کتێبی «کۆتایی عێراق» ئیلهامی لە کوشتنی ڕۆژنامەنووس ئەتوار بەهجەت پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبیە وەرگرتبوو، لەو بارەوە نووسیبووی: «ئەتوار بەهجەت لە دایك و باوکێکی سوننە و شیعە هاتووەتە دنیاوە، خوا لە جەستەی ئەتواردا شیعە و سوننەی

تێکەڵاو کردووە، بەڵام لە شەڕی ناوخۆی شیعە و سوننەدا دەکوژرێت و شیعە و سوننە ئامادە نین لە وڵاتێکدا پێکەوە بژین، ئەمەش کۆتایی بە عێراق هێناوە.»

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ١٦ساڵ بە سەر کوشتنی ئەتوار بەهجەتدا، ئێستا ئیسلامی سیاسیی شیعە لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی شیعە (مەبەست سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەیە) ئامادە نین پێکەوە دیالۆگ بکەن و هەر خۆیان وەك ئیسلامی سیاسیی شیعە حکومەت پێکبهێنن، ئەم دوو لایەنە ئیسلامییە شیعەیە، هەردوو لایان خاوەنی هێزێکی گەورەی میلیشیاکانی حەشدن و هەردوو لاشیان لە کاتی پێویست بە مانۆڕی هێزەکانی حەشد لە شەقامەکانی بەغدای پایتەخت ئیرادەی خۆیان بە سەر حکومەت و کۆی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق فەرز دەکەن، هەر ئەوەش دوایین بڕیاری حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت دەبێت کە حەشد داوای دەکات.

ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ڕابردوو بە تەواوەتی ڕووی (نادەوڵەتی) عێراقی خستەڕوو، ڕاستە بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لایەنەکانی سەر بە حەشدی شەعبی دەنگیان کەم هێناوە و بە حیساب هەڵبژاردنەکەیان دۆڕاندووە، بەڵام جیا لەوەی لایەنەکانی حەشد لە ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئاکامی هەڵبژاردنەکە ڕەت دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا لە ماوەی تەنیا حەوت ڕۆژدا دوو جار (جارێك بە ڕۆکێت و جارێك بە کوادکۆپتەر) هێرشیان کردووەتە سەر بارەگای دەزگای موخەباراتی عێراق و ماڵی مستەفا کازمی لە ناوچەی سەوز، هەر دوو هێرشەکەش وەك تەواوی ئاژانسەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، بۆ تیرۆرکردنی مستەفا کازمی (سەرۆك وەزیرانی عێراق) بووە و، لە بەرامبەریشدا هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق لە بەرامبەر ئەو تاقم و لایەنانەی لە پشت هێرشە ڕۆکێتییەکەی مەنسوور و هێرشە درۆنەکەی ناوچەی سەوزن، دەستەوەستانن و نە دەتوانن ئاشکرایان بکەن، نە دەشتوانن هیچ ڕێوشوێنێك لە بەرامبەریان بگرنە بەر، بە پێچەوانەوە لێدوان و گوتارەکانی سەرکردەکانی حەشد زۆر لە دەنگی حکومەت بەرزترە و، ئەوان بوێرانەتر سەرۆك وەزیران تۆمەتبار دەکەن، لەمەش زیاتر هەڕەشە لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق و جنین بلاخسارت (نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان) لە عێراقیش دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو هێزە سەرەکییەی کە تەحەکوم بە تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقەوە دەکات، هێزەکانی حەشدی شەعبین، نەك هێزی سوپا و ئاسایش و پۆلیسی فیدراڵیی عێراق.

هەڵویستی ئەمریکا بەرامبەر ئەم بارودۆخە هەستیارەی عێراق و ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر ماڵی سەرۆك وەزیران، هەڵویستێکی شەرمنانەی ناجێگرە، لە سەرەتای هەفتەی ڕابردوو و دوای ئەنجامدانی هێرشەکان بۆ سەر ناوچەی سەوز، هەڵویستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زۆر توند بوو و، ڕاشکاوانە فەرماندەکانی پێنتاگۆن چەند لایەنێکیان بۆ ئەو کردەوەیە تۆمەتبار کرد، بەڵام پاش کۆبوونەوەکەی کازمی لە ماڵی عەبادی و بەشداربوونی حەشد وەك لایەنێك لە لێژنەکانی لێکۆڵینەوە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هەڵویستێکی دیکەی هەبوو و، وتەبێژی پێنتاگۆن ڕایگەیاند: «ئێمە ڕێز لە بڕیاری حکومەتی عێراق دەگرین و دەست لە بڕیاری حکومەتی عێراق وەرنادەین.» ئەو لێدوانە جیاوازانەی ئیدارەی بایدن سەبارەت بەو هێرشەی کرایە سەر ماڵی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەمریکا بە ترسەوە ماڵە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای عێراق دەکات و نایەوێت ئەزموونی بەجێهێشتنی ئەفغانستان بۆ تالیبان لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو ئامۆژگارییەی پەرویز موشەڕەف (سەرۆکی پێشووی پاکستان) جێبەجێ بکات، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ بە جۆرج دەبلیو بۆشی گوتبوو: «ئەگەر نەتوانی ئاشتەوایییەکی نیشتمانی لە ئەفغانستان بێنیتە ئاراوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە تاڵیبان دووبارە دەسەڵات دەگرێتەوە دەست..»، دیارە ئەمریکا هەتا

**هەڵویستی ئەمریکا بەرامبەر ئەم بارودۆخە هەستیارەی عێراق و ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر ماڵی سەرۆک وەزیران، هەڵویستێکی شەرمنانەی ناجێگرە**

**ئەو لێدوانە جیاوازانەی ئیدارەی بایدن سەبارەت بەو هێرشەی کرایە سەر ماڵی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەمریکا بە ترسەوە ماڵە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای عێراق دەکات و نایەوێت ئەزموونی بەجێهێشتنی ئەفغانستان بۆ تالیبان لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە**

**ئەگەر حەشدی شەعبی بە هەر شێوەیەک بەشداری لە حکومەتی داهاتوو بکات، ئەوا کاریگەری لە پێشان کەمتر نابێت و، هێزی حەشد دەتوانێت دەوڵەتی عێراق ئاراستە بکات، نەک بە پێچەوانەوە حەشد بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عێراقەوە**

**کاندیدکردنی کازمی بۆ ئەو پۆستە و ڕازیبوونی لایەنەکانی حەشدی شەعبی بە کاندیدکردنی، ڕازیبوونێکی ناچاری بووە و، شەخسی نووری مالیکی ئەم ڕاستییەی نەشاردووەتەوە کە ئەوان لە سەر کاندیدکردنەکە ڕازی نەبوون، بەڵام دژی ڕانەوەستاون**

**کاندیدکردنی کازمی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی کاتیی عێراق و زەمینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، پشتیوانییەکی گەورەی کورد و سوننەی لێ کرا، زیاد لەمەش لە هەنگاوەکانی بۆ گێڕانەوەی شکۆ بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق، دیسان لەلایەن کورد و سوننەوە پشتیوانیی گەورەی لێ کرا**

**لە ماوەی ئەو ساڵ و چەند مانگەی کازمی سەرۆک وەزیرانی کاتیی حکومەتی عێراق بووە، زۆر بە نەرمی ئیحتوای توورەبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردووە و، زەمینەی ئەوەی بۆ نەڕەخساندوون کە بە زەبری چەک ئامانجەکانیان بێننەدی**

ئەمساڵیش کە لە ئەفغانستان کشایەوە، نەیتوانی ئەو ئاشتەواییە نیشتمانییە لەنێوان لایەنەکانی ئەفغانستان بێنێتەدی، بۆیە پاش چەند هەفتەیەك لە کشانەوەی ئەمریکا، تالیبان توانی کابول بگرێتەوە، هەر بۆیە لە حاڵەتی عێراقیشدا کە ئەمریکا بەنیازە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو ئەرکی مانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا لە جەنگاوەرییە بگۆڕێت بۆ ڕاوێژکاری، ئەگەر ئەو دەرفەتە لە دەست بدات و، هاوکار نەبێت بۆ ئەوەی جۆرە پێکەوە سازانێك لەناو ماڵی شیعە دروست بکات و، دەروازەیەك بۆ پێکهێنانی حکومەت نەکاتەوە، ئەوا لەوانەیە هەمان سیناریۆی ئەفغانستان لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق دووبارە ببێتەوە.

لە بەرامبەر هەڵوێستی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گشتی و فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بەتایبەتی بەردەوام لەگەڵ لایەنە شیعەکان بە پلەی یەکەم و کورد و سوننەش بە پلەی دووەم لەسەر خەتن و لە نزیکەوە چاودێریی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن و، بە ئاشکراش ئامانجیان ئەوەیە کە هەردوو لایەنی (سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) بگەنە چارەسەرێکی مامناوەندی و هەروەها داواشیان لە لایەنەکانی حەشدی شەعبی کردووە، کە بە ئاکامی هەڵبژاردن ڕازی بن و، هەنگاو بۆ چۆنیەتی وەبەرهێنان لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بکەن، ئەم هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سوپای پاسداران لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە کردەیی هێز لە دەستی هێزەکانی حەشدی شەعبیدایە، بۆیە ئەگەر حەشدی شەعبی بە هەر شێوەیەك بەشداری لە حکومەتی داهاتوو بکات، ئەوا کاریگەری لە پێشان کەمتر نابێت و، هێزی حەشد دەتوانێت دەوڵەتی عێراق ئاراستە بکات، نەك بە پێچەوانەوە حەشد بکەوێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عێراقەوە، لەم چوارچێوەیەشدا وەك سوپای پاسداران ئامانجیەتی، ئەو پرۆسە سیاسییە کۆن و تەقلیدییەی عێراق کۆتایی پێ دێت کە ئامانجیەتی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و، لە شوێنی ئەو مۆدێلێکی هاوشێوەی حزبوڵای لوبنانی لە ناو حکومەتی داهاتووی عێراقدا دروست دەبێت.

## ● پەیامی کوادکۆپتەر و ڕاجیمەکان لە هەوڵی تیرۆرکردنی کازمیدا

هەر دوو لایەنی سەرەکیی حەشدی شەعبی کە لە ناو میدیا جیهانییەکاندا لەم هێرشەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت، بریتین لە (کەتائیبی حزبوڵا و عەسائیبی ئەهلی حەق)، بەڵام هەردوولاشیان زۆر بە توندی ئەم تۆمەتە ڕەت دەکەنەوە و پەنجەی تۆمەت بۆ (ئەمریکا و ئیسرائیل) درێژ دەکەن و، لە کاتێکیشدا سەرکۆنەی هێرشە درۆنییەکە دەکەن، لە هەمانکاتدا بە توندی سەرکۆنەی کوشتنی خۆپیشاندەرانی بەردەمی ناوچەی سەوزیش دەکەن.

ئەگەر لێرەدا گریمانەی ئەوە بکەین، ئەو لایەنەی لە ماوەی هەفتەیەکدا دوو جار هەوڵی داوە سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق تیرۆر بکات، ئامانجێکی لەم کارەدا هەیە و سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق وەك ئاستەنگێك لە بەردەم ئەو ئامانجە دەبینێت کە ئەو لایەنانە هەوڵی بۆ دەدات، پرسیار ئەوەیە دەبێت ئەو ئامانجە چی بێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەگەر سەیری کاردانەوەی سەرۆك وەزیران بکەین، ئەو ڕاشکاوانە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە بە باشی دەزانێت ئەو لایەنە کێیە کە ئەو کارانەی ئەنجام داوە، لەمەش گرنگتر وەك میدیاکان ئاماژەیان پێ کردووە، هاتنی ئەم جارەی ئیسماعیل قائانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بانگهێشت و داوای سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە، بۆیە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەوڵی کوشتن و تیرۆرکردنی کازمی دەستێکی ناوخۆی نێوماڵی شیعەی لە پشت بووە، ئەوجا ئەو گرووپە بە فەرمانێکی دیاریکراوی لایەنێکی سیاسی ئەو کارەی ئەنجام دابێت، یان سەربەخۆ، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. وەك ڕۆژنامەی فاینەنشیال تایمز لە وتارێکیدا بە ناونیشانی: «ئایندەی عێراق لە بەردەمی مەحەکدا» ئاماژەی پێ کردووە، لە دوای کوژرانی (قاسم سولەیمانی و مەهدی موهەندیس)ەوە، بەشێك لە گرووپ و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی

کۆنترۆڵ ناکرێن و، کاری سەربەخۆ و بێ پرس ئەنجام دەدەن، بە هەر حاڵ هەر چۆنێک بێت و چۆن ئەو کارە ئەنجام درابێت، ئەوا کاردانەوەکانی سەرۆک وەزیران ئەم کارە دەخاتە ناو چوارچێوەی ئەو گرووپ و میلیشیایانەی کە لە ناو حەشدی شەعبی بوونیان هەیە.

ئەگەر سەیری کاردانەوەکانی گرووپەکانی حەشدی شەعبی-یش بکەین، بە تایبەتی هەردوو گرووپی (کەتائیبی حزبوڵڵا و عەسائیبی ئەهلی حەق) کە ئەم دوولایە زیاتر بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و ڕەتکردنەوەی هێرشەکان لە میدیاکانەوە دەردەکەون، ئەوا ئەوانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ڕازین بە دانانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، بە مەرجێ نوێنەری حەشدی شەعبییش لە ناو لیژنەکە بێت، بە قسەی ئەوان بۆ ئەوەی ئاراستەی لێکۆڵینەوەکان دروست بن، و شتی دروستکراوی تیا نەبێت، لەسەر بنەمای ئەم قسە و لێدوانانە، وا دەردەکەوێت کە هەردوو لایەنی ناوبراو لە خۆیان دڵنیان ئەم هێرشانە شانی ئەوان ناگرێتەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەتوانن لێی دەرباز بن و، ئەوەشی ئامانجیان بووە لە ناردنی پەیامەکانیان سەرکەوتوو بوون.

لێرەوە ئەگەر لە چوارچێوەی سەربازیی ئەو هێرشانە بێینە دەرەوە و، خوێندنەوەیەکی سیاسییانەی بۆ بکەین، ئەوا زۆر بە سادەیی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لایەنەکانی حەشدی (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە) بە دووبارە کاندیدکردنەوەی مستەفا کازمی لەلایەن موقتەدا سەدرەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق ڕازی نین و لایان پەسەندکراو نییە و، ئەگەر ئەم ئاستەنگە لابەرن، ئەوا ئاراستەی هاوکێشە سیاسییەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو وەردەچەرخێت و، ئاراستەیەکی دیکە دەگرێت و، ئەو ئاراستە تازەیەش بەدڵی لایەنەکانی حەشدی شەعبی دەبێت و، لەوانەشە گەیشتن بەم دەرەنجامە پرسیارێک بورووژێنێت: بۆچی لایەنەکانی حەشدی شەعبی زۆر بە توندی کاندیدکردنەوەی مستەفا کازمی ڕەت دەکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بە چەند خاڵێک دەدەینەوە:

١- کاندیدکردنی مستەفا کازمی وەک سەرۆک وەزیرانێکی کاتی لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی، دوای ڕەتکردنەوەی ژمارەیەک کاندید هات، کە یەک لە دوای یەک کاندید دەکران، بەڵام سەرەنجام هەر یەکەیان لە بەر هۆکارێک ڕت دەکرانەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کاندیدکردنی کازمی بۆ ئەو پۆستە و ڕازیبوونی لایەنەکانی حەشدی شەعبی بە کاندیدکردنی، ڕازیبوونێکی ناچاری بووە و، شەخسی نووری مالیکی ئەم ڕاستییەی نەشاردووەتەوە کە ئەوان لە سەر کاندیدکردنەکە ڕازی نەبوون، بەڵام دژی ڕانەوەستاون.

٢- کاندیدکردنی کازمی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی کاتیی عێراق و زەمینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، پشتیوانییەکی گەورەی کورد و سوننەی لێ کرا، زیاد لەمەش لە هەنگاوەکانی بۆ گێڕانەوەی شکۆ بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق، دیسان لەلایەن کورد و سوننەوە پشتیوانیی گەورەی لێ کرا.

٣- لە ماوەی ئەو ساڵ و چەند مانگەی کازمی سەرۆک وەزیرانی کاتیی حکومەتی عێراق بووە، زۆر بە نەرمی ئیحتوای تووڕەبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردووە و، زەمینەی ئەوەی بۆ نەڕەخساندوون کە بە زەبری چەک ئامانجەکانیان بێننەدی، بەڵکو ڕەفتارە نەرمەکانی کازمی (هەروەک چۆن لە هێرشەکانی ئەم دواییەشدا هەمان میتۆدی پیادە کرد) وەک هۆکارێک سەیر دەکرێت بۆ دۆڕاندنی لایەنەکانی سەر بە حەشدی شەعبی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی عێراقدا، هەروەها سەرکەوتنی سەدر و زیادبوونی ژمارەی کورسییەکانیشیان هەروەک بەرەنجامی سیاسەتەکانی کازمی سەیر دەکرێن، بۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە لایەنەکانی حەشدی شەعبی هۆکاری سەرەکیی دۆڕاندیان لە هەڵبژاردنی ئەم جارە بە مستەفا کازمی دەزانن و، لەوەش دڵنیان ئەگەر ئەم جارە دووبارە سەدر کاندیدی بکاتەوە، ئەوا دەتوانێت بە سیاسەتی نەرم هێزەکانی حەشد زیاتر پەڕ و باڵ بکات.

٤- سیاسەتەکانی کازمی لە ماوەی ئەو ساڵ و چەند مانگەدا، بووە هۆکاری ئەوەی بتوانرێت کۆنگرەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەت گرێ بدرێت، ئەمە جیا لەوەی پشتیوانی بۆ گێڕانەوەی

**لایەنەکانی حەشدی شەعبی هۆکاری سەرەکیی دۆڕاندیان لە هەڵبژاردنی ئەم جارە بە مستەفا کازمی دەزانن و، لەوەش دڵنیان ئەگەر ئەم جارە دووبارە سەدر کاندیدی بکاتەوە، ئەوا دەتوانێت بە سیاسەتی نەرم هێزەکانی حەشد زیاتر پەڕ و باڵ بکات**

**سیاسەتەکانی کازمی لە ماوەی ئەو ساڵ و چەند مانگەدا، بووە هۆکاری ئەوەی بتوانرێت کۆنگرەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ بونیادنانەوەی عێراق وەک دەوڵەت گرێ بدرێت، ئەمە جیا لەوەی پشتیوانی بۆ گێڕانەوەی شکۆ بۆ دەوڵەتی عێراق، بووەتە خواستێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی**

**لە ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەدا دوو لایەن لە موقتەدا سەدرەوە زۆر نزیکن، کە ئەوانیش ڕەوتی حیکمەیە بە سەرۆکایەتیی عەمار حەکیم و هاوپەیمانیی نەسرە بە سەرۆکایەتیی د.حەیدەر عەبادی، ئەم هاوپەیمانییە بە هەردووکیان تەنیا چوار کورسییان بەدەست هێناوە**

**موقتەدا سەدر ناتوانێ گرەو لەسەر عەمار حەکیم بکات، لەبەر ئەوەی بڕیاری داوە بەشداریی حکومەت نەکات، هەروەها ناشتوانێت گرەو لەسەر حەیدەر عەبادی بکات، لە بەر ئەوەی گرەوکردن لەسەر ئەسپی دۆڕاو، هەمان ئاکامی ساڵی ٢٠١٨ی دەبێت**

**قسەی ئەخیر لای ئێران و سوپای پاسدارانە، ئەگەر ئەو کاندیدە خۆڵەمێشییە بە دڵی کۆماری ئیسلامی بێت، ئەوا سەدر هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە و دەبێت وەک ساڵی ٢٠١٠ پیرۆزبایی لێ بکات»**

**ئامانجی حەشدی شەعبی ئەوەیە کە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا، دوو دەوڵەت هەبێت، دەوڵەتێکیان نوێنەرایەتیی عێراق بکات وەک دەوڵەت، دەوڵەتێکشی نوێنەرایەتیی شیعە بکات، وەک سیستمی ویلایەتی فەقێ و پێشێلکردنی سنوورەکان**

شکۆ بۆ دەوڵەتی عێراق، بووەتە خواستێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی و، هەروەها پشتگیرییەکی گەورەش بۆ سیاسەتەکانی کازمی، ئەمە وای کردووە، مودێلی حزبولڵای لوبنانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەرەو لاوازی ببات، بۆیە حەشد نایانەوێت کازمی جارێکی دیکە سەرۆك وەزیران بێت، هەتا ئەگەر زەمینەش بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەی لەبار بێت.

ئەگەر لە ناو بیانوو و ئامانجەکانی حەشد ئەم پرسیارە بکەین: ئایا حەشد دەیەوێت ئەو کەسایەتییە کێ بێت کە بکرێت کاندید بکرێت بۆ سەرۆك وەزیرانی ئایندەی عێراق؟ دیارە ڕەفتارە ئاشکرا و نهێنییەکانی حەشد و ئەو نامانەی لە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەوە بۆ موقتەدا سەدر دەنێردرێن، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، لەمەشدا پرسیاری دیکە ئەوەیە: ئایا حەشدی شەعبی بە هەموو کاندیدێکی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ڕازی دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە هێزی حەشد لە ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەدا، وەڵامەکەش لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەین:

- لە ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەدا دوو لایەن لە موقتەدا سەدرەوە زۆر نزیکن، کە ئەوانیش ڕەوتی حیکمەیە بە سەرۆکایەتیی عەمار حەکیم و هاوپەیمانیی نەسرە بە سەرۆکایەتیی د.حەیدەر عەبادی، ئەم هاوپەیمانییە بە هەردووکیان تەنیا چوار کورسییان بەدەست هێناوە، بۆیە موقتەدا سەدر ناتوانێ گرەو لەسەر عەمار حەکیم بکات، لە بەر ئەوەی بڕیاری داوە بەشداریی حکومەت نەکات، هەروەها ناشتوانێت گرەو لەسەر حەیدەر عەبادی بکات، لە بەر ئەوەی گرەوکردن لەسەر ئەسپی دۆڕاو، هەمان ئاکامی ساڵی ٢٠١٨ی دەبێت.
- هەردوو لایەنی بەهێز لە ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە (هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایە بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی، هاوپەیمانیی فەتحە بە سەرۆکایەتیی هادی عامری)، ئەم دوو لایەنە پێکەوە نزیکەی ٥٠ کورسییان هەیە و، هەردوو لاش توانای گەورەکردنی هاوپەیمانییەکانیان هەیە بۆ زیاتر لە ٣٠ کورسیی دیکە و، هەردوو لاشیان وەك دوو پشتیوانی گەورەی حەشدی شەعبی سەیر دەکرێن، لەمەش زیاتر، لەگەڵ موقتەدا سەدر زۆر کۆك نین، بە تایبەتی لەگەڵ نووری مالیکی هەر زۆر توندن، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کاتێك نووری مالیکی سەرۆك وەزیران بووە، شەڕی لەگەڵ جەیشی مەهدیی سەر بە موقتەدا سەدر کردووە و، لەمەوە دژایەتییەکی توند و کەسی لە نێوان سەدر و مالیکیدا هەیە.
- بەپێی هەندێك سەرچاوەی دزەپێکراو بۆ تەلەفزیۆنە عێراقییەکان، موقتەدا سەدر لە وەڵامی تەلەفۆنەکەی د.حەیدەر عەبادیدا کە پێی ڕاگەیاندووە بە هیچ جۆرێك لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کاندیدکردنەوەی مستەفا کازمی قبووڵ ناکەن، بەڵام ئەگەر کاندیدێکی تەوافقی بێت، ئەوا سەدر پێی باشە حەیدەر عەبادی بێت، ئەوا ئەم کاندیدەی سەدر جارێکی دیکە لەلایەن حەشدەوە ڕەت دەکرێتەوە، هەروەك چۆن لە ٢٠١٨ هاوپەیمانیی فەتح ڕەتی کردەوە.
- کەواتە ئەگەر هەوڵەکان بۆ ئەو ئامانجە کۆبکرێنەوە، کە شیعە لە ناوخۆیاندا لەسەر کاندیدێکی تەوافقی ڕێك بکەون، ئەوا دەمێکە لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەوە کاندیدی سەدریی تۆخ ڕەت کراوەتەوە، بۆیە لێرەوە دەبێت بۆ کاندیدێکی خۆڵەمێشیی تەوافقی بگەڕێن، کە ئەو کاندیدە خۆڵەمێشییە بەلای فەتح و حەشدەوە لە نووری مالیکی باشتر نییە، بەڵام ئایا سەدر ئامادە دەبێت بە مالیکی ڕازی بێت و ڕق و کینەی تێکشکاندنی جەیشی مەهدی لە بیر خۆی بەرێتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا چاودێرێکی ئاگادار گوتی: «قسەی ئەخیر لای ئێران و سوپای پاسدارانە، ئەگەر ئەو کاندیدە خۆڵەمێشییە بە دڵی کۆماری ئیسلامی بێت، ئەوا سەدر هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە و دەبێت وەك ساڵی ٢٠١٠ پیرۆزبایی لێ بکات».

سەرەنجام لەو هەموو بێنە و بەردەیەدا، ئامانجی حەشدی شەعبی ئەوەیە کە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا، دوو دەوڵەت هەبێت، دەوڵەتێکیان نوێنەرایەتیی عێراق بکات وەك دەوڵەت، دەوڵەتێکشی نوێنەرایەتیی شیعە بکات، وەك سیستمی ویلایەتی فەقێ و پێشێلکردنی سنوورەکان. پرسیار لێرەدا

ئەوەیە: ئایا ئەمە لەناو یەک دەوڵەتدا جێگەی دەبێتەوە؟ ئەمە پرسیارێکە ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا وەڵامی دەداتەوە.

## • ئایندەی عێراق

لە نێو گێژاوی پاشاگەردانیی نێوماڵی شیعەدا هەموو گرووپەکانی حەشدی شەعبی بە گشتی و، لایەنە ئیسلامییەکانی شیعەش لەوە دڵنیا بوونەوە، کە کورد و سوننە خۆیان تێکەڵاوی ئەوە ناکەن کە لایەنە ئیسلامییەکانی شیعە چ کەسایەتییەك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو کاندید دەکەن و، ئەمەش بە کێشەیەکی ناوماڵی ئیسلامی سیاسیی شیعە دەزانن و، دەخوازن دوای ئەوەی ئەوان خۆیان ئەم کێشەیە بە لایەکدا دەخەن، ئەو کات کورد و سوننە لەسەر بەرنامە و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق قسەیان هەبێت.

ئەم واقیعە ئەوەمان پێ دەڵێت، حەشدی شەعبی کێشەی ئەوەی نییە کە کاندیدی داهاتووی سەرۆك وەزیرانی عێراق کەسێکی ئیسلامی سیاسیی شیعەیە، یان عەلمانی بێت، ئەو دەزانێت هەر کەسێك کاندید بکرێت، هەر ئیسلامی سیاسیی شیعە دەبێت و، مەرجەعییەتی نەجەف و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش پشتگیری دەکەن، بەڵام حەشدی شەعبی هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کاندیدی داهاتووی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەگەر ئەندامی لایەنێکی حەشدیش نەبێت، بەڵام وەك حەشد بیر بکاتەوە و، وەك حەشد سەیری ئایندەی پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری لە عێراقدا بکات و، عێراق بەو جۆرە بێت کە حەشد ئومێدی بۆ دەخوازێت، کە دەکرێت ئەو عێراقەی حەشد بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ بکەین:

• حەشد نایەوێت دەستووری عێراق نەخشەی ڕێگە بێت بۆ بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی، بە پێچەوانەوە حەشد دەیەوێت دەستوور ئامرازێك بێت بۆ دروستکردنەوەی ئەو دەوڵەتەی کە خۆی ئامانجیەتی، بۆ ئەمەش چۆنی بوێت بەو جۆرە دەستوور تەفسیر دەکات، بۆ نموونە: دەستوور بەو جۆرە تەفسیر دەکات کە فراکسیۆنی گەورە دوای هەڵبژاردن لە ناو پەرلەمان دروست دەکرێت، نەك بە ڕێگەی سندوقی دەنگدان، ئەمەشیان ماوەی ١٢ ساڵە بۆیان چووەتە سەر و ئێستاش هەر داوای ئەوە دەکەن.

• ئەگەر ئیسلامی سیاسی لە ناو خۆیان کێشەیان نەبێت، یان ئەگەر بە ناچاریش ڕێك بکەون، بۆ ئەوەی عێراق نەبێتەوە بە دەوڵەتێکی هاوچەرخ، ئەوا بە ڕێگەی دەستوور و بە تەفسیری حەشدی باسی حوکمڕانیی زۆرینە و کەمینە دەکەن و، لەمەشدا ئاشکرایە کورد و سوننە پێکەوە لە کۆی ٣٢٩ کورسیی پەرلەمان، کورسییەکانیان لە ١٣٠ کورسی تێپەڕ ناکات، بەمەش حوکمڕانیی زۆرینە بۆ شیعە مسۆگەرە، ئەم خواستە خواستی نووری مالیکی بوو لە خولی دووەمی سەرۆك وەزیرانیدا.

• دەوڵەتی عێراق ئەگەر بە فەرمیش ناوی (کۆماری ئیسلامیی عێراق) نەبێت، ئەوا حەشد هەوڵ دەدات بە کردەوە عێراق کۆماری ئیسلامی بێت و، یاساکانیشی بە هاوشێوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی «ویلایەتی فەقیە» بێت، ئەمەشیان کردووە و بە گوشاری ناو پەرلەمان کردوویانە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی حەشدی شەعبی ئەم خواستەی بۆ ئایندەی دەوڵەتی عێراق هەیە، بەڵام ئەم خواستە تەنیا لە بەشە عەرەبییەکەی شیعە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە واقیع، سەبارەت بە ناوچەکانی عەرەبی سوننە، وەك ئاکامەکانی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژەی پێ دەکەن، عەرەبی سوننە لە ئیسلامی سیاسیی سوننە بێزارە، ئیدی چۆن بە ئیسلامی سیاسیی شیعە ڕازی دەبێت؟ ئامانجی سەرەکیی کوردیش کە هەرگیز نەیشاردووەتەوە، پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکانە، ئەگەر ئیسلامی سیاسیی شیعە ئاقڵانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی بەشەکەی عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان و داواکارییەکانی بکات، لەوانەیە بەشێك لە ئامانجەکانیان بێتەدی، بەپێچەوانەوەشەوە ئەوا جیا لەوەی مەرگی حوکمڕانیی خۆیان ڕادەگەیەنن، لە هەمان کاتدا عێراقیش دەگاتە هەڵدێر و لە لێواردا ناگیرسێتەوە.

**حەشدی شەعبی هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کاندیدی داهاتووی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەگەر ئەندامی لایەنێکی حەشدیش نەبێت، بەڵام وەک حەشد بیر بکاتەوە و، وەک حەشد سەیری ئایندەی پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری لە عێراقدا بکات**

**عەرەبی سوننە لە ئیسلامی سیاسیی سوننە بێزارە، ئیدی چۆن بە ئیسلامی سیاسیی شیعە ڕازی دەبێت؟**

**ئەگەر ئیسلامی سیاسیی شیعە ئاقڵانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی بەشەکەی عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان و داواکارییەکانی بکات، لەوانەیە بەشێک لە ئامانجەکانیان بێتەدی، بە پێچەوانەوەشەوە ئەوا جیا لەوەی مەرگی حوکمڕانیی خۆیان ڕادەگەیەنن، لە هەمان کاتدا عێراقیش دەگاتە هەڵدێر و لە لێواردا ناگیرسێتەوە**

# دیمانەی تایبەت



ڕۆبی بارێت خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، کاروبارە سەربازییەکان، هەروەها توێژینەوەی ئەنجام داوە لە بارەی کاروبارەکانی چەند وڵاتێکی ناوچەکە، وەك عێراق و ئێران و سعودیە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند بابەتێکی لەگەڵدا تاوتوێ و شرۆڤە کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**ڕۆبی باریت**
**تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# جۆ بایدن پلانێکی ڕوونی بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق نییە

*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆی بایدن دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا هەوڵدەدات پتر خۆی لە کێشە و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیەوە تێوەبگلێنێت، یان ئەوەتا هەموو کۆششێك دەکات بۆ بە خۆبەدوورگرتن و دوورکەوتنەوە لە قەیران و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە؟ ئێوە لەم ڕووەوە چۆن وەسفی سیاسەتەکەی دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا نیگەرانیی من لە سەروەختی دەستنیشانکردنی بەرپرسەکانی ئیدارەکەیدا ئەوە بوو کە هەمان ئەو کەسایەتییانەی دامەزراندن کە لە سەروەختی ئیدارەی ئۆبامادا کاربەدەست و بەرپرس بوون، ئەم بەرپرسانەش لەو کاتەدا ئەدایەکی باش و بەرچاویان نەبوو. هەر چەندە سەروەختی ئیدرەی ئۆباما ڕۆژگارێکی پڕ لە گۆڕانکاری و پەرەسەندنی گەورە و بەرچاو بوون لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی ئەگەر ئاماژە بە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی بکەین. من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هیچ بیرکردنەوەیەکی نوێ بەدی ناکەم لەم ئیدارەیەی سەرۆك جۆ بایدن، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە بە چەشنی ئۆباما، سەرۆك جۆ بایدنیش پتر سەرقاڵە بە ئەجێندا و کارنامە ناوخۆییەکەیەوە و لەم ڕووەوە نایەوێت ڕەخنە لە ئیسرائیل بگرێت لەسەر بەرفراوانکردنی کۆمەڵگە جوولەکەنشینەکان، یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لە پەیوەندی بە سعودیە و شەڕی یەمەنەوە، کە ئەم ئیدارەیە ڕایگەیاندووە تەنیا ئەو چەکانە بە سعودیە دەفرۆشێت کە بۆ مەبەستەکانی بەرگریکردن بەکار دەهێندرێن، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کە دەکرێت ئەم چەکانە بۆ مەبەستەکانی هێرشبردنیش بەکار بهێندرێن. کەواتە گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی

**گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ سیاسەتداڕێژەران و بڕیاربەدەستانی ئەمریکا کارێکی زەحمەتە، چونکە پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردن و ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە**

**ئێستا ژمارەیەکی زیاتری ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا بە دیموکراتی و کۆمارییەکانەوە زیاتر ئەو قەناعەتەیان لا گەڵاڵە و دروست بووە، کە دەبێت سیاسەت و هەڵوێستێکی پتر سەختتر و توندتر لە ئاست وڵاتی ئێراندا بگیرێتەبەر**

**عێراق بەدەر لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەردەوام شکستی هێناوە لە بەدیهێنانی سەقامگیرییەک کە مایەی ڕەزامەندی هەمووان بێت، لە پابەندبوونی بە پرۆسە دیموکراتییەکانیشەوە سەرکەوتوو نەبووە**

**دەکرێت حکومەت و پەرلەمانێک هەبێت لە عێراقدا کە بیەوێت لەگەڵ ئەمریکا دەست بە گفتوگۆی جددی بکات**

**چەند جارێکی پێشنیاری ئەنجامدانی کۆنفرانسێکم کردووە لە سەر ئاستی ناوچەکە بۆ ئەوەی لە ڕووی دیپلۆماتییەوە وڵاتانی ئەم ناوچەیە کار لەگەڵ یەکتریدا بکەن**

گەورە بەدی ناکەین لەم ڕووەوە. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ سیاسەتداڕێژەران و بڕیاربەدەستانی ئەمریکا کارێکی زەحمەتە، چونکە پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردن و ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە و لە کۆتاییشدا سەردەکێشێت بۆ دژوارکردنی زیاتری باروگوزەرانی گەلانی ئەم ناوچەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەفغانستانەوە، ئەوا لەڕاستیدا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە ئەو بڕیارە (کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە) بە هەموو پێوەرەکانی بڕیارێکی قورس بوو لە ڕووی سیاسییەوە، ڕاستە ڕەخنە و سەرزەنشتێکی زۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن کرا، لەسەر ئەو پرسە و ئاماژە بەوە کرا کە ئەمە میسداقیەتی ئەمریکا بۆ پابەندبوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ئەمریکا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لەو وڵاتەدا مایەوە و پابەندبوون بە پاراستن و هاوکاریکردن و یارمەتیدانیەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ٢٠ ساڵ پابەند بوون بەس نەبێت بۆ میسداقییەت، ئەوا دەبێت ئەمریکا چەند ساڵی دیکە بمایەتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە دەیەوێت پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات؟ کەواتە ئەگەر پرسەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا دوو پاڵنەر و پایەی سەرەکی کە بوونەتە بناغەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و دەکرێت ئاماژەیان پێ بکەین، یەکەمیان بریتییە لە خەم و نیگەرانیی ئەم ئیدارەیە بۆ پرس و ئەجێندا ناوخۆییەکان، دووەمیان ئەوەیە کە دژوارە بۆ کاربەدەستان و بڕیاربەدەستانی ئەمریکا دەست بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە ببەن لە سیاسەتی وڵاتەکەیان لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. خاڵێکی دیکە، یان پەرەسەندنێکی دیکە کە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئێستا ژمارەیەکی زیاتری ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا بە دیموکراتی و کۆمارییەکانەوە زیاتر ئەو قەناعەتەیان لا گەڵاڵە و دروست بووە، کە دەبێت سیاسەت و هەڵوێستێکی پتر سەختتر و توندتر لە ئاست وڵاتی ئێراندا بگیرێتەبەر.

*** ئەی چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق دەڕوانیت، کە ئێمە دەزانین ئەم دوو وڵاتە گفتوگۆی ستراتیژییان لە نێوانیاندا ئەنجام داوە و، ڕێککەوتنیان لەسەر پرسی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا کردووە، ئایا پێت وایە پەرسەندنەکانی ئەم دواییەی عێراق، هەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان و دواتر هەوڵی کوشتنی سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتە هیچ دەرئەنجام و کاریگەرییەکی لێ بکەوێتەوە لە سەر ئایندەی ئەم پەیوەندییانە؟**

- ڕاستە بۆ من کارێکی زەحمەتە پێشبینیی ئەوە بکەم کە ئایندەی ئەم پەیوەندییانە چۆن دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ فاکتەر هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین لەم ڕووەوە. من پێم وایە عێراق بەدەر لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەردەوام شکستی هێناوە لە بەدیهێنانی سەقامگیرییەك کە مایەی ڕەزامەندی هەمووان بێت، لە پابەندبوونی بە پرۆسە دیموکراتییەکانیشەوە سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، بە تایبەتی کە ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم وڵاتە بۆ ماوەی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵە شەڕێکی کاولکاری بەخۆوە بینیوە، ئەوەی پێی دەڵێن ئەمیرەکانی شەڕ لەم وڵاتەدا دروست بوون، هەروەها دابەشبوونی ئایینی و ئیتنی لەم وڵاتەدا هاتووەتەئاراوە و درێژەی هەیە. لەبەر ئەوە مایەی سەرسوڕمان نییە کە عێراق نەتوانێت لە مەودای کورتخایەندا ڕێگایەك بەرەو پابەندبوون بە پرۆسە دیموکراتییەکان و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو بەدیهێنانی سەقامگیری بگرێتەبەر. ئەگەر ئێستاش پرسیارەکە پەیوەست بێت بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدنەوە لە ئاست عێراقدا، ئەوا دەکرێت بڵێین کە ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی نییە لە ئاست ئەم وڵاتەدا و ئەوەی بەدی دەکرێت، تەنیا ڕەوت و ئاراستەیەکی گشتییە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئیدارەدانی ئەمریکا پیادەیان کردووە، کە ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی عێراق بۆ چاودێریکردنی ئێران و لەم ڕووەوەشەوە هەوڵی ئەمریکا بۆ ئەوە بووە کە بنکەی سەربازی لە عێراقدا بهێڵێتەوە، بەتایبەتی کە ئێستا ئەمریکا هیچ بنکە و هێزێکی لە ئەفغانستاندا نەماوە، کە دەوڵەتێکی دراوسێی



ئێرانە، هەرچۆنێك بێت من هیچ ڕایەڵێك بەدی ناکەم لە نێوان هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەدیهێنانی سەقامگیری لەو وڵاتەدا کە ئەمە دەرئەنجامێکی هەموومان خوازیاری بەدیهێنانین. دواتر و ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەوەیە کە عێراقییەکان و نوخبەی حوکمڕانی عێراقی نایانەوێت هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە. هەرچۆنێك بێت هێشتا ڕوون نییە ئایا ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەیەوێت ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراقدا چۆن بێت، چونکە هێشتا پرسی داعش و چەندین پرس و پەرەسەندن و پێشهاتی دیکە لە ئارادان، وەك بارودۆخی سووریا و باکووری سووریا و کورد و دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی تورکیا لە بەشی باکووری سووریا، کە بوونە هۆی خوڵقاندنی بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز، کە هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان هەیە لە سەر ئەوەی ئاراستە و ئایندەی پەیوەندییەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن. کەواتە من دووپاتی دەکەمەوە ئێمە نازانین نیاز و پلانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن چییە بۆ جۆری پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق، چونکە تا ئێستا سیاسەت و دەستپێشخەرییەکی ڕوونمان لەم ئیدارەیەوە بەدی نەکردووە لە ئاست ئەم پرسەدا. بەڵکو ئەوەی بەدی کراوە، درێژەپێدانی بارودۆخە هەنووکەییەکە بووە، منیش لەوە باوەڕەدام کە ئەمە بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە دەکێشێت. لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی عێراقیشەوە ئەوا دەکرێت دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە گۆڕانکاریی بەرچاو بەدی بهێنن، چونکە پێم وایە دەکرێت حکومەت و پەرلەمانێك هەبێت لە عێراقدا کە بیەوێت دەست بە گفتوگۆی جددی بکات لەگەڵ ئەمریکا، من خۆم چەند جارێکی پێشنیاری ئەنجامدانی کۆنفرانسێکم کردووە لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆ ئەوەی لە ڕووی دیپلۆماتییەوە وڵاتانی ئەم ناوچەیە کار لەگەڵ یەکتریدا بکەن و گوزارشت لەوەش بکەن کە ئامانجی ئەوان چییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژئاوا، ئەمەش لەبری ئەوەی هەر وڵاتێك بە تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا، یان ڕۆژئاوادا بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان.

عمران ئەل باداوی

بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هۆستۆن بۆ گوڵان:

# نەبوونی سەرکردایەتییەکی کارا کێشەیەکی بنەڕەتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

عمران ئەل باداوی پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هۆستۆن، دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ، داڕێژەری چەندین پرۆگرامی دیراساتی مرۆیی و زانستییە لەو زانکۆیە، وەك دیراساتی عەرەبی- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیراساتی ئایینی و دیراساتی پەیوەست بە وزە و پەرەپێدان، بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە پتر پەیوەست بوو بە دۆخی ئابووریی جیهانی و ئەگەر و پێشبینییەکان لەم بارەیەوە، هەروەها خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی دیکە.

# دیمانەی تایبەت



*** هەروەك دەزانن سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا کێشەی گەورەی خوڵقاند و، تا ڕاددەیەکیش ژیانی پەك خست لە سەرتاسەری جیهاندا و، ئابووریی زۆر وڵاتی دوچاری پووکانەوە و سستبوون کرد، بەڵام لە ئێستادا جموجووڵ و گەشەیەك بەدی دەکرێت لە بارودۆخی ئابووریی جیهانیدا و، نرخی نەوتیش بە ڕاددەیەکی بەرچاو بەرز بووەتەوە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنە دەڕوانن؟**

- سەرەتا من وەك کەسێك کە لە پێگەیەکی کارگێڕیدام و، هەر کەسێکی دیکە کە لە پێگە و مەکانەتی سەرکردایەتیدا بێت، دەبێت مامەڵە لەگەڵ حەتمییەتی ناسەقامگیریدا بکات، کە ئێستا دەبینین نرخی نەوت بە ڕاددەیەکی باش بەرز بووەتەوە، بەڵام هاوشان لەگەڵیدا نرخی کاڵاکان و هەندێ لە خزمەتگوزارییەکانیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە سەرتاسەری جیهاندا گران بووە، هەر لەم ڕۆژانەدا ڕاپۆرتێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکرایەوە، کە هەڵاوسان بە خێراترین شێوە لە ماوەی سیساڵی ڕابردوو بەرەو هەڵکشان چووە، واتا ڕێژەی ٦٪ ئەمە لە ئەمریکا، ئینجا ئێوە وێنای دۆخەکە بکەن، لە وڵاتێکی وەك عێراق، یان سووریا یان میسر، ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنە ئابوورییانەدا، ئەوە ڕەچاو بکەین کە ئەمە بەرەوپێشچوونێکی ناسەقامگیرە و، ئەم ناسەقامگیرییەش ڕەنگدانەوەی لە سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ئابووری لە جیهاندا دەبێت، بۆ نموونە لە ئێستادا دەبینیت هەندێ وڵاتی هەناردەکاری نەوت وەك عێراق و عەرەبستانی سعودیە، جۆرێك لە باشتربوونی دۆخی ئابوورییان بە خۆوە بینیوە، بەڵام هەر کاتێك نرخی نەوت دابەزی، ئەوا دۆخی ئابووریی ئەم وڵاتانەش

**هەندێ وڵاتی هەناردەکاری نەوت وەک عێراق و عەرەبستانی سعودیە، جۆرێک لە باشتربوونی دۆخی ئابوورییان بە خۆوە بینیوە، بەڵام هەر کاتێک نرخی نەوت دابەزی، ئەوا دۆخی ئابووریی ئەم وڵاتانەش بەرەو داڕووخان دەچێت**

بەرەو دارووخان دەچێت، کەواتە زۆر زەحمەتە لەم بارەیەوە پێشبینی بکەین، چونکە تاکە شتێك لێی دڵنیاین، ئەوەیە کە دووبارە دۆخەکە دوچاری شڵەژان دەبێتەوە، دواتر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی جیهان بۆ هیچ لایەك هەواڵێکی باش نییە، ڕەنگە تەنیا بۆ هەندێ لە ناوەندە ئابوورییەکان و هەندێ لە کۆمپانیاکان هەواڵێکی باش بێت، بەڵام بە تێکڕا هەواڵێکی خۆش نییە بۆ هاووڵاتییانی ئاسایی. هەر لە پەیوەندی بە وڵاتانی هەناردەکاری نەوتەوە، ئەوا کێشەی ئەم وڵاتانە هەر تەنیا ئەوە نییە کە بە ڕاددەیەکی گەورە پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە، بەڵکو بەدەستهێنانی ئەم داهاتەش بەندە بە تێکڕای ئابووریی جیهانییەوە، بە پرسی چۆنیەتیی هەناردەکردنیەوە، کەواتە ئەوەی دەکرێت بەدی بکرێت، ئەوەیە دەبێت پێشبینی ڕۆژگارێکی ناسەقامگیر بکەین، کە لە مەودای کورتدا دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و هەژارەکانیش هەژارتر دەبن.

*** ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت کرد، کێشەی ئەم وڵاتانەش ئەوەیە کە بە ڕاددەیەکی گەورە پشت بە داهاتی یەك سەرچاوە دەبەستن و، لە کاتی دابەزینی نرخی نەوتیشدا دوچاری کێشە و قەیرانی قووڵی ئابووری دەبنەوە و دواتر ئەم دۆخە خراپە ئابوورییەش، کاریگەریی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، پێتان وایە پێویستە ئەم وڵاتانە چی بکەن، بە تایبەتی وڵاتێکی وەك عێراق، بۆ ئەوەی خۆیان لەم دۆخە ناهەموارە لابدەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکە و پەیوەست نییە بە پەتای کۆڤید-١٩وە، چەندین توێژینەوەش لەم بارەیەوە کراون، ئەمەش پرسیارێکی گشتییە و پەیوەندیدارە بەوەی چۆن ئابوورییەك لە سەدەی بیست و یەکدا وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو خۆی لە پشتبەستن بە نەوت دوور دەخاتەوە، ئەمە پرس و مەسەلە سەرەکی و ڕاستەقینەکەیە، چونکە تەنانەت پێش سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید١٩ ئێمە بینیمان وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعودیە و ڕووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە لە پەیوەندی بە نرخی نەوتەوە ململانێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی عێراق، ئەوا بە داخەوە ئەم وڵاتە بەراورد بە وڵاتی سعودیە لە بارێکی نالەبارتردایە کە لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە پلانی ٣٠ ساڵەی هەیە، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان بەسەر ئابووریی وڵاتەکەیدا بهێنێت و پتر پشت بە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و وەبەرهێنان و کەرتەکانی دیکە و، هەروەها پەرەپێدانی مرۆیی ببەستێت، بەڵام لەبەر ئەوەی عێراق دۆخێکی ئەمنیی نائارام و ناسەقامگیری هەیە و، وڵاتێکە ڕووبەڕووی شەڕ و کاولکاری بووەتەوە و، کێشە و ناکۆکیی تایفەگەری و ئیتنی هەیە، ئەوا پلانێکی هاوشێوە نییە بۆ باشترکردن و دروستکردنی وەرچەرخان لە ئایندەی عێراقدا، بەڵام من دەمەوێت بڵێم کە ئەگەر وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەهرەمەند لە سەرچاوە مرۆیی و سرووشتییەکاندا بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەو وڵاتە عێراق بێت، ئەمەش پێویستی بە بوونی سەرکردایەتییەك و بە سەقامگیری و بە ئارامی دەبێت، کە هێشتا بەدیهێنانی ئەم پێداویستی و هەلومەرجانە لە عێراقدا کارێکی زەحمەت و دژوارە، چونکە عێراق پێش ئەوەی بتوانێت هەنگاو هەڵبگرێت بۆ دارشتنی پلانێك بۆ ئایندەی خۆی، پێویستی بە بەدیهێنانی هەندێ بناغە و بنچینە هەیە، من لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە چەند ئایدیایەك بکەم لە بارەی دوورکەوتنەوە لە پشتبەستنی تەواو بە نەوت، ئەوەتا هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە پتر وەبەرهێنان لە وزەی خۆردا دەکەن، وڵاتێکی وەك میسر لە ڕێی دروستکردنی بەنداوەی گەورەوە هەوڵی بەرهەمهێنان کارەبا دەدات، ئەم کارانەش پێویستیان بە کات و کۆشش و ڕێکخستنێکی گەورە هەیە، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا هیچ ئاماژەیەك لە عێراقدا بەم ئاراستەیە بەدی ناکرێت.

*** ئێوە وەك بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شرۆڤەکار، خوێندنەوەتان بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ئەم ناوچەیە چییە و ئایا ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە ئێوەیان زیاتر نیگەران کردووە؟**

- بەڕاستی ئەوەی مایەی نیگەرانییە بۆ

**بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی جیهان بۆ هیچ لایەک هەواڵێکی باش نییە، ڕەنگە تەنیا بۆ هەندێ لە ناوەندە ئابوورییەکان و هەندێ لە کۆمپانیاکان هەواڵێکی باش بێت**

**دەبێت پێشبینی ڕۆژگارێکی ناسەقامگیر بکەین، کە لە مەودای کورتدا دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و هەژارەکانیش هەژارتر دەبن**

**عێراق دۆخێکی ئەمنیی نائارام و ناسەقامگیری هەیە و، وڵاتێکە ڕووبەڕووی شەڕ و کاولکاری بووەتەوە و، کێشە و ناکۆکیی تایفەگەری و ئیتنی هەیە، ئەوا پلانێکی هاوشێوە نییە بۆ باشترکردن و دروستکردنی وەرچەرخان لە ئایندەی عێراقدا**



من، ئەوەیە کە هیچ شتێك گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بەسەردا نەهاتووە، واتە مەسەلەکە ئەوە نییە کە شتێکی خراپ ڕوویداوە، لەبەر ئەوەی ڕاستە هەندێ پەرەسەندنی خراپ و مەترسیدار ڕوویان داوە لە ماوەی ڕابردوودا، وەك هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق و، لە ماوەی ڕابردوودا ئیسرائیل هێرشی کردە سەر غەززە و لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ١٩ بۆ ٢٠ کەس کوژران، بەڵام من دووبارەی دەکەمەوە، کێشەکە تەنیا ڕووداوێك، یان پەرەسەندنێك نییە، بەڵکو ئەگەر ئێمە لە تێکڕای بارودۆخەکە و لە وێنە گشتییەکە بڕوانین، ئەوا هیچ شتێك نەگۆڕاوە، واتە ڕاستە هێشتا چەندین کێشە و ناکۆکی لەم ناوچەیەدا هەن، وەك کێشەی کورد، و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و دۆخ و شەڕی یەمەن، کە ڕەنگە خراپترین دۆخی شەڕی تێپەڕ کردبێت، بەڵام هێشتا بە خراپترین قەیران و تەنگژەی مرۆییدا تێدەپەڕێت، هەروەها سووریا و لیبیاش، کە هەندێ بەرەوپێشچوون لە سووریادا بەدی هاتووە و ڕەنگە بتوانین بڵێین بەرەوپێشچوونی زۆر باشن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بۆی هەیە زۆر بە خێرایی ئەو پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونانە پێچەوانە ببنەوە و دۆخەکە تێك بچێتەوە، لوبنانیش وەك دەوڵەت بارودۆخەکەی زۆر خراپتر بووە، هەروەها نابێت دۆخی ئەفغانستانیش لە یاد بکەین، کە کێ دەزانێت ڕەنگە ئەو وڵاتە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەو کێشانە ئەوەیە کە هیچیان کێشەی نوێ نین، بەڵکو پێشتر و بۆ ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لە ئارادا بوون و هەر بووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە هەندێ لە زانایانی بواری زانسی سیاسی و کۆمەڵناسی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناوچەیەکی شکستخواردوو وەسف بکەن، کە خۆم هاوڕا نیم لەگەڵ ئەم شرۆڤە و خوێندنەوەیەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە تا ئێستا ئێمە سەرکردایەتییەکی ڕاستەقینەمان لەم ناوچەیەدا بەدی نەکردووە، لێرەدا مەبەستم لە بوونی سەرکردەی باش، یان خراپ نییە، بەڵکو مەبەستم لە بوونی سەرکردەی کارایە، واتە کاتێك تۆ لە وڵاتێکی وەك میسر، یان لیبیا دەڕوانیت، ئەوا ڕاستە سەرکردە هەن لەو وڵاتانەدا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا چ کاریگەرییەکیان لەسەر ئابووریی وڵات و لەسەر باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە هەیە و، ئایا چ کاریگەرییەکیان لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە هەیە؟ لە ڕاستیدا ئەمانە مایەی نیگەرانیی منن.

**عێراق پێش ئەوەی بتوانێت هەنگاو هەڵبگرێت بۆ دارشتنی پلانێک بۆ ئایندەی خۆی، پێویستی بە بەدیهێنانی هەندێ بناغە و بنچینە هەیە**



کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا بۆ گوڵان:

# هەنگاوەکانی باشکردنی کارەبامان دەست پێ کردووە و سەدان پڕۆژەمان جێبەجێ کردووە

**٦١٥ مێگاوات کارەبامان زیاد کردووە**

**٣٧ مێگاواتی هایدرۆپاوەری دێرەلۆک لە ساڵی داهاتوو دەکەوێتە کار**


**تێچوونی یەکەیەکی کارەبا لە ١٢٨ دینار بۆ ٧١ دینار کەم کراوەتەوە.**

**بەفیڕۆدانی کارەبا لە ٤٥٪ بۆ ٣٤٪ کەم کراوەتەوە**

**٣٢ پرۆژەی گواستنەوەی کارەبا بە گوژمەی ٢١٤ ملیۆن دۆلار و ٧٣٨ پرۆژەی دابەشکردنی کارەبا بە گوژمەی ١٠٠,٦ ملیار دینار ئەنجام دراون**

**پێوەری زیرەک بۆ یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزار هاوبەش دادەنرێت**

**لە دوو ساڵی ڕابردوودا سێ کاتژمێر کارەبامان زیاد کردووە**



**بونیاتنانی ژێرخانی کارەبا و ڕێکخستنەوەی سیستمی کارەبا بە یەکێك لەو کار و پرسە گرنگانە دادەنرێت، کە کاریگەری لە کۆی پرۆسەی بووژانەوەی ئابووری و بەڕێوەچوونی سێکتەرە جیاجیاکان هەیە و، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەوە هەیە. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا ستراتیژیەتی کەرتی کارەبا بەرەو بونیاتنانی وێستگە و پرۆژەی نوێ و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی کارەبا و ڕێکخستنەوەی دابەشکردنی کارەبا ڕۆیشتووە. بۆ قسەکردن لەسەر چاکسازییەکانی کەرتی کارەبا و هەنگاوەکانی داهاتوو لەم کەرتە گرنگەدا؛ گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارە تایبەتەی لەگەڵ کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا سازدا.**

**به پاڵپشتیی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیمان بە سەرکەوتوویی سەرجەم گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا گۆڕانکاری بەسەردا بێنین و، نرخی تێچوونی یەکەی کارەبا کەم ببێتەوە**

**داوام لە هاونیشتمانیان ئەوەیە ڕەچاوی ئەو هەموو قوربانی و هەوڵانەی وەزارەت بکەن و زیاتر پاڵپشت و هاوکارمان بن**

*** سەرەتا با لەکەرتی بەرهەمهێنانی کارەباوە دەست پێ بکەین؛ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەکرێت بزانین لەم کەرتە چی هەنگاوێکتان ناوە و، ئایا تا چەند گۆڕانکاریی لە شێوازی بەرهەمهێنانی کارەبا و زیادکردنی ئەم سێکتەرە گرنگە ئەنجام دراوە؟**

- لە ساڵی ١٩٩١ـەوە هەرێمی کوردستان جگە لە دوو سەرچاوەی کەمی کارەبا لە هەر دوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی وزە نەبووە، ئەم حاڵەتە تا ساڵی ٢٠٠٦ بەردەوام بوو کە لەگەڵ وشکەساڵی وردە وردە ئەو دوو سەرچاوەیەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردو، حکومەتی عێراقیش ئەو بڕە کارەبایەی کە دەینارده هەرێمی کوردستان ڕایگرت. لە ٢٠٠٦ یەکەم هەنگاوی گرنگ دەستی پێ کرا لە بونیاتنانی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای غازی لە هەولێر، ئەم هەنگاوەش لەگەڵ هەڵکشانی خێرای ژمارەی هاوبەشانی کارەبا و بەرزبوونەوەی خواستی بەکارهێنانی کارەبا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر زیادبوونی ماوەکانی پێدانی کارەبا، لەم کابینەیەدا لە کارنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی باش بە باشکردنی دۆخی خزمەتگوزارییەکان دراوە، ئەگەر تەنیا باسی سێکتەری بەرهەمهێنانی کارەبا بکەین، دەبینین لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا توانیمان ٦١٥ مێگاوات کارەبا زیاد بکەین؛ ٣٠٠ مێگاوات لە وێستگەی هەڵمیی خەبات و ١٦٥ مێگاوات لە گەرمیان و ١٥٠ مێگاوات لە زاخۆ، هەروەها بەرهەمهێنانی ٧٥ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆر لە قۆناغی واژۆکردنی گرێبەستدایە، بەمەش لەم کابینەیەدا توانای بەرهەمهێنانی کارەبامان گەیاندە ٧٠٥٢ مێگاوات. هەردوو وێستگەی هەڵمیی خەبات و وێستگەی ١٦٥ مێگاواتی گەرمیانیش بە وێستگەی ژینگەپارێز دادەنرێن و ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی دەردانی ئەو غازە ژەهراوییە هەیە، کە لەکاتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەچێتە دەرەوە، بۆ یەکەمین جاریشە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان وێستگەیەکی کارەبا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو گازە بەفیڕۆچووەی کێڵگە نەوتییەکان دادەنرێت کە لەکاتی بەرهەمهێنانی کارەبا گازەکە دێتە دەرەوە و نەك تەنیا بەفیڕۆ دەچوو، بەڵکو دەبووە هۆی پیسبوونی ژینگەی ناوچەکەش لە گەرمیان، لە ساڵی داهاتووشدا ٣٧ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی هایدرۆپاوەرەوە لە وێستگەی دێرەلۆك بەرهەم دەهێنین، هەموو ئەم هەنگاوانە نەك تەنیا ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبای زیاد کرد، بەڵکو پابەندی ژینگەپارێزی و کەمبوونەوەی تێچوونیش بووین، بەتایبەتی کە زۆربەی هەرە زۆری یەکەکانی بەرهەمهێنانمان لە گازوایلەوە (کە تێچوونی زۆر بوو) گۆڕی بۆ بەکارهێنانی گازی سرووشتی.

*** باسی بەرهەمهێنانی کارەبات کرد لە ڕێگەی تیشکی خۆر کە لە ئێستادا ئەم شێوازەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، ئایا لەم ڕووەوە وەزارەت چی کردووە؟**

- پشتبەستن بە وزە نوێبووەکان بەتایبەتی لە ڕێگەی وزەی خۆر لە پلانی وەزارەتی کارەبادایە، چەندین تەندەر و گرێبەست ئامادە کراوە و لە قۆناغی واژۆکردن و پەسەندکردندایە، لە یاسای نوێی وەزارەتی کارەباشدا جێگەی چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەم وزە نوێبووەوە کراوەتەوە و پاڵپشتیی کەرتی تایبەتیش دەکەین و هانیان دەدەین بۆ وەبەرهێنان لە وزەی خۆر، ئێمە لەپلانماندایە تا ساڵی ٢٠٣٠ نزیکەی ٩٠٠ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی وەزی خۆر و نزیکەی ٤٥٧ مێگاواتی دیکە لە ڕێگەی هایدرۆپاوەرەوە بەرهەم بهێنین. هاوکاری و کارئاسانی و پاڵپشتیی کەرتی تایبەتیشمان کردووە و، لە شارەکانی کوردستان لە چەندین کارگە و قوتابخانە و نەخۆشخانە و هۆتێلی گەشتیاریی یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبایان بە وزەی خۆر داناوە، ئەمە وێڕای پڕۆژەی هایدرۆپاوەری دێرەلۆك کە لە بەهاری ساڵی داهاتوو بە توانای ٣٧ مێگاوات کارەبا دەکەوێتە کار و بە یەکێك لە هەرە پڕۆژە پێشکەوتووەکان و تەنانەت پڕۆژەی هایدرۆپاوەر لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دادەنرێت کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراوە.

*** یەکێك لەو دەستکەوتانەی زۆربەی جار باسی دەکەن، بریتییە لە کەمکردنەوەی خەرجی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەوەی لە ڕێگەی چاکسازییەکان لە گرێبەستەکان و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی وزەی کارەبا، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی خەرجییەکان و داهاتێکی زۆر بۆ گەنجینەی هەرێم گەڕاوەتەوە. ئایا لەم کاتەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیولەی نەختینەیی هەیە بۆ پێدانی مووچە و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی دیکە، تا چەند توانیوتانە خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کەم بکەنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ ڕەنگە هاووڵاتیانی کوردستان ڕاستەوخۆ لە گرنگیی ئەم دەستکەوتە نەزانن، لەم کابینەیەدا بە پاڵپشتیی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیمان بە سەرکەوتوویی سەرجەم گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا گۆڕانکاری بەسەردا بێنین و، نرخی تێچوونی یەکەی کارەبا کەم ببێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٨ تێچوونی یەکەیەك بە دینار ١٢٨ بوو، ئێمە لە ٢٠٢٠ توانیمان تێچوونی یەکەیەك بەدینار بۆ ٧١ کەم بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە بەفیڕۆدانی کارەبا بە ڕێژەیەکی زۆر باش کەم کراوەتەوە لە ٤٥٪ بۆ ٣٤٪ و داهاتەکانمان زیادی کردووە.

*** دەڵێن چەند بەرهەمهێنان زیاد بێت، ئەگەر تۆڕێکی پێشکەوتووی گواستنەوە و دابەشکردنی باشت نەبێت، ناتوانرێت بەباشی کۆنترۆڵی گەیاندنی کارەبا بۆ هاوبەشانی کارەبا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەردەوام بکەیت؛ ئایا لە ڕووی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەباوە چی کراوە؟**

- ئەم پرسیارە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت: (کەرتی گواستنەوەی کارەبا و کەرتی دابەشکردنی کارەبا)؛ بە پاڵپشتیی ئەنجومەنی وەزیران و خودی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرترین پڕۆژە و کار لەم دوو سێکتەرە کراون، بە ڕاددەیەك ناتوانین لە دووتوێی ئەم دیمانەیەدا بە تەواوەتی حەقی خۆی بدەینێ، بۆیە بە پوختی و بە کورتی باسی دەستکەوتەکانی کەرتی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا دەکەم. بەپێی ئەو بودجە کەمەی لەبەردەستمان بووە، کارێکی گەورە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی کارەبا ئەنجام دراوە، هەر لە ڕاکێشانی دەیان هەزار کیلۆمەتر لە هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز و دامەزراندنی دەیان وێستگەی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا کە تەنیا لە پارێزگای هەولێر ١٥ وێستگەی دابەشکردنی کارەبا و وێستگەی مۆبایلمان دامەزراندووە، لە بواری دەرکردنی فیدەری نوێ لە وێستگەکانەوە بۆ ناوچە و قەزا و ناحیە و گوند و گەڕەکەکان ڕۆژانە تیمەکانی وەزارەت لەگەڵ تیمەکانی کۆمپانیاکان سەرقاڵی ئەم کارەن، با سەرنجێکی ئەم ژمارانە بدەین، ئەو کات با خوێنەر بڕیار بدات چی کراوە: لە ساڵی ٢٠٠٤ تەنیا ٢١ وێستگەی مۆبایلی کارەبای «١٣٢ کەی ڤی»مان هەبووە، ئەم ژمارەیە بووەتە ١١٣، هەروەها وێستگەی مۆبایلی ٣٣ کەی ڤی لە ٢٠٠٤ تەنیا ٢٤ وێستگە بووە ئێستا بووەتە ١٣١ وێستگەی مۆبایل، لەسەرەتای ئەم کابینەیەدا تۆڕی کارەبای دهۆکمان بەستەوە بە تۆڕی کارەبای کوردستانەوە و ئەو پارێزگایەمان لە گرفتێکی گەورە دەرباز کرد، لە ئێستادا دوو پڕۆژەی گەورە لە قۆناغی جێبەجێکردندان لە پارێزگای سلێمانی، ئەویش هێڵی (بازیان – ڕانیە و تانجەڕۆ – سەید سادق)ـە، لە ساڵی ٢٠١٩ لە سەردەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری گواستنەوە

**داوام لە سەرجەم کرێکارو فەرمانبەرانی کارەبا هەیە، بەبێ پێداویستییەکانی کارکردن و ڕەچاوکردنی سەلامەتیی کاری پیشەیی بە هیچ شێوەیەک خۆیان نەخەنە مەترسییەوە**

**قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و نەبوونی دامەزراندنی دەستی کار و شارەزایی نوێ هەمووی ئاستەنگن لە بەردەم خێرا جێبەجێکردنی پلانەکان**

**بە دەیان هەزار سەرپێچیمان بڕیوە و، پارە و داهاتی گشتی بۆ خەڵک و کارەبایەکی باشتریش بە تێچوونێکی کەمتر و بەفیڕۆدانێکی کەمتر بە هاووڵاتیان گەیشتووە**



**ململانێی سیاسی و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان کاریگەری لە سەر جێبەجێکردنی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کەرتەکانیش هەیە**

**چەندین ساڵە خەڵکانێک بە بێ بەرامبەر مافی ئەو هاونیشتمانیانە دەخۆن کە بە ڕێکوپێکی دەست بەکارەباوە دەگرن و بە پێی تواناو دارایی خۆیان کارەبایەکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن**

٣٢ پڕۆژە بە گوژمەی ٢١٤ ملیۆن دۆلار بونیاد نراوە، لە بواری دابەشکردنی کارەبا ٧٣٨ پڕۆژەی ڕاکێشانی فیدەر بە گوژمەی ١٠٠,٦ ملیار دینار ئەنجام دراوە، تۆڕی کارەبا نوێ کراوەتەوە و بونیاتنراوە و چەندین پڕۆژەی وێستگەی ناوەندی ١٣٢ کەی ڤی قەبارە گەورە کەوتە کارەوە، لە پلانیشماندایە وێستگەی ناوەندیی ٤٠٠ کەی ڤی و ٢٩ وێستگەی ١٣٢ کەی ڤی و ٣٥ وێستگەی ٣٣ کەی ڤی و ٦ وێستگەی مۆبایل و چەندین هێڵی نوێ بۆ گواستنەوەی وزە لە نێوان ئەو وێستگانەدا بونیات بنێین. هەر لە بواری دابەشکردنی کارەبا لە ئێستادا سەرقاڵی جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی گرنگی دانانی پێوەری زیرەکین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان و بۆ سەرجەم هاوبەشانی کارەبا بەبێ جیاوازی، ئەمەیە دادپەروەری و ڕێکخستنەوەی کەرتی کارەبا لە سەر ڕێگایەکی ڕاست و دروست کە لە کارنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داڕێژدراوە.

*** زۆر باس لە پڕۆژەی پێوەری زیرەك دەکرێت و لێرە و لەوێ زۆر جار گلەیی و گازندەش هەیە؛ ئایا گرنگیی ئەم پڕۆژەیە لە چیدایە وا بەو شێوەیە گۆڕانکاریی لە ماوەکانی پێدانی کارەبا بووە هۆی کەمبوونەوەی سووتاندن و تەقاندنەوەی محاویلەکان؟**

- هەر سامان و خزمەتگوزارییەك پێوەرێك بۆ بەکارهێنانی دانەنرێت، نە بەردەوام دەبێت، نە بە شێوەیەکی دادپەروەر و ڕێکوپێك دەگاتە خەڵکی، لەسەر ئەم بنەمایە و لە پێناو باشکردنی خزمەتگوزاریی کارەبا و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و ڕێکخستنەوەی کەرتی دابەشکردنی کارەبا، پڕۆژەی پێوەری زیرەکمان جێبەجێ کرد، بەبێ بەرامبەر کە بە یەکێك لە پڕۆژە گرنگ و گەورەکانی وەزارەتی کارەبا و کەرتی کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت، ئەم پڕۆژەیە بۆ ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار هاوبەشە و لە ئێستادا ئەو ژمارەیە بۆ سەرووی ١ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار هاوبەش هەڵکشاوە، پێوەری زیرەك دابەشکردنی کارەبا بۆ هاووڵاتیانی خۆشەویست و سەرجەم پۆلەکانی دیکەی کارەبا ڕێك دەخات و بە توانایەکی بەرز و چاودێری و کۆنترۆڵێکی باشتر سیستەمی کارەبا ڕێك دەخاتەوە بۆ هەموو هاوبەشان بەبێ جیاوازی، ئەمەش لە ڕێگەی سۆفتوێرێکی پێشکەوتووەوە خەرجی بەکارهێنانی کارەبا دیاری دەکات و، ونبوونی کارەبا کەم دەکاتەوە، لە هەمووی گرنگتر تۆ ئەگەر کارەبایەکی بەردەوامت لەمن دەوێت، ئەوا پێوەری زیرەك و ڕێکخستنەوەی کەرتی دابەشکردنی کارەبا هەنگاوێکی گرنگە بەرەو دابینکردنی کارەبایەکی بەردەوام، هەرچی ئەو گلەیی و ڕەخنانەش هەیە ئێمە بەدواداچوونی جددی و بەردەوامان بۆ کردووە، زۆرجار ڕاست دەرنەچووە و تەنیا بۆ دژایەتیکردنی پڕۆژەی پێوەری زیرەکە، ڕەنگە لە من بپرسی بۆ دژایەتیکردن؟ من لەوەڵامدا پێت



دەڵێم: بەداخەوە ململانێی سیاسی و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان کاریگەری لە سەر جێبەجێکردنی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کەرتەکانیش هەیە، چونکە چەندین ساڵە خەڵکانێك بە بێ بەرامبەر مافی ئەو هاونیشتمانیانە دەخۆن کە بە ڕێکوپێکی دەست بەکارەباوە دەگرن و بەپێی تواناو دارایی خۆیان کارەبا بەفیڕۆ نادەن، تۆ دەزانیت ژمارەی سەرپێچیەکانی کارەبا کە لەم پڕۆژەیە دەستنیشان کراوە، چەند زۆر بووە و بە دەیان هەزار سەرپێچیمان بڕیوە و، پارە و داهاتی گشتی بۆ خەڵك و کارەبایەکی باشتریش بە تێچوونێکی کەمتر و بەفیڕۆدانێکی کەمتر بە هاووڵاتیان گەیشتووە.

*** بەڵام هێشتا هاووڵاتیان گلەیی و ڕەخنەی ئەوەیان هەیە دەڵێن لە وەرزی زستان و هاویندا کارەبای زیاترمان دەوێت، هەموو ئەم پڕۆژە و کارە زۆرانە بۆ کاریگەریی ئەوتۆی نەکردووەتە سەر زیادبوونی ماوەکانی پێدانی کارەبا؟**

- سەرەتای قسەکانم باسی هەنگاوەکان و ئەو هەموو پڕۆژەیەم کرد کە جێبەجێ کراوە و جێبەجێ دەکرێت، واتە ئەمە سەرەتای ڕێگایە و ماوەیەکی کەمی ماوە بۆ ئەوەی کەرتی کارەبا لە کۆتایی کابینەکەدا بە شێوەیەکی باشتر و بەرچاوتر دەربکەوێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە سێ کاتژمێر کارەبامان زیاتر کردووە لەم کابینەیەدا، هەرچەندە قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و نەبوونی دامەزراندنی دەستی کار و شارەزایی نوێ هەمووی ئاستەنگن لە بەردەم خێرا جێبەجێکردنی پلانەکانمان، بۆیە لە ئێستادا وەزارەتی کارەبا کاری جددی دەکات لەپێناو باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، من لەوە تێدەگەم هەموو کارێکی نوێ و چاکسازییەك بەرهەڵستکار و هەندێك جار خۆڕاهاتنی پێویستە، بەڵام لەم کابینەیەدا کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و دامەزراندنی هەزارەها کیلۆمەتر لە هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز و نزم و دامەزراندنی سەدان وێستگەی قەبارە گەورە و مامناوەندی و کاری بەردەوامی فەرمانبەران و کرێکارانی کارەبا کە بەڕاستی پێشمەرگەی ڕووناکین و لەم پێناوەدا گیانیان کردووەتە قوربانی، کرێکارمان هەیە هەردوو دەستی لەدەست داوە و کرێکاری دیکەمان هەیە، زیانی گەورەیان بەرکەوتووە و بەشێك لە جەستەی لەدەست داوە و شایەنی ئەوەن ڕێز و تەقدیر بکرێن. داوام لە سەرجەم کرێکارو فەرمانبەرانی کارەبا هەیە، بەبێ پێداویستییەکانی کارکردن و ڕەچاوکردنی سەلامەتیی کاری پیشەیی بە هیچ شێوەیەك خۆیان نەخەنە مەترسییەوە، داوام لە هاونیشتمانیانیش ئەوەیە ڕەچاوی ئەو هەموو قوربانی و هەوڵانەی کرێکار و فەرمانبەرانی وەزارەت بکەن و زیاتر پاڵپشت و هاوکارمان بن، چونکە دواجارماڵەکانی ئەوان و منداڵەکانی ئەوان کارەبایەکی باشتر و خزمەتگوزارییەکی پێشکەوتووتریان بۆ دابین دەکرێت.

**لەپلانماندایە تا ساڵی ٢٠٣٠ نزیکەی ٩٠٠ مێگاوات کارەبا لە ڕێگەی وەزی خۆر و نزیکەی ٤٥٧ مێگاواتی دیکە لە ڕێگەی هایدرۆپاوەرەوە بەرهەم بهێنین**

**هەردوو وێستگەی هەڵمیی خەبات و وێستگەی ١٦٥ مێگاواتی گەرمیانیش بە وێستگەی ژینگەپارێز دادەنرێن و ڕۆڵیان لەکەمکردنەوەی دەردانی ئەو غازە ژەهراوییە هەیە، کە لەکاتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کارەبا دەچێتە دەرەوە**



**پرۆفیسۆر دکتۆر ئەکرەم عوسمان**
لە کۆلێژی زانستی ئەندازیاریی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# بەرهەمی خۆماڵیمان بە بازاڕەکانی عێراق نەناساندووە و بە پیشەسازیکردنی خۆراکیش لە ئاستێکی نزمدایە

**تەواوكاریی ئابووری لە نێوان عێراق و هەرێمی كوردستان پێویستە لە كەرتی كشتوكاڵەوە دەست پێ بكات، بەو پێیەی بازاڕەكانی هەرێم و عێراق بنەمای سەرەكیی بووژانەوەی كەرتی كشتوكاڵ و ساغكردنەوەی بەرهەمی جووتیارانە، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێكمان ئاراستەی پرۆفیسۆر دكتۆر ئەكرەم عوسمان لە كۆلێژی زانستی ئەندازیاریی كشتوكاڵی لە زانكۆی سەلاحەدین كرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** لە توێژینەوەكانت باست لە گرنگیی كەرتی كشتوكاڵ و فرەچەشنكردنی ئابووری كردووە، بەوەی گرنگیدان بە پیشەسازیی خۆراك و زیادكردنی ڕێژەی چاندنی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان پێویستە لە ڕیزبەندی پێشەوەی ستراتیژیەت و بونیاتنانی ئاسایشی خۆراكی و نەتەوەیی بێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: چی بكرێت بۆ ئەوەی كەرتی كشتوكاڵ لە شێوازی كلاسیكییەوە بەرەو شێوازێكی مۆدێرنی كشتوكاڵی بەرین؟**

- بووژانەوەی كشتوكاڵ لەم سەردەمەدا بەبێ پلان و بەرنامە نابێت، هەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی وشكەساڵی و دروستكردنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێرییەوە تاوەكو بەكارهێنانی ڕێگای زانستی نوێی ئاودان و ڕواندن و هێنانی بنە تۆی باش و كوالێتی بەرز و چارەسەركردنی پەتا و نەخۆشییەكان. جێگای داخیشە لە كاتێكدا كوردستان خاوەنی خاك و ئەو هەموو سامانەی ئاو و كەشوهەوای چوار وەرز و دەستی كارێكی هەرزانە، كەچی دووكانی بەقاڵ و عەلوەكانمان پڕیەتی لە بەروبوومی كشتوكاڵی بیانی، باشە هۆكاری چییە كوردستانێك كە لە حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بە سەبەتەی خۆراكی هەموو عێراق ناسرابوو، كەچی ئێستا توانای پڕكردنەوەی پێداویستیی ناوخۆیی نەبێت؟

**كوردستان خاوەنی خاك و ئەو هەموو سامانەی ئاو و كەشوهەوای چوار وەرز و دەستی كارێكی هەرزانە، كەچی دووكانی بەقاڵ و عەلوەكانمان پڕیەتی لە بەروبوومی كشتوكاڵی بیانی**

لە كابینەی چوارەم و پێنجەمەوە باس لە دروستكردنی بەنداوی شەمامك دەكرێت، كەچی هەر تەواو نەبوو، خۆ ئەگەر دروست بكرایە كاریگەرییەكانی وشكەساڵی لە سەرمان كەمتر دەبووەوە، ئەم حاڵەتە بۆ دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیانیش هەمان گرفتمان هەیە، دەبێت لە ڕێگەی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو و زانكۆ و ڕێكخراوەكانی پەیوەندیدار بە كشتوكاڵ و توێژەرەكان هەموو پێكەوە هەوڵی ئەوە بدەین ڕواندنی كلاسیكی و كۆن لە كەرتی كشتوكاڵ بگۆڕین بە شێوازێكی مۆدێرن و پشت بە تەكنەلۆجیا و تۆ و پەین و ئامێری پێشكەوتوو ببەستین، لە ڕووی پێشخستنی گوندی گەورە و گەیاندنی خزمەتگوزارییەكان و بنەماكانی پێشخستنی پیشەسازیی كشتوكاڵی بۆ قەزا و ناحیەكان زیاتر بكەین و، هانی جووتیاران و وەبەرهێنەران بدەین، ڕوو بكەنە كاری كشتوكاڵی و مەڕداری و ئاژەڵ و بەخێوكردنی پەلەوەر و ماسی، چونكە ئاوەدانكردنەوە و پێشخستنی گوندەكان سوودێكی زۆر بە گوندنشینەكان و بژێوی ژیان و ئابووریی كوردستان دەگەیەنێت و، كۆچی گوندنشینەكان بەرەو شارەكان دەوەستێنێت.

**لە كابینەی چوارەم و پێنجەمەوە باس لە دروستكردنی بەنداوی شەمامك دەكرێت، كەچی هەر تەواو نەبوو، خۆ ئەگەر دروست بكرایە كاریگەرییەكانی وشكەساڵی لە سەرمان كەمتر دەبووەوە**

*** وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو باس لەوە دەكات لە هەندێك بەرهەمی كشتوكاڵی هەنگاوی باش نراوە و گەیشتووینەتە خۆبژێوی؛ وەكو شارەزایەكی كشتوكاڵی تاچەند ئەم هەنگاوانە بەرز دەنرخێنیت؟**

- هەموومان هاوڕاین بەوەی لە چەند بوارێكدا هەنگاوی باش نراوە و دەرئەنجامەكەشی دەبینین، وەكو لە دابینكردنی ئالیك و بەرهەمی تەماتە و پەتاتە و هێلكە و پەلەوەر و بەرهەمهێنانی گۆشتی مریشك و چەند بوارێكی دیكەدا بەدیار كەوتووە، ڕاستە تەكنەلۆژیا و زانستی كشتوكاڵی و لێزانینی جووتیاران وای كردووە، جووتیاری ئەم سەردەمە جیاواز بێت لە جووتیاری پێشوو، من خاوەن كێڵگەی پەلەوەر و ئاژەڵ دەناسم، دەڵێن

خۆمان ئالیك دروست دەكەین، لە كاتێكدا پێشتر لەدەرەوە دەهێندرا. بەرهەمی گۆشتی پەلەوەر و هێلكە پێداویستیی بازاڕ پڕ دەكاتەوە لە ڕێگەی دروستكردنی چەندین پڕۆژەی گەورەی بەخێوكردنی پەلەوەر و مریشكی هێلكەكەر، منیش لەگەڵ بۆچوونەكەی وەزارەتی كشتوكاڵدام، بەڵام بەپێی خواست و پێداویستیەكانی ناو بازاڕ نییە. كاتێك باس لە كەرتی كشتوكاڵ و مەڕداری و پەلەوەر و ماسی و دەیان بەرهەمی دیكە دەكەین، جیهانێكی زۆر فراوان و گەورە دێتە بەر چاومان كە تێیدا ونین، لە بازاڕەكانی كوردستان بڕوانیت، ئەم ڕاستییەت بۆ دەسەلمێت، بۆیە پێویستە سەرەتا بازاڕەكانی كوردستان ئاشنا و ئاشت بكەینەوە بە بەرهەمی خۆماڵی كوردیی بەپیت و كوالێتیی بەرز، ئەو كات بەدەستهێنانی بازاڕی دەرەوە ئاسان دەبێت، كاتی ئەوە هاتووە جووتیارانی ئێمەش بە هاوشێوەی هیچ نەبێت جووتیارانی وڵاتانی دراوسێ گرنگی بە جۆری بەرهەم و پاك و خاوێنیی بەرهەمەكانیان بدەن، ئەو كات بازاڕەكانی عێراق تینووی ئەو بەرهەمەی كوردستان دەبێت، كە لای ئەوان خاك و ئاو و هەوا یارمەتیدەر نییە بۆ بەرهەمهێنانی سەدان جۆری میوەجات و باقلەمەنی و جۆری دیكەی بەرهەمی كشتوكاڵی.

*** بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و عێراق لە بواری بەبازاڕكردنی بەرهەمی كشتوكاڵی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هەر خۆی لە خۆیدا هەندێك بەرهەم هەیە، لای ئەوان بوونی هەیە و لای ئێمە نییە و بەپێچەوانەشەوە وەكو گوێز و خورما و دەیان بەرهەمی دیكە، هەندێك بەرهەمیش هەیە، پێویستی بە پلەیەكی گەرمای تایبەتی هەیە، لەوێ زووتر ئەو پلە گەرمایە دەست پێ دەكات و، لای ئێمە جیاوازە وەكو بەرهەمەكانی تەماتە و خەیار و ترۆزی و شووتی و كاڵەك و پرتەقاڵ و تری و سەوزە و دەیان میوەجاتی دیكە. دەبێت پەیوەندیی نێوان جووتیاری كورد و جووتیاری عەرەب بەهێز بكەین و، هەوڵ بدەین هاتوچۆ و بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەنێواندا هەبێت و بەرهەم و كاڵای یەكتر لە ڕێگەی وەزارەتی كشتوكاڵەوە ساغ بكەنەوە، واتا سەرەتا متمانە و ئەو پەیوەندییە بگەڕێنینەوە كە بە هۆی سیاسەت و شەڕ و پشێوییەكانەوە نەك هەر كەم بووەتەوە، بەڵكو نەماوە. كەواتە لە ڕووی زانستی كشتوكاڵییەوە عێراق و هەرێمی كوردستان ڕووبەرێكی گەورەی خاك و جیاوازییەكی یەكجار زۆری پلەی گەرمای هەیە و بۆ كشتوكاڵ و ئاژەڵداری سەدان جۆری بەرهەمی كشتوكاڵی لەبارە، بگرە جۆری میوەكان و خاك و ئاوی ژێرزەوی و سەر زەوی جیاوازە، جێگای داخە لە هەرێمی كوردستان كە خاوەنی خاكێكی بەپیت و ئاوێكی سازگار و شیرینین، كەچی نەمانتوانیوە لە ڕێگەی پڕۆژە ئاودێرییەكانەوە سوودی لێوەربگرین و، دەشتێكی زۆر و فراوانی بەپیتی كوردستان ئاودێری بكەین و، سەدان بەرهەمی میوەجات و كشتوكاڵی لێ بەرهەم بهێنین. ئێستا لەجیهاندا نرخ و تێچوونی بەرهەمی كشتوكاڵی ڕووی لە هەڵكشان كردووە، لەلایەكی دیكەوە بازرگانەكانی عێراق لە بری ئەوەی بچنە وڵاتانی دراوسێ و بە گۆڕینەوەی دراو بە دۆلاری گرانبەها خۆراك و بەروبوومەكان بهێنن، ئاسانترە ڕوو لە هەرێمی كوردستان بكەن و بەدینار لە عەلوەكان بەرهەمی خۆماڵیی كوردستان ببەنە بازاڕەكانی خۆیان، ئا لێرەدا پێویستمان بە ماركە و دانانی نیشانە هەیە لە سەر بەرهەمەكانمان بۆ ئەوەی خەڵكی متمانەی پێ بكەن و بەدوایدا بگەڕێن. بۆ نموونە هەناری هەورامان و شارەبان و هیران و نازەنین ناوی لەسەر دانرێت و تەنانەت بازرگانەكانی خۆمان دەتوانن ئاڵوێری بەرهەمەكانی عێراق و كوردستان بكەن، نەك بچنە وڵاتانی دەوروبەر. خۆشبەختانە پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و عێراق لەم دوو ساڵەدا بەرەو باشبوونەوە دەچێت و پێویستە ڕێگا نەدەین ڕق و قین و دژایەتیكردنی یەكتر كاریگەریی خراپی لە سەر هەوڵەكانی بەهێزكردنی پەیوەندی كشتوكاڵی و ئابووری هەبێت، ئەمەش زەمینە لەبار دەكات بۆ ئەوەی وەزارەتەكانی بازرگانی و كشتوكاڵ و لایەنە پەیوەندیدارەكانی دیكە هەموویان پێكەوە یاسا و ڕێنمایی لە پێناو بەهێزكردن و پاڵپشتیكردنی بەرهەمی خۆماڵی دەربكەن.

*** تا چەند كردنەوەی پێشانگا و كۆگاكانی بەرهەمێكی دیاریكراوی شارەكانی كوردستان لە شارەكانی عێراق و بەپێچەوانەوە دەبێتە بنەمایەكی بەهێز بۆ پەرەپێدانی ئاڵوێری**

**پێویستە سەرەتا بازاڕەكانی كوردستان ئاشنا و ئاشت بكەینەوە بە بەرهەمی خۆماڵی كوردیی بەپیت و كوالێتیی بەرز، ئەو كات بەدەستهێنانی بازاڕی دەرەوە ئاسان دەبێت**

**دەبێت پەیوەندیی نێوان جووتیاری كورد و جووتیاری عەرەب بەهێز بكەین و، هەوڵ بدەین هاتوچۆ و بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەنێواندا هەبێت و بەرهەم و كاڵای یەكتر لە ڕێگەی وەزارەتی كشتوكاڵەوە ساغ بكەنەوە**

**بازرگانەكانی عێراق لە بری ئەوەی بچنە وڵاتانی دراوسێ و بە گۆڕینەوەی دراو بە دۆلاری گرانبەها خۆراك و بەروبوومەكان بهێنن، ئاسانترە ڕوو لە هەرێمی كوردستان بكەن و بەدینار لە عەلوەكان بەرهەمی خۆماڵیی كوردستان ببەنە بازاڕەكانی خۆیان**

**پێویستە ڕێگا نەدەین ڕق و قین و دژایەتیكردنی یەكتر كاریگەریی خراپی لە سەر هەوڵەكانی بەهێزكردنی پەیوەندی كشتوكاڵی و ئابووری هەبێت**

**بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دۆزینەوەی بازاڕ؟**

- کردنەوەی پێشانگا بۆ ناساندنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان و عێراق کارێکی پێویستە، بەتایبەتی بۆ جووتیارە نموونەییەکان، میوانداریێتی بازرگان و جووتیارانی شارەکانی عێراقیش بکرێت، بۆ نیشاندانی بەرهەمی خۆماڵی، دەکرێت وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی قەرزێکەوە هاوکاریی هەندێك جووتیاری نموونەیی بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بونیاتنانی کارگەی بچووکەوە بەرهەمەکەی لە قوتو بنێت، یان لە ڕێگەی پڕۆژەی بچووکەوە کۆگا و ئەمباری ساردکەرەوە دروست بکات، بۆ هەڵگرتنی بەرهەمەکەی و بەکارهێنانی لە وەرزێکی دیکەی ساڵ، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمەکانی خۆمان بەو شێوەیە گرنگی پێ نادرێت، تا ئێستا لە شەقلاوە و هیران و هەورامان دەیان بەرهەمی باسوق و سجووق و مێوژ و گەزۆ و هەناری شارەبان و هەڵەبجە و ترێی دهۆك و هەنجیری ئاکرێ و گوێزی هەورامان و گەزۆی سلێمانی و پەنیر و ماستی هەولێر و سماق و تەحینی ئامێدی و ...تادوایی هەن، کەچی بێ مارکە و لە قوتوبەند و شێوەیەکی جوان نازاڕێندرێتەوە و بە بازاڕەکانی عێراقمان نەناساندوون و، بەرهەمی خۆماڵیمان نەکردووە بە بزنێس و وەبەرهێنانی تێدا بکەین. لە ئێستاوە هێشتا کارگەی شەکر لە پشدەر دەستی بەکار نەکردووە، جووتیارەکان پرسیاری ئەوە دەکەن، چ بەرهەمێك و چۆن دەست بە ڕوواندنی چەوەندەری شەکر بکەن، هەر خۆی لەخۆیدا نابێت ڕێگە بە دروستکردنی کارگەیەکی خۆراکی بدرێت، کە کەرەستەکانی دروستکردنی بەرهەمەکەی لە دەرەوە بهێنێت، پێویستە کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکی لە نزیك دەشتە بەپیتەکانی کوردستان دامەزرێن، بۆ ئەوەی جووڵە و پڕۆژەی کشتوکاڵی لێ بکەوێتەوە.

*** زۆر جار ئەو بەرهەمەی کە لە کوردستاندا هەیە، لە ڕووی چەندایەتی و جۆرایەتییەوە لە ئاست پێداویستیی بازاڕدا نییە. چی بکرێت بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی بەرهەمی پەلەوەر و هێلکە زیاد بکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت جووتیار دڵنیا بکەینەوە کە ئەو بەرهەمەی ڕەنجی بۆ دەدات، لە کاتی پێگەیشتنی ڕەنج بەبا نابێت، دواتر یارمەتییان بدرێت بۆ باشکردنی جۆری بەرهەمەکە و بەرزکردنەوەی کوالێتی، تاوەکو لە ئاست کێبڕکێی بەرهەمی بیانیدا بێت. لەمەش گرنگتر دۆزینەوەی بازاڕە و پێویستە جووتیار و بازرگانەکانمان فێری دۆزینەوەی بازاڕ بکەین، لە جیهانی دەرەوە هونەری بەبازاڕکردن هونەرێکی بەرز و گرنگە. لەمانەش گرنگتر دروستکردنی کارگەی پیشەسازیی خۆراکی و پیشەسازیی کشتوکاڵی و بێستە و لە قوتوبەند و وشککردنەوە و دەیان جۆری دیکەی کارگەیە کە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران و بەکارهێنانی لە چوار وەرزەی ساڵ گرنگە، لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە گرنگی بە دروستکردنی ساردکەرەوەی گەورەوە بدەین و لە نزیك دەشتە بەپیتەکان و شارە گەورەکان دایبمەزرێنین.

*** یەکێك لە مەترسییەکانی کەرتی کشتوکاڵ وشکەساڵییە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو بۆ ساڵی داهاتووش بەپێی پێویست باران نەبارێت. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە چ ڕێکارێك هەیە؟**

- وشکەساڵی و پەتای کۆرۆنا و قەیرانە داراییەکان و ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازییەکان هەمووی کاریگەریی خراپ لە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ دەکەن، لە ٢٠٢١ بە هۆی وشکەساڵییەوە بەرهەمی گەنمی جووتیاران لە نیوە کەمتر بووەوە و زۆر میوەجات و بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵ زیانی گەورەی بەرکەوت و، لەبەر کەمیی ئالیك جووتیاران بە سەدان مەڕ و ماڵاتیان سەربڕی و زیانەکان بە ملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت، کەچی هێشتا ئاوەکانمان بەفیڕۆ دەڕوات. زێی گەورە کە هەولێر سوودی لێ وەردەگرێت بۆ ئاوی خواردنەوە، کەچی بۆ کشتوکاڵ و بەهێزکردنی ئاوی ژێر زەوی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم سوودی لێ وەردەگرین. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بە پلانێکی کورتخایەنی بەپەلە مشورێکی دروستکردنی هەندێك بەربەست بخوات بۆ گلدانەوەی ئاو، دواتر هەوڵی جێبەجێکردنی پلانی درێژخایەنی دروستکردنی بەنداوی گەورە بدات.

**کردنەوەی پێشانگا بۆ ناساندنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان و عێراق کارێکی پێویستە، بەتایبەتی بۆ جووتیارە نموونەییەکان**

**دەکرێت وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی قەرزێکەوە هاوکاریی هەندێك جووتیاری نموونەیی بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بونیاتنانی کارگەی بچووکەوە بەرهەمەکەی لە قوتو بنێت، یان لە ڕێگەی پڕۆژەی بچووکەوە کۆگا و ئەمباری ساردکەرەوە دروست بکات**

**نابێت ڕێگە بە دروستکردنی کارگەیەکی خۆراکی بدرێت، کە کەرەستەکانی دروستکردنی بەرهەمەکەی لە دەرەوە بهێنێت، پێویستە کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکی لە نزیك دەشتە بەپیتەکانی کوردستان دامەزرێن، بۆ ئەوەی جووڵە و پڕۆژەی کشتوکاڵی لێ بکەوێتەوە**

**لە ٢٠٢١ بە هۆی وشکەساڵییەوە بەرهەمی گەنمی جووتیاران لە نیوە کەمتر بووەوە و زۆر میوەجات و بەرهەمی دیکەی کشتوکاڵ زیانی گەورەی بەرکەوت**

**حوسێن حەمە کەریم**
**بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و باوان و وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ گوڵان:**

# وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە ٢٪ بۆ ٨٪ هەڵکشاوە

## لە هەوڵی ئەوەداین لە ڕێگەی ناردنە دەرەوە و دروستکردنی پیشەسازیی خۆراکەوە بازاڕ بۆ بەرهەمی جووتیاران بدۆزینەوە

**گرفتی سەرەکیی جووتیاران لەوەدایە کە تا ئێستا کارگەکانی پیشەسازیی خۆراک زۆر کەمن، ئەو کارگانەش کە هەن، زیاتر پشت بە کەرەستە و بەرهەمی بیانی دەبەستن**

بۆ ئەوەی کشتوکاڵ ببێتە پێشەنگ و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئابووریی نیشتمانیدا هەبێت و، هەرێمەکە ببێتە سەبەتەی خۆراك بۆ سەرجەم بازاڕەکانی شارەکانی عێراق، وا پێویست دەکات، ئەو سیاسەت و ڕێسا و ڕێنماییانە جێبەجێ بکەین، کە نەك تەنیا پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی دەکات، بەڵکو لە ڕووی کێبڕکێ و کوالێتیشەوە بەرهەمی خۆماڵی بگاتە ئاستی وڵاتانی دراوسێ. لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی قەدەغەکردنی هەندێك بەرهەمی کشتوکاڵی و دانانی باج، توانرا پاڵپشتی لە بەرهەمی خۆماڵی و بەتایبەتی لە ڕووی بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی و هێلکەوە بکرێت، بەڵام لە ڕووی دۆزینەوەی بازاڕ و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان لە هەرچوار وەرزی ساڵ و نەهێشتنی هەڵاوسانی نرخەوە، هێشتا ڕێگەیەکی زۆرمان لە بەردەمدایە. هەوڵەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ دۆزینەوەی بازاڕ لە ئاستی پێویستدا نییە، هەرچەندە لێرە و لەوێ لە ڕێگەی کردنەوەی پێشانگای بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی و گفتوگۆ و دانوستانەکانەوە، توانراوە هەنگاوی باش بنرێت، بەتایبەتی لە بواری واڵاکردنی بازاڕەکان لە بەردەم بەرهەمی ناوخۆییدا، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژە



کشتوکاڵییەکان لە لایەن وەبەرهێنەرانەوە. لە ئێستادا لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی و گەیشتن بە ئاستی خۆبژێوی لە هەندێک بەرهەمی کشتوکاڵیدا، گرفتی سەرەکیی جووتیاران لەوەدایە کە تا ئێستا کارگەکانی پیشەسازیی خۆراک زۆر کەمن، ئەو کارگانەش کە هەن، زیاتر پشت بە کەرەستە و بەرهەمی بیانی دەبەستن، پشتگوێخستنی پیشەسازیی خۆراکی و واڵابوونی دەروازە سنوورییەکان لە بەردەم سەدان تۆنی بەرهەمی کشتوکاڵیی وڵاتانی دراوسێ، ئاستەنگی سەرەکییە لەبەردەم پلان و بەرنامەکانی گەشەسەندنی کەرتی کشتوکاڵ، تەنانەت ناوبەناو بەهۆی گرانبوونی نرخی خۆراک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە قەیرانی خۆراک و گرانبوونی نرخەکەی ڕوو دەدات، ئەمەش زیانی گەورەی بە داهاتی هەرێم و هاووڵاتیان گەیاندووە. بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق و کرانەوەی بازاڕەکان بە ڕووی بەرهەمەکانی کوردستان و عێراقدا، هەلێکی لەبارە و سەرەتای ڕێگەشە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ سەدان گەنج و دەرچووی زانکۆکان، بەتایبەتی ئەگەر گرنگی بە پیشەسازیی خۆراکی بدرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان گفتوگۆیەکی لەگەڵ حوسێن حەمە کەریم بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و باوان کە لە هەمان کاتدا وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵیشە سازدا و، بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

**پشتگوێخستنی پیشەسازیی خۆراکی و واڵابوونی دەروازە سنوورییەکان لە بەردەم سەدان تۆنی بەرهەمی کشتوکاڵیی وڵاتانی دراوسێ، ئاستەنگی سەرەکییە لەبەردەم پلان و بەرنامەکانی گەشەسەندنی کەرتی کشتوکاڵ**

**● حکومەت ئامانجێتی هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییە بیانییەکان کەم بکاتەوە.**

سەبارەت بە سیاسەتی حکومەت بۆ پاراستن و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی حوسێن حەمە کەریم وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامانجێتی پەرە بە بەرهەمە خۆماڵییەکان بدات و، ئاستی

قەبارەی هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بیانی کەم بکاتەوە، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە بەرهەمی ناوخۆیی پێداویستیی بازاڕ پڕ بکاتەوە، بازاڕیش بۆ ئەم بەرهەمانە بدۆزرێتەوە چ لە ڕووی ساغکردنەوەی بێت لە ناوخۆی هەرێم، یان لە ڕووی دۆزینەوەی بازاڕ بێت لە دەرەوەی هەرێم، ئەوەی پەیوەندیی بە سیاسەتی ناوخۆوە هەبێت، ڕاستە ئێمە لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا و لە کاتی زیادبوونی بەرهەمی خۆماڵیدا هێنانی هەندێك بەرهەمی کشتوکاڵی بیانی قەدەغە دەکەین، یان باجی لەسەر دادەنێین، ئەمەش پێویستی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی هەیە لە نێوان خواست و خستنەڕوودا، واتە نە ئەوەندە نرخ بەرز ببێتەوە کە ببێتە هۆی گلەیی هاووڵاتیان، نە ئەوەندەش دابەزێت ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە جووتیاران، لەم ڕێکارە گرنگتر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەرانمان ڕوو لە کەرتی پیشەسازیی خۆراك بکەن، بۆ نموونە: ئێمە ئێستا ژمارەیەك کارگەی بەرهەمهێنانی کوارگ (قارجك) و فینگەر و جبسی پەتاتەمان هەیە، کە وای کردووە جگە لە پەتاتەی خواردن پەتاتەی پیشەسازییش بەرهەم بهێنرێت، هەروەها کارگەکانی زەیتی زەیتوونیش بە هەمان شێوە».

## بازاڕەکانی کوردستان و عێراق تەواوکاری یەکترن بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران

لە ڕووی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆیی لە بازاڕەکانی پارێزگاکانی عێراق و دەرەوەی وڵات؛ وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گوتی: «لە تێڕوانینی ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئابووریی عێراق یەك ئابوورییە، دەبێت هەماهەنگیمان هەبێت بۆ لابردنی هەموو ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی لە بەردەم هەناردن و هێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا هەیە، چونکە ئێمە بەو ئاراستەیە دەچین کە بازاڕەکانی هەردوولا تەواوکاری یەکتر بن، لەم ڕووەوە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقدا واژۆ کراوە و، لیژنەیەکی باڵا پێکهاتووە بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ڕەوتی کارەکان و، نوێنەریش لە هەردوو وەزارەت دانراوە بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگیی کارەکان و لابردنی ئاستەنگ و گرفتەکان، کارمان کردووە بۆ یەکخستنی ڕۆژنامەی کشتوکاڵی بۆ بڵاوکردنەوەی کاتی پێگەیشتنی بەرهەمەکان، ئەو کاتەی بەرهەمی خۆمان هەبێت و پێداویستیی بازاڕ پڕ بکاتەوە، ڕێگە نادەین بەرهەمی بیانی هاوردە بکرێت، سەبارەت بە دۆزینەوەی بازاڕ لە دەرەوەی عێراقیش، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق گفتوگۆمان کردووە و ڕێککەوتووین، بەوەی ئاسانکاری و پاڵپشتی لە ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بۆ وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپا بکەین، لە ئێستادا دوو کۆمپانیا سەرقاڵی کارکردنن بۆ ئەوەی بەرهەمی هەنار لە کوردستان ڕەوانەی وڵاتانی ئەورووپا و کەنداو بکەن و، داخوازییان لەسەر بەرهەمی هەناری کوردستان هەیە، لەمەشدا هانی کۆمپانیا بازرگانییەکان دەدەین و ڕێنماییمان دەرکردووە، بەوەی بە چ شێواز و میکانیزمێك ئەو کارە بکەن، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بخەمە ڕوو کە وڵاتانی دراوسێی عێراق بەتایبەتی ئێران و تورکیا لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵییەوە بەهێزن، تەنانەت دابەزینی بەهای دراوەکانیشیان وا دەکات، زیاتر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان خواستی لە بازاڕەکانی دەرەوە لەسەر بێت، بۆیە دەبێت عێراق و هەرێمی کوردستانیش تەنیا بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵای بیانی نەبن، بەڵکو پەیوەندییە ئابوورییەکان لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بونیات بنرێت، ئێمەش هاوسەنگی لە نێوان هەنارده و هێنراوەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت سوود لە یەکتر وەربگرن و، پێداویستییەکانی ناوخۆیان دابین بکەن، عێراق بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەتوانێت کەرتی کشتوکاڵی ببووژێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵەکان لە نێوان هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەستی پێ کردووە و بەرەوپێش چووە، خۆشبەختانە ئەم بۆچوونە لەلایەنی عێراقیشەوە پەرەی پێ دەدرێت».

**ئێمە لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا و لە کاتی زیادبوونی بەرهەمی خۆماڵیدا هێنانی هەندێک بەرهەمی کشتوکاڵی بیانی قەدەغە دەکەین، یان باجی لەسەر دادەنێین، ئەمەش پێویستی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی هەیە لە نێوان خواست و خستنەڕوودا**

**ئێستا ژمارەیەک کارگەی بەرهەمهێنانی کوارگ (قارجک) و فینگەر و جبسی پەتاتەمان هەیە، کە وای کردووە جگە لە پەتاتەی خواردن پەتاتەی پیشەسازییش بەرهەم بهێنرێت، هەروەها کارگەکانی زەیتی زەیتوونیش بە هەمان شێوە**

**لە تێڕوانینی ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئابووریی عێراق یەک ئابوورییە، دەبێت هەماهەنگیمان هەبێت بۆ لابردنی هەموو ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی لە بەردەم هەناردن و هێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا هەیە**

**● دیاردەی قاچاخچێتی زیانی گەورەی بە بەرهەمی خۆماڵی گەیاندووە**

سەبارەت بە گلەیی و ڕەخنەکانی عێراقیش کە لەسەر قاچاخچێتی و پابەندنەبوون بە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان لە هەرێمی کوردستان دەیگرێت، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان گوتی: «هێنانی کەلوپەل و بەرهەمی بیانی لە ڕێگەی قاچاخ، نەك تەنیا بە یەکێك لەگرفتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەڵکو لە عێراقیشدا ئەم گرفتە هەیە، هەموو دەروازە سنوورییەکان لە عێراق هەمان گرفت و کێشەیان هەیە، ئێمە لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم گرفتەین، لەئێستادا هەوڵ دەدەین هەردوو لا ئەم دیاردەیە کەم بکەینەوە، زۆرجار سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندارەکانمان لە بوونی دیاردەی قاچاخ ئاگادار کردووەتەوە، هەروەها پابەندنەبوون بە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانیش ئەمە زیانی گەورەی بە بەرهەمی ناوخۆ گەیاندووە و، بەدواداچوونی جدیمان لەسەری هەیە، چونکە چەندین ساڵە وڵاتانی دراوسێ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان لە شارەکانی هەرێم و عێراق ساغ دەکەنەوە و سوودێکی گەورەیان کردووە، زۆر بەرهەم هەیە لە وەرزێکی دیاریکراودا هێنانی قەدەغە کراوە، ئەمە وەکو پاڵپشتی جووتیاران، بۆ نموونە: لە بواری مریشك و هێلکەدا، لە ئاکامی پەیڕەوکردنی قەدەغەکردنی هاتنی ئەم دوو بەرهەمە و زۆرجار دانانی باجێکی زۆر لە سەری، بووەتە هۆی زیادبوونی کێڵگەی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە و گۆشتی سپی و، هەنگاوی زۆر گەورە نراوە و ئەگەر بە تەواوی توانای خۆیان کار بکەن، زیاد لە پێداویستیی ناوخۆ بەرهەمیان هەیە، زۆربەی جار پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش پشت بە بەرهەمی گۆشتی مریشك و هێلکە دەبەستن، لە بواری بەرهەمەکانی دیکەی وەکو تەماتە و خەیار و میوەجات، لە هەندێك وەرزی ساڵدا زیاد لە پێداویستیی بازاڕ بەرهەممان هەیە و نرخەکەی دادەبەزێت، زۆربەی جار بووەتە هۆی سکاڵاو گلەیی جووتیاران، بۆیە لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەداین لە دوو ڕێگەی ناردنە دەرەوە و دروستکردنی پیشەسازیی خۆراکی بازاڕ بۆ بەرهەمی جووتیاران بدۆزینەوە، لەئێستادا دوو کارگەی دۆشاوی تەماتە هەیە، کە دوو ساڵە کەوتوونەتەوە کار و بڕێکی زۆری دۆشاوی تەماتە دەخەنە بازاڕەوە، ئەمە وێڕای کارگەکانی دیکەی جبس و پەتاتە و قارچك و شەربەت و...هتد، بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارەش لە گفتوگۆداین لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، بۆ ئەوەی کەرتی پیشەسازیی خۆراکی لەقوتونان و وشککردنەوە و دروستکردنی مرەبا و شەربەت و چەندین پرۆژەی دیکە جێبەجێ بکرێن، جێگای خۆشحاڵیشە لەبەشێکی پارێزگاکان شوێن دیاری کراوە بۆ پرۆژەکانی پیشەسازیی خۆراکی و پیشەسازیی کشتوکاڵی و، هەنگاوەکانی بووژانەوەی کەرتی پیشەسازیی خۆراك دەستی پێ کردووە و، ئاستی وەبەرهێنان لە پرۆژە کشتوکاڵییەکاندا گەیشتووەتە ٨٪ لە کاتێکدا پێشتر ئەم ڕێژەیە تەنیا ٢٪ بوو، خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم بارەوە یاسا و ڕێنماییە کشتوکاڵییەکانە، کە لە ئێستادا چەند یاسایەك لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان هەیە بۆ پەسەندکردنی، بۆ نموونە: یاسای سەرپەرشتیکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکان و ژمارەیەکی زۆری ڕێنماییش هەموار دەکرێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی کەمترین ڕۆتین هەبێت بۆ کارەکانی جووتیاران و وەبەرهێنەران «.

**● چیتر جووتیاران لە ساغنەبوونەوەی گەنمەکەیان نیگەران نابن**

لە بواری گەنمی جووتیاران و دۆزینەوەی بازاڕ، حوسێن حەمە کەریم گوتی: «توانیمان شایستە داراییەکانیانی جووتیارانی کوردستان لە عێراق دەستەبەر بکەین و لە ناوخۆی هەرێمیشەوە لەم کابینەیەدا گەیشتووینەتە دەرئەنجامێکی باش، چیتر جووتیارانمان مەترسیی ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکانیان نابێت، ئەوەتا جگە لەوەی لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە ئەو بڕە گەنمەی دیاری کراوە لە جووتیاران وەربگیردرێت، لە ناوخۆی هەرێمیشدا ٥٠٠ هەزار تەن گەنم بە بازاڕ دەکرێت، لە ساڵانی داهاتووش زیاتر دەبێت، تەنانەت بۆ بەرهەمی گەنمە شامیش هەنگاو نراوە و هەوڵ دەدەین وەکو گەنم پێویستیمان پێ نەبێت و بازاڕی بۆ بدۆزینەوە و، کەرتی تایبەتیش لەم بوارە دەهێنینە پێشەوە».

**ئەو کاتەی بەرهەمی خۆمان هەبێت و پێداویستیی بازاڕ پڕ بکاتەوە، ڕێگە نادەین بەرهەمی بیانی هاوردە بکرێت**

**دوو کۆمپانیا سەرقاڵی کارکردنن بۆ ئەوەی بەرهەمی هەنار لە کوردستان ڕەوانەی وڵاتانی ئەورووپا و کەنەدا بکەن و، داخوازییان لەسەر بەرهەمی هەناری کوردستان هەیە**

**ئێران و تورکیا لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵییەوە بەهێزن، تەنانەت دابەزینی بەهای دراوەکانیشیان وا دەکات، زیاتر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان خواستی لە بازاڕەکانی دەرەوە لەسەر بێت**




**مەیسەر عوبێد**

**سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# پێویستە کەرتی تایبەت ڕێک بخرێتەوە، بۆ ئەوەی بۆ خوڵقاندنی هەلی کار هاوکار و هەماهەنگی حکومەت بێت

**نکوڵی لەوە ناکرێت کە لاوان هێز و توانای کۆمەڵگەن و لەبەرچاوگرتن و برەودان بە کارامەیی و توواناکانیان، کۆمەڵگە بە ئاراستەی باشتر و گەشەکردووتردا دەبات، بە پێچەوانەوە ئەگەر لاوان بێ ئومێد و بێکار بن، ئەوا کۆمەڵگەکەش دووچاری کێشە و گرفتی گەورە دەبێتەوە، ئەم پرسانە و پرسی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی لاوانی کوردستاندا، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ مەیسەر عوبێد سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان .**

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین: ئایا تێڕوانینی یەکێتییەتان بۆ لاوان چییە و چۆن لە ڕۆڵ و بەشداریی لاوان لە پێشکەوتنی کوردستان دەڕوانن و چۆن گرنگیتان بە لاوان داوە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە بڵێین کە هەمیشە لاوان بەو شێوەیە پێناسە کراون کە بزوێنەری کۆمەڵگەن و هەوڵدەدەن لە پێناو بەدیهێنانی ژیانی باشتردا، بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بن، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشای شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازیی کوردستان بکەین، دەبینین لەسەر دەستی لاوان هەڵگیرساون، بارزانیی نەمر کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی دەست پێ کرد، لاو بوو، پاشان جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە بووە پێشمەرگە هەر لاو بوو، تا ئێستاش هەر لاوانن کە لە کایەکانی حکومەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، کەواتە لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێکدا لاوان هەوڵیانداوە خۆیان بگونجێنن و گۆڕانکاری بە ئاراستەی ئەرێنی و گەشەکردندا ببەن و، هەر لاوانن هەوڵدەدەن ژیان و گوزەرانێکی باشتر و شیاوتر و ئاسوودەتر بۆ کۆمەڵگە بێننە دی.

*** یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان چ پڕۆژە و کار و پلانێکی بۆ لاوانی کوردستان هەیە؟**

- ئێمە بۆ خزمەتکردنی لاوان لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشیدا کار و چالاکیی بەرچاومان ئەنجام داوە، یەکێك لەو کارانەمان خولی بارزانیی نەمر بوو، کە خولێکی سەرتاسەری بوو لە هەموو هەرێمی کوردستاندا و بە سەدان هەزار لاوی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، بەتایبەت ئەوانەی ئارەزوویان لە وەرزش بوو، لەم ڕووەوە کەرنەڤاڵی هونەریی میللی لە هەولێر ئەنجام درا و، لە بواری ڕۆشنبیریدا چەندین ڕاپرسیمان کرد لەسەر بێکاری و کۆچ و ماددەی هۆشبەر و ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە دەرچوو. هەروەها چەندین کار و خول و چالاکیی دیکەمان ئەنجام داوە، بۆ نموونە: لەسەر ژینگەپارێزی و خوێنبەخشین بۆ نەخۆشانی تالاسیما و زۆر کار و پڕۆژەی دیکەش. واتە بە شێوەیەکی گشتی، ئێمە لەسەر ئەو سێ گۆشەی کە شارستانێتیی مرۆڤایەتی لەسەر دروست بووە (هونەر و ڕۆشنبیری و وەرزش)، کارو پلان و بەرنامەی زۆرمان ئەنجام داوە، بەڵام بەداخەوە دوای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا دۆخێك دروست بوو، کە کاریگەریی نەرێنیی هەبوو لەسەر کار و چالاکییەکانمان، ئەگەرنا ئێمە پڕۆژەی زۆر و گەورەمان هەبوو کە لە دەرەوەی هەرێم ئەنجامی بدەین، بۆ ئەوەی ببینە لۆبییەك لە نێوان لاوەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دیکە، هاوکات لە ڕێگەی ئێمەوە چەندین لاو بەشدارییان لە خولْ و فیستیڤاڵی وەرزشی و هونەری و ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان وەك: تورکیا و ڕووسیا و ئەڵمانیا و ئازەربایجان و چەندین وڵاتی دیکە کردووە، بۆ لەمەودواش چەندین پڕۆژەی دیکەمان هەیە بۆ خزمەتی زیاتر و باشتری لاوانی هەرێمی کوردستان.

*** ئێوە بۆ کەمکردنەوەی بێکاری لەناو لاوانی هەرێم بەرنامە و پلانتان چی بووە و چۆن هەوڵتان داوە لاوان (بەتایبەتی دەرچووانی زانکۆکان) دابمەزرێن؟**

**بارزانیی نەمر کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی دەست پێ کرد، لاو بوو، پاشان جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی کە بووە پێشمەرگە هەر لاو بوو**

**لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێکدا لاوان هەوڵیانداوە خۆیان بگونجێنن و گۆڕانکاری بە ئاراستەی ئەرێنی و گەشەکردندا ببەن**

**ئێمە لەسەر ئەو سێ گۆشەی کە شارستانێتیی مرۆڤایەتی لەسەر دروست بووە (هونەر و ڕۆشنبیری و وەرزش)، کارو پلان و بەرنامەی زۆرمان ئەنجام داوە**

**لە ڕێگەی ئێمەوە چەندین لاو بەشدارییان لە خولّ و فیستیڤاڵی وەرزشی و هونەری و ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان وەک: تورکیا و رووسیا و ئەڵمانیا و ئازەربایجان و چەندین وڵاتی دیکە کردووە**

**پێویستە ژیانێکی خۆشتر و باشتر بۆ لاوانی کوردستان برەخسێندرێت، چونکە لاوانی کوردستان ماندوون**

**لە شەڕی دژی داعش چەندین شەهید و بریندارمان بەخشی، کە بەشی شێر بەر لاوەکانمان کەوتووە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ١٥٠ هەزار هەلی کاری بۆ لاوان ڕەخساندووە، ئێمەش وەک ڕێکخراو، خولی پیشەیی جۆراوجۆرمان کردووەتەوە و لەبەرنامەشماندایە بۆ چەندین خولی پیشەیی دیکە بەردوام بین**

- ئێمە لەم ڕووەوە ڕاپرسییەکمان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا سەبارەت بە بێکاری و دامەزراندن و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و دۆزینەوەی هەلی کار، ئێمە هەمیشە جەخت لەوە دەکەینەوە کە پێویستە ژیانێکی خۆشتر و باشتر بۆ لاوانی کوردستان برەخسێندرێت، چونکە لاوانی کوردستان ماندوون، هەروەها لاوانی کوردستان بە درێژایی مێژوو هەوڵ و کار و تێکۆشانیان دیار و بەرچاو بووە، هەر بۆ نموونە: لە شەڕی دژی داعش چەندین شەهید و بریندارمان بەخشی، کە بەشی شێر بەر لاوەکانمان کەوتووە، هەر بۆیە لاوان شایانی زۆر شتی باشن، بەڵام ئێمە دەزانین لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بودجەی کوردستان لەلایەن بەغدا بڕا و، دواتر دووچاری شەڕی داعش بووینەوە و پەتای کۆرۆناش بڵاوبووەوە، کە هەموو ئەوانە هۆکارن بۆ ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە تووشی کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەتیش لاوەکانمان بووەتەوە، ئەگەرچی ئەوەی ئێمە ئاگادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ١٥٠ هەزار هەلی کاری بۆ لاوان ڕەخساندووە، ئێمەش وەك ڕێکخراو، خولی پیشەیی جۆراوجۆرمان کردووەتەوە و لەبەرنامەشماندایە بۆ چەندین خولی پیشەیی دیکە بەردوام بین، تا ئەو بۆشایی و ئەو کارانەی پێویستیان بە توانا و هێزی لاوان هەیە، ئامادەیان بکەین و بۆشاییەکان بە توانا و هێزی لاوان پڕ بکەینەوە.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان گرنگییەکی زۆر و تایبەت بە هێزو توانای لاوانی کوردستان دەدات، ئایا ڕۆڵی ئێوە وەك ڕێکخراوێکی لاوانی کوردستان چییە لەوەی کە لاوان و هێزی لاوان زیاتر لە کایەکانی حکومەت و دەوڵەت بەشدار بن؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان خۆی لاوە، کابینەی نۆیەم لە سەرۆك وەزیرانەوە بگرە تا وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئەو لاوانەن کە بەرهەمی هەشت کابینەی پێشوون، حکومەتی هەرێم زۆر بە جددی کار لەسەر تواناکانی لاوان دەکات و، لە ڕاستیدا گرنگیدان بە لاوان و بە توانا و هێزیان جێگای شانازی و خۆشحاڵییە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگیی زیاتر بە لاوان دەدرێت، هەر بۆ نموونە، چەندین وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گەنج هەن و، چەندین جومگەی دیکە لە دامودەزگاکانی حکومەت لەو کابینەیدا گەنجن، خۆ ئەگەر ئێستاش هەست بەو گۆڕانکارییە نەکەین کە هێز و توانای گەنجان کارا کراون، ئەوە لە داهاتوودا، یان دوو و سێ ساڵی دیکە زۆر بە جوانی هەست بەو کاریگەری و بەشدارییەی لاوان لە گەشەکردن و ئاوەدانی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

*** یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکەم ڕێکخراو بوو کە یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ لاوانی هەرێم لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە جێبەجێ کردووە، هاوکات چەند ساڵێك ئاهەنگی هاوسەرگیریی بەکۆمەڵی بۆ لاوانی کوردستان ڕێ خستووە و، ڕۆڵی لە پێدانی پێشینە بۆ هاوسەرگیری و چەندین کار و پڕۆژەی دیکەدا هەبووە، ئایا ئەو ڕێکخراوە ئێستاش پلان و بەرنامەی لەو جۆرە کار و پرۆژانەی بۆ لاوان هەیە؟**

-ئێمە پێشتر ئەو بەرنامە و پڕۆژانەمان هەبوو، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ڕاستە ئێمە ڕێکخراوێکی جەماوەریین، بەڵام هاوکات ڕێکخراوێکی سیاسیشین، کە کاری هەرە لەپێشینەمان پێگەیاندن و پێشخستن و ئامادەکردنی کادیر و کەسانی باش و بەتوانایە بۆ کۆمەڵگە و، خۆمان بە خاوەنی ئەوە دەزانین کە چۆن ژیانی لاوەکانمان باشتر و بەهێزتر بکەین. ئێستاش کار لەسەر ئەوە دەکەین ببینە ئەو پردەی کە فشار لەسەر حکومەت و حزب دروست بکەین، تا بەرنامەکانی خۆیان زیاتر بخەنە خزمەتی لاوان. بۆ وەڵامی ئەو پڕۆژە و بەرنامەشی کە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کرد، بێگومان سەد لەسەد ڕاستە پێشتر ئەنجاممان داوە، بەڵام ئێستا کێشەی گەورەی لاوان هاوسەرگیری نییە، بەڵکو کێشەی ئێستای لاوان بێکاری و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونە و ئەوانەش دەبێت لەلایەن حکومەتەوە چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی زیاتر متمانە لە نێوان هاووڵاتی و حکومەت بەگشتی و لاوان و حکومەت بەتایبەت دروست بێت، کە ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، کە حکومەت دەستەبەریان بکات، وەك دەستەبەری

کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دانانی سیستمی بانکی و...تاد، هەر کاتێك حکومەت ئەو کار و شتانەی بە تەواوی ڕێکخست، ئەوە هەنگاوێك گەنج دەچێتە پێش، چونکە ئەگەر ١٠ هەزار لاو پرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدرێت، لە کاتێکدا شوێنی نیشتەجێبوون و کاریان نەبێت، ئەوە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ژیان و بارودۆخی کۆمەڵگە دروست دەکات و، کاریگەری لەسەر کولتووری کۆمەڵگەش دەبێت، کە ساڵانە و ڕۆژانە دەبینین چەندین لاو لە داداگای شارەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکانیان و، ئەو هەڵوەشاندنەوەی خێزانانەش کاریگەری دەروونیی خراپ و بۆشایی زۆر لەسەر خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات، هەر بۆیە ئەو بابەت و کێشانەی لاوان لە کۆمەڵگەکەماندا تێی کەوتوون، ناتوانین تەنیا بۆ لایەنی حکومەتی بگەڕێنینەوە، بەڵکو هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و زۆر شتی دیکە هەیە، تەماشا بکەین دەبینین ڕۆژانە چەندین لاو لە هەرێمی کوردستان بۆ هەندەران و ڕێگەی هات و نەهات کۆچ دەکەن، چونکە مرۆڤ بە سرووشتی خۆی لە شوێنێك دەگەڕێت کە لایەنی ئەمنیی پارێزراو و سەقامگیر بێت و، باری ئابووریشی باش بێت و کاری هەبێت، کۆچکردن بە مانای ئەوەش دێت کە کەسەکان بچنە شوێنێك خۆشتر بژین، من لە ٢٠٢٠/١٢/٢٦ چوومە خزمەت جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارەکەدا جەنابیان فەرمووی هەرچی لاوان پێویستیان بێت، ئێمە پشتگیرییان دەکەین، یەکێ لەو پرۆژانەمان شوێنی نیشتەجێبوون و پشتگیریی لاوەکانمانە بۆ هاوسەرگیری.

*** ئایا هۆکاری ئەو کۆچەی ئێستای لاوان لە هەرێمی کوردستان کە ڕێگەی هات و نەهاتە و، وەك دەبینین لە میدیاکان تووشی چ نەهامەتی و کارەساتێك دەبنەوە، بۆچی دەگێڕێتەوە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- بە درێژایی مێژوو کۆچ هەبووە، من ناچمە ناو ئەو قسانە کە دەڵێت کۆچ شتێکی نۆرماڵە، بەڵام ئەو کۆچە ئێستا لە کوردستان هەیە، بووەتە دیاردە، چونکە لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا تا ئێستا زیاتر لە ٣٥ هەزار لاو لە کوردستان کۆچیان کردووە و، لە ئێستادا کۆچ زیاتر لە سێ وڵات هەیە، کە ئەوانیش عێراق و سووریا و ئەفغانستانن، هۆکاری کۆچ لەو سێ وڵاتە دەگەڕێتەوە، بۆ هەبوون و بەردەوامیی شەڕ و بێکاری، ترس و ناسەقامگیری، بێ باوەڕی و بێ متمانەیی، هەموو ئەو هۆکارانە وای کردووە کە گەنج کۆچ بکەن، ئەو گەنجانەی کۆچ دەکەن لە ٨٠٪ تەماشایان بکەین هەر یەکەی زیاتر لە دە هەزار دۆلاری هەیە، بەڵام ئەو گەنجەی ڕۆژانە گوێی لێ دەبێت ئەوە داعش هات، ئەوە حەشد و پەکەکە هات و، لە دەوروبەری هەرێمی کوردستان شەڕو ناسەقامگیری هەیە، ئەوە نزیکەی ٦٠٠ گوندی سنووری لەگەڵ باکوور بە هۆی پەکەکەوە کۆچیان کرد بۆ شار و شوێنی دیکە، بەمانە لاوەکانمان زیاتر بۆ دەرەوەی هەرێم دەچن، کە دەگەڕێن بۆ ژیانێکی خۆشتر و ئاسوودەتر، لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ٢٠١٤ وە لە بەر قەیران و شەڕی داعش و چەندین بارودۆخی دیکە کە بەسەر هەرێمدا هاتووە، نەتوانراوە هەلی دامەزراندن بۆ گەنج و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بڕەخسێندرێت، واتە زیاتر لە ٥٠ هەزار گەنج پاش چاوەڕوانی و ماندووبوونێکی زۆر دانەمەزراون، بڕینی بودجە و خراپیی گوزەرانی خەڵکی کوردستانیش، هۆکاری دیکەن بۆ ئەوەی گەنجەکان بیر لە ژیانێکی دیکە بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگەی کۆچیان گرتووەتەبەر، کە دەیانەوێت وڵاتێکی دیکە هەڵبژێرن کە ژیانیان تێدا باشتر و سەقامگیرتر بێت و، هەلی کاریان دەست بکەوێت، لێرەدا داوا دەکەین و لە چەند ڕێگە و کەناڵی دیکەش ئاماژەم بەوە داوە، کە ڕێکخستن لە کەرتی تایبەت بکرێت، تا ببێتە هاوکار و هەماهەنگ لەگەڵ حکومەت، چونکە لە هەموو وڵاتانی دنیا دەستکەوتنی کار تەنیا لەلای حکومەت نییە، بەڵکو بۆی هەیە ٢٠٪ی لە حکومەت کاری دەست بکەوێت، ئەوەی دیکە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، ئەو بەرنامەیەی ئێستاکە کە حکومەتی هەرێم هەیەتی، کاتێك سەردەکەوێت کە گەنجەکانمان کاریان لە کەرتی تایبەت دەست بکەوێت و ژیانیان سەقامگیر و باش بێت.

**حکومەتی هەرێم زۆر بە جددی کار لەسەر تواناکانی لاوان دەکات و، لە ڕاستیدا گرنگیدان بە لاوان و بە توانا و هێزیان جێگای شانازی و خۆشحاڵییە**

**ئێستاش کار لەسەر ئەوە دەکەین ببینە ئەو پردەی کە فشار لەسەر حکومەت و حزب دروست بکەین، تا بەرنامەکانی خۆیان زیاتر بخەنە خزمەتی لاوان**

**کێشەی گەورەی لاوان هاوسەرگیری نییە، بەڵکو کێشەی ئێستای لاوان بێکاری و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونە و ئەوانەش دەبێت لەلایەن حکومەتەوە چارەسەر بکرێن**

**ڕۆژانە چەندین لاو لە هەرێمی کوردستان بۆ هەندەران و ڕێگەی هات و نەهات کۆچ دەکەن، چونکە مرۆڤ بە سرووشتی خۆی لە شوێنێک دەگەڕێت کە لایەنی ئەمنیی پارێزراو و سەقامگیر بێت و، باری ئابووریشی باش بێت و کاری هەبێت**



# کاریگەریی چات و بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شوفێریدا



یوسف عوسمان حەمەد
پسپۆڕی دەروونزانی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

چەمکی مۆبایل خۆی شۆڕشێکی فرە ڕەهەندی تەکنەلۆژیایە و کودەتایەکی خێرا بوو لە چەقبەستوویی زانستی گەیاندن. لەو ئامێرەدا هەموو گۆی زەوی لە ڕووبەرێکی بچووکدا کۆکرایەوە. بەم کارە عەقڵییەتی مرۆڤ ئەوەی سەلماند کە دەتوانێت گەورەترین ئەفسوونی زانستی بکات و، زەمەن بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بڕوات، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ئامێرە وەکو ئینتەرنێت نییە، هەموو کەس دەتوانێت بەکاری بهێنێت و سوودی لێی وەربگرێت، واتە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ لە هەموو ئاستەکانی تەمەن و هەردوو ڕەگەز و هەموو ئاستەکانی خوێندەواری کە هەردووکیان دەتوانن بە ڕێژەیەکی لێك نزیك وەکو یەك لەو ئامێرە سوود ببینن، تەنیا بۆ ماوەیەك پرۆڤەیان دەوێت. بەڵام بوارەکانی دیکەی تەکنەلۆژیا بۆ نموونە ئینتەرنێت زیاتر کاتی دەوێت. شتێکی دی لە مۆبایلدا خێرایی مۆدیلەکانیەتی لە ڕووی ڕکابەریی فرە زانیاری و بەکارهێنانی



بەردەوام دەگۆڕێت.

هەموو ئامێرەکانی گەیاندن ئەگەر لە ڕووی ماددی و کەسی زیانی هەبێت، ئەوا ئامێری مۆبایل ئەو زیانەی کەمترە، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی زیانی زیاترە. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا جگە لە سوودگەیاندن بە مرۆڤایەتی، ئەوا لە بەرامبەردا زیانیشی هەیە. بەڵام مۆبایل ئەو زیانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سەلامەتی هەیە، بۆ نموونە: کاتێك کەسێك شوفێری دەکات، یەکێك لە هونەرەکانی شوفێری تەرکیزکردنە بۆ سەلامەتی، بەڵام کاتێك مۆبایل بە کار دەهێنێت و، چات و سناب دەکات، ئەوا تەرکیزی دەچێتە لاوازترین خاڵ بۆ شوفێری، هەموو ئەو کەسانەی کە لە بواری یاسای هاتوچۆ کاردەکەن، باس لەوە دەکەن زۆرترین ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر بەرکارهێنانی مۆبایل و چاتکردنە لە کاتی شوفێریدا. واتە لە داتای شیکارییەوە دەبێ مرۆڤ شرۆڤەی بۆ بکات و، لەسەری بوەستێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەکان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دەبن. لە دادگای کەتن و تاوان ئەو ژمارانە ئەوە دەسەلمێنن کە ڕێژەی مردن و برینداربوون جگە لە زەرەری ماددی بە موڵکی تایبەتی و گشتی نزیکەی (٥٣٪) زیادی کردووە لە چاو ساڵانی پێشوو، واتە پێش پەیدابوونی ئامێری مۆبایل کە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نادروست لە ڕێگەی مۆبایل لە کاتی شوفێریدا، زۆر شەڕ و ئاژاوە لە نێوان خەڵکەکانەوە بووە بە هۆی گاڵتەپێکردنەوە لە ڕێگەی مۆبایل. چەندان جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە شوفێران لەم کاتەدا جنێۆ بە یەکتری دەدەن، یان هەڕەشە لە یەکتری دەکەن، بە هۆی ئەوەی کە لەکاتی لێخوڕین مۆبایلی بەکارهێناوە و ئاگای لە خۆ نەبووە. بەدیوێکی دیکەی کۆمەڵایەتییەوە بە هۆی مۆبایل و نامەناردنی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێك کێشە وگرفت کە هەموویان پۆلین دەکرێن بە کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و لێك هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی خێزانی و نەمانی پیرۆزیی پەیوەندیی

**باشترین حاڵەت ئەوەیە عەقڵ و تەکنەلۆژیا هەردووکیان لە یەک زەمەن بن و هاوتای یەکتر بن و یەکتری قەبووڵ بکەن، بۆ ئەوەی کارەساتی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت**

**کۆمپانیاکان سەرقاڵی ئەوەن کە مۆبایلی پزیشکی دابهێنن و ئەو ئامێرە مۆبایلە بەردەوام چاودێری تەندروستیت دەکات لە فشاری خوێن و ڕێژەی شەکرە و لێدانی دڵ و ئەنزیمە ڕژێنەکان ئاگادارت دەکاتەوە**

**هیچ کاتێک سوودەکانی ئامێرەکانی مۆبایل تەواو نابن، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ داتای نوێ لەو ئامێرەدا سەر هەڵدەدات، جگە لەوەی هێڵی ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سەتەلایت لەو ئامێرە بچووکەدا کۆکراونەتەوە**

**هەستیاریی شەشەم کە لە زانستی دەروونی بە «پاراسایکۆلۆژیا» ناسراوە، کۆمەڵێک نهێنی پەیوەندیکردنی هەیە کە تا ئێستا زۆربەیان ئاشکرا نەبووە و نەتوانراوە بە شێوەیەکی زانستی ڕەشنووسی ئەم لایەنە ئاشکرا بکرێت**

**شەپۆلەکانی مێشک زوو لەکاردەکەون، ئەگەر لە توانای خۆیان زیاتر ماندوو بن بە هۆی زۆر بەکارهێنانی مۆبایل**

هاوسەرگیری، ئەمەش وەکو فشارێکی دەروونیی پەنگخواردوو کار دەکاتە سەر دەروونی تاک و لە کاتی شوفێریکردن ڕێژەی هەڵچوونی زیاد دەبێت و، لە بچووکترین کێشە تووڕە دەبێت و، ئامادەیی شەڕی تێدا بەرجەستە دەبێت. لەوانەیە چەکی تێدا بەکار بێت، بۆیە زۆر جار لەسەر شکانەوەی ئۆتۆمبێل، یان هۆڕن کێشەی گەورە دروست بووە، ئەمەش لە شیکاریی باری دەروونی دەگەڕێتەوە سەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل بۆ ماوەیەکی زۆر پێش شوفێریکردن. جگە لەوەی خودی مۆبایل گەورەترین شۆڕشی عەقڵی مرۆڤایەتی بووە لە بواری ڕاگەیاندندا، بەڵام دیوەکەی دیکەی مۆبایل گرفت و زیانی کۆمەڵایەتی بووە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گەلێ کارەساتی لێ کەوتووەتەوە.

لەوەتەی ئەو ئامێرە داهێنراوە، بە هەزاران لێکۆڵینەوە و نووسینی لە بارەوە نووسراوە، لە ڕووی زیانەکانی و زەرەرگەیاندن بە تاک لە ڕووی فسیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، جگە لە دروستکردنی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەر لە دروستکردنی مۆبایل زانایانی تەکنەلۆژیا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، چۆن بتوانن کۆدەکانی مێشکی مرۆڤ وەربگرن و خودی شەپۆلەکان بکەنە لەرەلەری لەیەکتری گەیشتن و ئاخاوتن بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێکی دەرەکی، بۆ نموونە دووکەس بە ملیۆنەها کیلۆمەتر لەیەکتری دوورن دەتوانن بەهۆی ئەو ئامێرە بچووکە قسەبکەن و وێنەو دەنگ بەکاربهێنن لە ڕێگەی کۆدی شەپۆلەکان و بەکارهێنانی ئەلکترۆنی سەربەست لە بۆشاییدا. زانایان بیریان لەوە کردەوە ئەم پرۆسەیە بگوازنەوە بۆ ناخی خودی مرۆڤەکە، واتە مێشکی مرۆڤ هەمان خەسڵەتی فیزیایی و کیمیایی ئەو ئامێرە وەربگرێت و ببێتە جێگرەوەی پەیوندیکردن، کاریگەریی مۆبایل و ئامێرەکان لەسەر خودی مرۆ کەم بکەنەوە و، تاکێکی ئارام دروست بێت لە کاتی کارکردن و شوفێریکردن و لە هەوڵی ئەوەدا بوون زیانەکانی مردن زۆر کەم بکەنەوە. واتە هەر کاتێک تۆ بیر لە هاوڕێیەکەت بکەیتەوە، لە هەر سووچێکی ئەو زەمینە بێت، ئەوا ئەویش بیر لە تۆ دەکاتەوە و دەتوانن قسە لەگەڵ یەکتری بکەن و زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ بکەن و لە هەواڵی یەکتری بپرسن، تەنیا کۆدی یەکتر بزانن، بە بێ ئەوەی کەسی سێیەم بێتە نێو بازنەی گفتوگۆ، ئەمەش لە چەند ڕوویێکەوە سوودی زۆری هەیە، وەکو سەلامەتیی خودی مرۆڤەکە لە ڕووی فسیۆلۆژی مێشك و سەلامەتی لە نەخۆشی و کەم خەرجی و پیسنەبوونی ژینگە و ڕوونەدانی ڕووداو و کۆمەڵێك ڕەهەندی دیکە، ئەم بیرکردنەوەیە ئەگەرچی ئەمڕۆ خەونە، بەیانی ڕاستییە کە هۆکارێکی سەرەکیی چارەسەری دەروونیی تاکە بۆ سەرجەم گرفتەکان، واتە مێشك دەبێتە گەورەترین کۆمپانیای پەیوەندیکردنی بە بێ زیان، زانایان ئەو مەترسییەیان خستەڕوو کە زۆر بەکارهێنانی مۆبایل مێشك ماندوو دەکات و، خانەکانی بێ کەڵك دەبن و لەناو دەچن و، تاك کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات و کەسێکی شەڕانگێز دەبێت، ڕەنگە تەمەنی مێشك زۆر کەمتر بێت، لە تەمەنی جەستە، واتە مێشك هیلاك دەبێت و جەستە هەر زیندووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شەپۆلەکانی مێشك زوو لەکاردەکەون، ئەگەر لە توانای خۆیان زیاتر ماندوو بن بە هۆی زۆر بەکارهێنانی مۆبایل. چونکە هەستیاریی شەشەم کە لە زانستی دەروونی بە «پاراسایکۆلۆژیا» ناسراوە، کۆمەڵێك نهێنیی پەیوەندیکردنی هەیە کە تا ئێستا زۆربەیان ئاشکرا نەبووە و نەتوانراوە بە شێوەیەکی زانستی ڕەشنووسی ئەم لایەنە ئاشکرا بکرێت. کاتێك زانایان باس لە تەلەپاسی (أیحاء) ی خودی دەکەن، واتە قسەکردن لەگەڵ کەسانی ون و شاراوە، یان شوێنهەڵگر، یان خەواندنی موگناتیسی، یا قسەکردن لەگەڵ ڕۆحدا، ئەمانە کۆمەڵە فیگەرێکن دەکرێت زانایان کاری لەسەر بکەن لە حاڵەتێکی هەستەوەری شاراوە بیگۆڕن بۆ بەرجەستەبوون و پرۆسەیەکی ڕۆژانە. هەر لەسەر ئەمەشدا دەرهێنەرانی سینەما فلیمێکی لەو شێوەیان دەرهێنا کە کوڕ و کچێك پەیوەندیی خۆشەویستییان دەبێت، لە شوێنێکی ژووانگرتندا کچەکە ئامادە نابێت، بە بیانووی ئەوەی تاقیکردنەوەی هەیە، بەڵام کوڕەکە دەڵێت مــن شارەزایی یۆگام هەیە، ئەو مەشقە دەکەم تۆ لە کاتی پرسیار دابەشکردندا لە خەیاڵی خۆتدا پرسیارەکان بخوێنەوە و وەکو (أیحاء) بۆ منی بنێرە، ئەمیش لە هەمان کاتدا لە ژوورێکی چۆڵ و بێ دەنگ دەبێت، لە کاتی خوێندنەوەی پرسیارەکان هەمووی بە هۆی کرداری پاراسایکۆلۆژی (تەلەپاسی)



وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدۆزێتەوە، بە هەمان کرداری تەلەپاسی ڕەوانەی دەکات و، کچەکەش وەکو سروش وەری دەگرێت و، وەڵامی ڕاست و دروست دەنووسێ و باشترین نمرە بەدەست دەهێنێت. ئەمە بەشێکە لە بایەخدانی زانایان بە نهێنییەکانی مێشك و دەرفەت وەرگرتنی بۆ بەکارهێنانی تۆڕی پەیوەندیی مێشك بەپێی داتای شەپۆلەکان. ئێستا ئەمە لە ئۆتۆمبێلە زیرەکەکان تاقی دەکەنەوە، کە ئۆتۆمبێلەکە بەشێك بێت لە مێشکی مرۆڤ. خۆی کۆنترۆڵی حۆی بکات، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کارەسات و ڕووداوەکان ئەگەر شوفێر بە شتی دیکە خەریك بوو، وەکو بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی لێخوڕین.

هیچ کاتێك سوودەکانی ئامێرەکانی مۆبایل تەواو نابێت، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ داتای نوێ لەو ئامێرەدا سەر هەڵدەدات، جگە لەوەی هێلی ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سەتەلایت لەو ئامێرە بچووکەدا کۆکراونەتەوە، ئەوا کۆمپانیاکان سەرقاڵی ئەوەن کە مۆبایلی پزیشکی دابهێنن و ئەو ئامێرە مۆبایلە بەردەوام چاودێریی تەندروستیت دەکات لە فشاری خوێن و ڕێژەی شەکرە و لێدانی دڵ و ئەنزیمە ڕژێنەکان و ئاگادارت دەکاتەوە لە تێکچوونی هاوسەنگی و چارەسەرکردنی کتوپڕ و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە تایبەتی بارهەڵگرەکان. ئەمە گەورەترین بەرهەمی عەقڵی مرۆڤایەتییە، بۆیە سوودەکان نایەنە هەژمار کردن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لە بەرامبەردا هیچ زیانێکی نییە، یان حاڵەتی نەگەتیڤی نییە، نەك خودی ئامێرەکە، بەڵکو لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی و عەقڵییەتی کارپێکردنی، باشترین حاڵەت ئەوەیە عەقڵ و تەکنەلۆژیا هەردووکیان لە یەك زەمەن بن و هاوتای یەکتر بن و یەکتری قەبووڵ بکەن، بۆ ئەوەی کارەساتی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت.

**زانایان ئەو مەترسییەیان خستەڕوو کە زۆر بەکارهێنانی مۆبایل مێشک ماندوو دەکات و، خانەکانی بێکەڵک دەبن و لەناو دەچن و، تاک کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات و کەسێکی شەڕانگێز دەبێت**




**عەمید ئەسعەد مەلا کەریم**

وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێم بۆ گوڵان:

# تیژڕەوی و بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا کارەسات و قوربانییەکی زۆریان لێ کەوتووەتەوە

**ڕاستە لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زۆرن، بەڵام ڕەنگە ئەم ژمارە زۆرە هۆکاری سەرەکیی ڕووداو و کارەساتەکانی هاتوچۆ نەبن، بەڵکو هەندێ هۆکاری دیکەی وەك تیژڕەوی و سەرقاڵبوون بە وەڵامدانەوەی پەیوەندیی تەلەفۆن و، تەنانەت نامەنووسین و چاتکردنیش لە کاتی شۆفێریدا دیاردەی مەترسیدارن و دەرئەنجامی کارەساتباریان لێ کەوتووەتەوە، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ عەمید ئەسعەد مەلا کەریم وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێم.**

*** سەرەتا دەمانەوێت تێڕوانینی ئێوە لە بارەی پرس و کێشەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان بزانین؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر لە ڕووی ڕێژەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەوە کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و ستانداردی جیهانی، ئەوە ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەیەکی زۆر بەرزی هەیە، چونکە بەپێی ستانداردی جیهانی بۆ هەر حەوت کەس یەك ئۆتۆمبێل دانراوە، لە کاتێکدا ئەگەر ئامارەکان وەربگرین لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا زیاتر لە دوو ملیۆن ئۆتۆمبێلی هەیە واتە لە ٣٣٪ی خەڵکی ئۆتۆمبێلی هەیە، ئەوەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە و هۆکاری ئەو ژمارە زۆرەش لە کوردستان بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، یەکەم هۆکار کە لە هەموویان زیاتر کاریگەریی دروست کردووە، نەبوونی گواستنەوەی گشتییە لە هەرێمی کوردستاندا، کە دەتوانین بڵێین لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا، کوردستان لە بواری گواستنەوەی گشتیدا لە ئێستا پێشکەوتووتر بوو، تەنانەت لەساڵانی حەفتاکان و هەندێك لە هەشتاکانیش هێڵی شەمەندەفەڕ لە نێوان هەولێر و کەرکووك و، لەوێشەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق هەبوو، هەروەها لە شارەکانی کوردستان پاسی میری هەبوو کە لە نێوان گەڕەکەکانی ناو شار و لە نێوان شار و قەزا و ناحیەکاندا هاتوچۆیان دەکرد و لەکاتی خۆیان دەهاتن، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئێمە لە سەدەی ٢١داین، کەچی ئەو گواستنەوەی گشتییەمان نییە، کەواتە ئەمە هۆکارێکی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلە کە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی تووشی ئەو هەموو ڕووداوەی هاتوچۆ ببین، هەروەها زۆربەی کات هاووڵاتیان بە هۆی ئەو قەلەباڵغی و جەنجاڵییەوە تووشی گرفت و دواکەوتن دەبن لە کارەکانیان، هۆکارێکی دیکەی ئەو ڕێژە زۆرەی ئۆتۆمبێل لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی بژێوی ژیانی زۆربەی خەڵکی هەرێم، ئەو ئیمکانیەتە هەیە کە زۆربەی خەڵك ئۆتۆمبێلی خۆیان هەبێت.

> **لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا، کوردستان لە بواری گواستنەوەی گشتیدا لە ئێستا پێشکەوتووتر بوو، تەنانەت لەساڵانی حەفتاکان و هەندێک لە هەشتاکانیش هێڵی شەمەندەفەڕ لە نێوان هەولێر و کەرکووک و، لەوێشەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق هەبوو**

*** باسی ڕووداوەکانی هاتوچۆتان کرد، ئایا هۆکاری ئەو هەموو ڕووداوانەی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بێگومان هۆکارەکان زۆرن، بەڵام دوو هۆکاری زۆر سەرەکی هەیە، یەکەمیان تیژڕەوییە، لە ڕاستیدا بەپێی ئەو ئامارانەی لە هاتوچۆی شارەکانەوە بۆ ئێمە دێت، هۆکاری تیژڕەوی لە ڕووداوەکاندا پشکی شێری بەرکەوتوو، هۆکاری دووەم بەکارهێنانی مۆبایلە لەلایان شۆفێرانەوە و خۆخەریککردن بە شتی لاوەکی، بەتایبەتی لەو چەند ساڵەی دواییدا کە هەموو خەڵك مۆبایل بەکاردەهێنن، بەداخەوە شۆفێران جگە لەوەی مۆبایل بەکار دەهێنن و وەڵامی پەیوەندییەکان دەدەنەوە، هاوکات خۆیان بە نامەناردن و وەڵامدانەوەی نامەکانیشەوە خەریك دەکەن، ئەوەی ئێمە لە هاتوچۆدا تێبینیمان کردووە، شۆفێران وەك پێویست پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نابن، ئەگەر بێت و بەپێی ستانداردی جیهانی تەماشا بکەین، ئەوا لە هەر چرکەیەکدا کە شۆفێر خەریکی مۆبایل، یان خەریکی کاری لابەلا دەبێت و خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی لەو کاتەدا- ١٠٠کم لە سەعاتێکدا بێت، ئەوە ٢٨ مەتر ڕۆیشتووە بەبێ ئەوەی ئاگاداری پێش خۆی بووبێت، ئەگەر خێراییەکەی ٦٠ کم بێت

> **بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شۆفێریدا شتێکی شارستانی نییە و زەرەری زۆری لە بواری هاتوچۆ داوە**

**ئێمە لەگەڵ ئەوەین بە یاسا ئیجرائاتی توندتر دەربچێت، کە بە هەموو شێوەیەک بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا قەدەغە بکرێت**

**ئەو ڕێگەوبانانەی نێوان شارەکانمان کە یەک سایدن، دەبنە هۆی زیادبوونی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ**

**ئێمە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمانتوانیوە شۆفێر وەک پێویست دروست بکەین، بەڵام مۆڵەتمان بە شۆفێر داوە**

**زۆر لە شۆفێران تەرکیز لەسەر ئەو هێمایانە ناکەن کە لە ڕێگەوبانەکان دانراون و خەرجییەکی زۆری بۆ کراوە و تا ڕاددەیەکی باش بە ڕێژەی ستانداردی جیهانییە**

لە سەعاتێکدا و یەك چرکە خۆی بەکاری لابەلا خەریك کردبێت، بەتایبەتی مۆبایل و چات، ئەوە ١٧ مەتر ڕۆیشتووە و پێش خۆی نەبینیوە، ئەگەرچی هەندێ جار شۆفێر پێنج چرکەش زیاتر خۆی بە مۆبایل خەریك دەکات، هەر بۆیە لێرەدا داوا لەشۆفێران دەکەم لە کاتی شۆفێریدا بەهیچ جۆرێك مۆبایل بەکارنەهێنن، چونکە ئەوە چەند چرکەیەك نییە، بەڵکو دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە ئەوەندە مەترە ڕۆیشتووە و ئاگاداری پێش خۆی نەبووە، کە هەندێ جار ١٠ چرکەو زیاتریش خۆیان بە مۆبایلەوە خەریك دەکەن، کەواتە بەکارهێنانی مۆبایڵ لەکاتی شۆفێریدا شتێکی شارستانی نییە و زەرەری زۆری لە بواری هاتوچۆ داوە، ئەگەرچی بەپێی یاسا سزایەکی ماددیی بۆ دیاری کراوە، کە بڕی پێبژاردنەکە زۆر نییە، بەڵکو ئێمە لەگەڵ ئەوەین بە یاسا ئیجرائاتی توندتر دەربچێت، کە بە هەموو شێوەیەك بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا قەدەغە بکرێت، کە دەڵێین بەکارهێنانی مۆبایل قەدەغە بکرێت، مەبەست هەموو بوارەکانە، هەر لە پەیوەندیکردن و نامەنووسین و چات و فەیسبووك و یوتوب و . . . تاد، چونکە بە هۆی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایان شۆفێرانەوە لەکاتی شۆفێریدا ساڵانە خەڵکێکی زۆر دەبنە قوربانی، بۆ ڕێگەگرتن لە دیاردەی بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شۆفێریدا، داوا دەکەین لەو یاسا تازەیەدا کە بڕیارە لە بواری هاتوچۆ دەربچێت، سزایەکی توند و شایستە بۆ ئەو سەرپێچییە دابنرێت، کە بە شێوەیەك بێت بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا بنبڕ بکرێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەپێی ئەو زانیارییەی هەمانە سزاکەی زۆر توندترە لەوەی لای خۆمان هەیە، هەروەها چەندین هۆکاری دیکەش هەیە کە سەرەکی نین و دەبنە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. لەو هۆکارانەش، ڕێگەوبانەکانە کە بەپێی پێویست نەبن، وەك ئەو ڕێگەوبانانەی نێوان شارەکانمان کە یەك سایدن، دەبنە هۆی زیادبوونی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

*** ئایا ڕێنمایی و تابلۆکانی هاتوچۆ بەپێی پێویست دانراون و، کار و ئەرکەکانی ئەندازەی هاتوچۆ بەپێی زانست و ڕێنمایەکانی هاتوچۆ جێبەجێ دەکرێن؟**

- ئێمە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەمانتوانیوە شۆفێر وەك پێویست دروست بکەین، بەڵام مۆڵەتمان بە شۆفێر داوە، بێگومان مۆڵەتدان و شۆفێر دروستکردن دوو شتی لە یەکتر جیاوازن، بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان لە هەر شارێك بە جۆرێك مۆڵەت دەدرێت، واتە تا ئێستا نەتوانراوە سیستمێکی یەکگرتووی جیهانی لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو بکرێت، هەر چەندە بە هەوڵ وکۆششی هەموو لایەك (هاتوچۆی شارەکان و هاتوچۆی گشتی و وەزارەتی ناوخۆ) بە یەکەوە، توانیومانە سیستمێك دابڕێژین بە هاوکاریی ناوەندی تۆتاڵ، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو سیستمە نەچووەتە بواری جێبەجێکردن، بەڵکو لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو، بە پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە کە جیهانییە، هەموو لایەك سوودمەند دەبن و شۆفێرانی تێدا دروست دەبن، لەو حاڵەتەشدا دەکرێت بڵێین شۆفێران دەتوانن سوود لەو هێمایانەی هاتوچۆ وەربگرن کە لە ڕێگەوبانەکان دانراون، بەڵام بەداخەوە ئێستا من وادەبینم زۆر لە شۆفێران تەرکیز لەسەر ئەو هێمایانە ناکەن کە لە ڕێگەوبانەکان دانراون و خەرجییەکی زۆری بۆ کراوە و تا ڕاددەیەکی باش بە ڕێژەی ستانداردی جیهانییە، کەچی شۆفێران بەپێی پێویست سوودیان لێ وەر نەگرتووە، من پێم وایە لەم ڕووەوە کارەکانی ئەندازەی هاتوچۆ تا ئاستێك باشە، بەڵام ئەوانیش پشت دەبەستن بەو بودجەیەی کە بۆیان تەرخان دەکرێت، لە ساڵانی پێش شەڕی داعش زۆر ئیشی باشیان کرد، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا کە بودجەیان بەپێی پێویست بۆ تەرخان نەکراوە، ماوە ماوە ئیشیان کردووە، بەڵام وەك پێشتر نییە.

*** دیارە خراپیی ڕێگەوبان هۆکارێکە بۆ ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پێویستە چی ئەنجام بدرێت؟**

- بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی هەیە، تا ئێستا ٪٨٠ی زۆربەی ڕێگەوبانەکانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان یەك سایدن، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و بە هۆیەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووداو زیاد دەکات، بۆیە لێرەدا داواکارم لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کار



بۆ ئەوە بکەن کە ڕێگەوبانەکانی نێوان شار و قەزاو ناحیەکان بە دوو ساید بکەن.

*** ئایا ئەو مەرجانەی بۆ شۆفێران دانراون وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت؟ بۆچی یاساو سزاکان توندناکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژانە کەمترین کێشە هاتوچۆ هەبێت؟**

- ئێمە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا یاسای برێمەر جێبەجێ دەکەین، مەبەست لەو یاسایە بۆ ئەوە بوو کە یاساکەی سەردەمی سەدام نەمێنێت و ئەو یاسایەی بریمەر بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، بەڵام تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێت، ئەگەرچی ئەو یاسایە لە عێراقی فیدراڵ نەماوە، بەڵکو یاسایەکی نوێیان لە جێگای داناوە، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان خەریکین کۆنفرانسێك بۆ ئەم مەبەستە ببەستین و، لە دوایدا هەوڵدەدەین یاسایەك دابڕێژین و لە پەرلەمانی کوردستان پەسند بکرێت و بخرێتە شوێنی ئەو یاسایەی ئێستا، چونکە ئەو یاسایەی ئێستا کەموکووڕیی زۆری تێدایە. لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم، کە بۆ بەرژەوەندیی گشتی پێویستە جگە لە شۆفێران، سەرنشینانیش پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بن، چونکە دەبینین بەپێی ئەو داتایانەی لە هاتوچۆی شارەکان بۆمان دێت، ژمارەی سەرپێچییەکان لە هەرێمی کوردستان یەکجار زۆرە، لەم بارەوە ئێمە هەرچەندە ئیجرائاتمان کردووە، بەڵام شۆفێران هەر دووبارەی دەکەنەوە، لەوانە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی جام ڕەش و دەستکاریکردنی تابلۆ و وەستان لە شوێنی قەدەغە و، چەندین سەرپێچیی دیکەش، دووبارە داوا لە شۆفێران دەکەین بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و گشتی و کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، ئەو سەرپێچییانە دووبارە نەکەنەوە و پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆبن، کە هەر هەمووی لە بەرژەوەندیی سەلامەتی و ژیانی مرۆڤدایە.

**تا ئێستا ٨٠٪ی زۆربەی ڕێگەوبانەکانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان یەک سایدن**

## پەروەردەکردنی دروستی کچان

# خانمانی هۆشیار بۆ کۆمەڵگە ئامادە دەکات

پرۆفیسۆر سۆنیا لاورانس ئوستادی یاسایە لە زانکۆی ئۆسگود لە کەنەدا و وەك نووسەری داد بۆ سەرۆکی دادگای فیدراڵیی کەنەدا کاری کردووە و ئێستاش بەڕێوەبەری ئامۆژگای فێمینیستە بۆ دیراساتی یاسایی لە زانکۆی ئۆسگود، ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە ڕایوایە: «پەروەردەکردنی کچان بۆ پێگەیاندنی ژنان، کردنەوەی دەرگاکانی سەرکەوتنە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا»، کەواتە پێویستیمان بە شۆڕشێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە، دەبێت خێزان و کۆمەڵگە هۆشیار و باڵادەست بێت لە پەروەردەکردنی منداڵ بەتایبەت کچان، ئەویش بە بایەخدان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانی دوور لە جیاکاری ڕەگەزیی. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە گرینگە شەن و کەو دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



تەرزە حسێن کارگێڕی لیژنەی ناوچەی ناوەندەی ئەکادیمییەکان، سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: «دیارە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بە هۆی کاریگەریی ئایینی و دابونەریتی دواکەوتوو و کۆنەپەرسەتی و خراپیی یاساکان دۆخی مافەکانی ئافرەت لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرێت. بۆیە دەبێت کاری زۆر زیاتر لە سەر پەروەردەی دروستی کچان بکرێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتێکی نموونەیی بن بۆ خێزان و لە داهاتوودا بۆ منداڵەکانیان دایکێکی هوشیار بن، هەر دایکانیشن کە بە پەروەردەی دروستی منداڵەکانیان کۆمەڵگەیەك سەرپێ دەخەن. هاوکات کچان لە قۆناغی تازەپێگەیشتن زۆرترین وزەیان هەیە و پێویستییان بە ئاراستەکردنێکی ئەرێنییانەی کۆمەڵایەتی هەیە.» گوتیشی: «کە دەڵێن بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە، واتە ئافرەت گەورەترین و پیرۆزترین دیاریی خودایە، گەورەیی ئەم دیارییە ئەوەیە کە دەبێتە دایك و منداڵ پەروەردە دەکات، دایکیش هەرچی وشیارتر بێت، جیاوازیی لە نێوان کچ و کوڕی خۆی ناکات و ڕۆڵەی وشیار و بەتوانا پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات و دەرفەتی سەرکەوتنیان بۆ دروست دەکات.»

تەرزە حسێن لە کۆتایی ئاخافتنەکەیدا دەڵێت: «هەمیشە گەشبینم بە پاڵپشتیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسرور بارزانی کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان هەبووە، دروستکردنی ئایندەیەکی باش و شیاو بۆ کچانمان کاری دایك و باوك و حکومەت و میدیاکان و ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومییە و تەنیا بە لایەنێك ناکرێت، هەروەها پێویستی بە بە یاسا و بەرنامەڕێژیی وردبینانە هەیە. تەنانەت پێویستە مافی یەکسان و یەکسانیی ڕەگەزی ببێتە وانەیەکی بنچینەیی لە بواری پەروەردە و کچان وا پەروەردە بکرێن کە خۆیان بە هاوشانی کوڕان بزان و کوڕانیش هەمان تێڕاونینیان هەبێت.»

ئیبراهیم حاجی زەڵمی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «پرسی پەروەردە پرسێکی بنچینەیی مرۆییە و کورد واتەنی تا سەر ئێسقان مرۆڤ و پەروەردە مێژوویان وابەستەیە بە یەکتریەوە، لەو ساتەوەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خۆی نومایان کردووە، یەکەمجار لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی کە خێزانە (کە بنچینەی دروستبوون و پێکهێنەر و زیندووڕاگرتن و مانەوەی کۆمەڵگەیە) پرسی پەروەردەی چاندووە و یەکەم ئەرکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی سپاردبێت بە خێزان چاندنی بەهاکان بووە و بە هۆیەوە ژیانی ئاکاری و ئینسانی هەڵبژاردووە. بە درێژایی مێژوو فەیلەسووفان و بیرمەندان وپیاوچاکان و پێغەمبەران هاتوون لەم سەرزەمینە و لەنێو ئەم کۆمەڵگە مرۆییە ویستوویانە لە ڕێگەی پەروەردەوە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەکان ڕووەو کەناری ئارامی بەرن -کاتێ هەستیان بە نادادی و جیاوازی و ستەم و چەوساندنەوە کردووە-. بۆیە دەستبردنی ئەمانە بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکان سەر لەنوێ ئەوە دەسەلمێنی کە پرسی پەروەردە چەندە گرنگە و چەندە وابەستەیە بە بوون و ژیان و مانی مرۆڤایەتیەوە و چەندە وابەستەیە بە سەقامگیری و ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانەوە.» هاوکات دەڵێت: «بنەمای بەهاکانی هەر کۆمەڵگەیەك لەسەر جۆری ژیان و کەلتوورو ڕۆشنبیری و دونیابینیی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ ژیان و بوون دادەڕێژدرێن، یان داڕێژدراون. کۆمەڵگە دواکەوتووەکان ئەوانەی کە پیاوسالاری و بنەمای هێزو جووڵە و چینایەتی تیایاندا زیاتر خۆی سەپاندووە، ئیتر بەهاکانی زیاتر لە بەرژەوەندی چینی سەردەست و ڕەگەزی نێر و خاوەن هێزەکاندا دەیشکێننەوە، لەکاتی دابەزاندنیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی تاکەکاندا و لەنێو دەزگا کۆمەڵایەتییەکان ئەوانە دەرخواردی منداڵ و تاکەکان دەدرێنەوە. دواجاریش هەمان جۆری کۆمەڵگەش بە هەمان ڕیتم و نۆرمەوە دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری ئەرێنی تیا دروست نابێت. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەیەکی کراوە بێت و بوار بۆ ژیانێکی نوێ و تێپەڕاندنی نەریتە نەرێنی و جوداگەرەکانی وەك جیایی ڕەگەزی و چینایەتی و ئەتنی بداتە دواوە و شکۆیەك بۆ مرۆڤ بە بێ جیاوازی بگەڕێنێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەهای باڵا ی مرۆیی باشتر دێنە ئاراوە و چەکەرە دەکەن، کە مرۆڤبوون تیایان دەبێتە سەنتەر، نەك بەهێزی و چینایەتی و تایفەگەری و جیاگەرایی مرۆیی.

چیمەن فەیزوڵڵا سەرۆکی ڕێکخراوی ئەفرا بۆ پەرەپێدان و هاوکاری مرۆیی، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «جۆری پەروەردە گرینگترین خاڵە لە دروستبوونی کەسایەتیی تاك، ئەوەش لە پەروەردەی ماڵەوە دەست پێ دەکات و دواتر لە کۆمەڵگە کامڵ دەبێت. هەر بۆیە دایك ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە جۆر و تایبەتمەندییەکانی کچ، واتە دایك ئەگەر هوشیار و ڕووناکبیر بێت و باوەڕی بە تواناکانی خۆی بێت، ئەو بیر و باوەڕەی دەتوانێ لە پەروەردە و بنیادنانی کچێکی بەتوانا کاریگەر بێت و، وا بکات کە کچەکەشی لە کۆمەڵگە بتوانێت جێگە و پێگەی خوی ببینێتەوە و هەوڵ بۆ دەرخستن و زورترکردنی تواناکانی بدات، لە هەمان کاتدا ئەگەر باوك بە واقیعی باوەڕی بە یەکسانیی جەندەری هەبێت، پشتگیری لە تواناکانی منداڵ لە هەر دوو ڕگەزی کچ و کوڕ بە یەکسانی بکات، ئەو کات دەتوانین بڵێین بنەماڵە توانیویەتی ڕۆڵی تەواوکەری بوویێت، بۆ بەرزڕاگرتنی پێگەی واقعیی کچ و ژن لە کومەڵگەدا، لە قوناغی دواتریش کومەڵگە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت بۆ بەتواناکردنی کچان.»

**دەبێت کاری زۆر زیاتر لە سەر پەروەردەی دروستی کچان بکرێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتێکی نموونەیی بن بۆ خێزان و لە داهاتوودا بۆ منداڵەکانیان دایکێکی هوشیار بن**

**هەر دایکانن کە بە پەروەردەی دروستی منداڵەکانیان کۆمەڵگەیەک سەرپێ دەخەن**

**کچان لە قۆناغی تازەپێگەیشتن زۆرترین وزەیان هەیە و پێویستییان بە ئاراستەکردنێکی ئەرێنییانەی کۆمەڵایەتی هەیە**

**دایك هەرچی وشیارتر بێت، جیاوازیی لە نێوان کچ و کوڕی خۆی ناکات و ڕۆڵەی وشیار و بەتوانا پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات و دەرفەتی سەرکەوتنیان بۆ دروست دەکات**

د. لانە ڕەفیق ئەحمەد:

# جوانی پێوەر نییە بەڵام پێویستە خانمان بڕوایان بە خۆیان هەبێت و گرنگی بە خۆیان بدەن



**د. لانە ڕەفیق ئەحمەد پزیشکی شارەزا لە بواری نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕێککاری M.B.Ch.B لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە جۆری ئەو خزمەتگوزارییانە دەکات کە لە نۆرینگە پزیشکییەکەی پێشکەشی خانمانی دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کەوا نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕێککاری لە نەشتەرگەرییە هەرە زەحمەتەکانە لە هەموو شوێنێکی جیهان، لە بەر ئەوەی وردەکارییەکی زۆری دەوێت و کاتێکی زۆر دەخایەنێت، هاوکات ئامۆژگاری خانمان بەوە دەکات کە هەمیشە بڕوایان بە خۆیان هەبێت و گرنگی بە خۆیان بدەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** ئەو خزمەتانە چین کە پێشکەشی خانمانی دەکەن و ئایا تەنیا جوانکارییە یان خزمەتگوزاریی تەندروستیشی لەگەڵدایە؟**

- لە نۆرینگەکەمان زیاتر چارەسەری گرفتەکان و نەخۆشییەکانی پێست دەکرێت، وەك: پەڵەی ڕەش و زیبکە و ئاسەواری زیبکە و لابردنی چرچ و لۆچی پێست و دانان و پرکردنەوەی ڕوخسار بە چەوری، یان ماددەی فیللەر. چارەسەرکردنی کێشەی قەڵەوی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێستی سەر وەکو ڕووتانەوەی سەر و کەچەڵبوون و وەرینی قژ، چەندین جوانکاریی تری دەم و چاو و لەش پێشکەش دەکرێت، لەوانە: پاقژکردنەوەی دەم و چاو بە شێوەیەکی زانستی و تەندروستییانە بە ئامێری پێشکەوتوو لەلایەن پزیشکی شارەزا دەکرێت، واتە لەکاتی پاقژ کردنەوەکە جۆرەها چارەسەر بەکار دەهێندرێت بەپێی جۆری پێستەکە، ئەوەش لەسەر بڕیاری پزیشك دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر پێستەکە وشك بێت، چارەسەری پێست وشکی بۆ دەکرێت و، ئەگەر پێستەکە چەور بێت، یان زیبکەی هەبێت، چارەسەری تایبەت بە خۆیان بۆ دەکرێت. لە نۆرینگەکەمان هەموو جۆرە چارەسەرێکی نەخۆشییەکانی پێست و هەروەها لابردنی مووی لەش بە لەیزەر و ئامێری پێشکەوتوو هەیە. بۆیە دەتوانم بڵێم خزمەتگوزارییەکانمان زیاتر تەندروستین، دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم خزمەتگوزاریەکانمان بە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ پێشکەش دەکرێن.

*** ئایا هۆی چییە نرخی نەشتەرگەری و ڕێککاری بە شێوەیەکی گشتی گرانە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە لەناو کۆمەڵگەکەمان کە نەخی گران بێت، چونکە نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕێککاری لە هەرە نەشتەرگەرییە زەحمەتەکانە لەهومووو شوێنێکی جیهان لەبەر ئەوەی وردەکارییەکی زۆری دەوێت و کاتێکی زۆر دەخایەنێت و کەل و پەلی بەکارهاتووش لەم جۆرە نەشتەرگەرییانە نرخیان



ئێجگار گرانە کە لە کوردستان ڕۆشنبیریی ئەم زانیارییانە کەمە و لەبەرچاو ناگیرێت، ئەگەر بەراود بکرێت لەگەل هەمان نەشتەرگەریی جوانکاری کە لە وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدرێت، نرخی نەشتەرگەریی جوانکاری لە کوردستان زۆر هەرزانە و ئەگەر بەراوردیش بکرێت لەگەڵ نەشتەرگەریی چاو و دڵ و شکان و...هتد نرخی نەشتەرگەریی جوانکاری گران نییە.

*** ئایا ئەوانەی سەردانتان دەکەن لە کام چینی کۆمەڵگەن؟ زیاتر کەسانی دەوڵەمەندن، یان کەسانی نەداریش سەردانتان دەکەن؟**

- بێگومان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ئافرەتان زیاتر گرنگی بە خۆیان دەدەن و زیاتر هۆشیارن، هەردوو چینەکەش سەردانمان دەکەن، هەر کەسێك گرفت و نەخۆشیی پێستی هەبێت، پێویستیەتی سەردانی سەنتەرەکانی جوانکاری بکات. کەل و پەل و ماددەی بەکارهاتوو لە جوانکاری نرخی جیاوازی هەیە بە پێی دەرامەتی نەخۆشەکە ماددەکەی بۆ بەکار دەهێنین، بە جۆرێك سوودی لێ ببینێت و زیانی پێ نەبەخشێت. هیوادارم هاوپیشەکانم دەرامەتی نەخۆش لەبەر چاو بگرن و خەڵکیش ماندووبوون و شەونخوونی پزیشك و گرانیی نرخی کەل و پەلی جوانکاری لەبەر چاو بگرن.

*** ئایا خانمان لە چ تەمەنێك پێویست دەکات نەشتەرگەری و ڕێککاری بۆ ڕوخساریان بکەن؟**

- چ ئافرەت و چ پیاو دەکرێت لە هەموو تەمەنێك نەشتەرگەریی ڕێککاری ئەنجام بدەن، پاش بینینیان و پشکنینیان لەلایەن پزیشکی جوانکاری و بڕیاردانی پزیشکەکە لەوانەیە تەمەنی کەمتر لە ساڵێکە پێویستی بە هەندێ ڕێککاری هەبێت بە هۆی هەندێ نەخۆشییەوە، بەڵام جوانکاری باشتر وایە دوای تەمەنی ١٦ بۆ ١٨ ساڵی ئەنجام بدرێت.

*** ئامۆژگاریت بۆ خانمان لە ڕووی گرنگیدان بە خۆیان و بە ڕوخسار و جەستەیان چییە؟**

- ئامۆژگاریم بۆ خانمان ئەوەیە کە هەمیشە بڕوایان بە خۆیان بێت و گرنگی بە خۆیان بدەن و گرنگیدان بە خۆیان خۆیان پشتگوێ نەخەن لە بەر سەرقاڵبوونی ڕۆژانەیان، لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم جوانی پێوەری نییە و هیچ کەسێك بە هیچ پێوەرێك جوانییەکەی ناپێون و پێویستە ئافرەتان متمانەیان بە خۆیان بێت و بزانن کە وا هەموو ئافرەتێك جوانە.

**خزمەتگوزارییەکانمان زیاتر تەندروستین و بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێشکەش دەکرێن**

**نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕێککاری لە هەرە نەشتەرگەرییە زەحمەتەکانە لە هەموو شوێنێکی جیهان لە بەر ئەوەی وردەکارییەکی زۆری دەوێت و کاتێکی زۆر دەخایەنێت**

**ئەگەر بەراود بکرێت لەگەڵ هەمان نەشتەرگەریی جوانکاری کە لە وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدرێت، نرخی نەشتەرگەریی جوانکاری لە کوردستان زۆر هەرزانە**




**لە پەراوێزی دروشمی قوتابیان و لاوانی کورددا:**

# #وەکو_گەنجێک_من_کۆچ_ناکەم_با_بە_یەکەوە_وڵات_ئاوەدان_بکەینەوە

لاوان و قوتابیان وەك هەمیشە و بە گوڕوتینێکی زۆرترەوە، داینەمۆی بیری نەتەوەیی و تۆخترکردنەوەی بەرپرسیارێتی زیاترن لە کۆمەڵگەدا، بۆیە بارزانی باوك، وەسفێکی جوانی بۆ ئەو توێژە کردووە و فەرموویەتی: «قوتابیان سەری ڕمن لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا»، ئەم وەسفەیش گوزارشتە لەو ڕاستییەی کە گەنج و لاوی کورد هەمیشە دەست و پەنجە لەگەڵ زانست و فێربووندا نەرم دەکەن، باشتر واقیع دەخوێننەوە و زووتر درك بە پێویستیی شۆڕش و گۆڕانکاری و داهێنان و نوێبوونەوە دەکەن، بۆیە هەمیشە ڕیزی پێشەوەی قوربانیدان و گۆڕانکارییان گرتووە، ئەمڕۆش بە دروشمی:
(( #وەکو_گەنجێك_من_کۆچ_ناکەم_با_بە_یەکەوە_وڵات_ئاوەدان_ بکەینەوە))، دەخوازن پەیامێکی دیکە بە کۆمەڵگە بدەن. ئەگەرچی کۆچی لاوان و جێهێشتنی وڵات نە شتێکی نوێیە و نە تەنیا تایبەت بە کوردستانە، مێژووی کۆچکردن لە سەرەتای چاخی بەردینەوە دەستی پێ کردووە، ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە پێناو خۆحەشاردان لە سەرما و گەرما و بۆ دۆزینەوەی خواردن و شوێنێکی شیاو بۆ ژیانێکی باشتر لە ناوچەییێکەوە بۆ ناوچەیێکیتر ڕۆیشتووە، واتە کۆچ لە پێناو ژیان و بە مەبەستی بەدەستهێنانی شوێنێکی شیاو بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، بەڵام لاوان و قوتابیانی کوردستان خوازیاری کۆچی پێچەوانەن و نەك وڵات بە جێ ناهێڵن، داواکارن کوردانی تاراوگەش بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

نێچیرڤان کەلاری (سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە: «لاوان چینێکی گرنگن لە پێکهێنەرەکانی هەر کۆمەڵگەیەك و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە پەرەپێدانی سەرجەم بوارەکان و کارەکتەری سەرەکین لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەی ئابووری و بەرەوپێشچوون لە بوارە جیاوازەکاندا. بۆیە زۆر گرنگە کار لەسەر لە توانا و کارامەییەکانی لاوان بکرێت وەکو سەرچاوەیەکی مرۆیی بەهادار و پاڵپشتی لە بیرۆکە و دیدگاکانیان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگای خۆپێگەیاندنەوە، خزمەتی کۆمەڵگەکەیان بکەن.» هاوکات دەڵێت: «لە سۆنگەی دەرککردن بە کاریگەریی ڕۆڵی لاو لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا، پێویستە کار لەسەر دروستکردنی هەستی خۆبەخاوەنزانینی وڵات لە هزری لاواندا بکرێت، لە پێناو هەستکردنی زیاتر بە بەرپرسیاریەتییەکانیان بەرامبەر پرسە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش زیاتر لە ڕێگای فراوانکردنی بەشداریی لاوان لە پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بڕیار و ڕاهێنان و ئامادەکردنیان بۆ داهاتوو دەکرێت. لاوان هێزی بزوێنەری وڵاتن، بەهێزی و لێهاتوویی لاوان دەبێتە هۆی بەهێزیی کۆمەڵگە و پتەویی دامەزراوەکان، بۆیە بەرزیی ڕێژەی لاوان لە هەر وڵاتێکدا هێزی زیاتر لە سەرجەم بوارەکان بەو وڵاتە دەبەخشێت. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێك پێویستی بە وزە و توانای لاوەکان هەیە، چونکە پلانی تۆکمە و پاڵپشت بە ئیرادەی بەهێز بۆ چاکسازی لە سەرجەم سێکتەرەکان لە ئارادایە و لەو ڕووەوە هەنگاوی جددی نراوە، بە تایبەت لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. لاوان پێویستە کار لەسەر بەهێزکردنی تواناکانی خۆیان بکەن و پاڵپشتیی هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەتی هەرێم بکەن، تاوەکو بتوانن ڕۆڵی خۆیان لە بنیاتنانی هەرێمەکەمان ببینن، هەروەها ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆیان دابین بکەن و داهاتوویەکی باشتر بۆ نەوەکانمان مسۆگەر بکەن».

ڤینوار فوئاد سدیق قوتابی زانکۆیە و ڕای وایە: «هەموو وڵاتانی دونیا بە قۆناخی پڕ لە نەهامەتی و قەیرانی قووڵدا تێپەڕیون. تەنانەت ئەو ئەوروپایەی کە ئێستا سەرچاوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە، لە سەدەکانی ڕابردوودا بە چەندین قەیرانی زۆر گەورەدا ڕەت بوون، تا کار گەیشتە ئەوەی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا سەری هەڵدا و، ئیتر وردە وردە کۆتایی بە قۆناخی ئاغاو بەگ و ئیمپراتۆرەکان هێنرا و، وردە وردە مافی مرۆڤ بووە جێی سەرنج و تێبینی وڵاتان. هەرێمی کوردستانیش کە خەریکی بە خاوەن دەوڵەت بوونیەتی، بێگومان بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافیاکەی، بەردەوام کۆسپی زۆر و قووڵی بۆ دروست دەکرێت. هەر دوور نەڕۆین، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چۆن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەماڵەکەی خۆیدا درایە بەر هێرش، کە هێندەی نەمابوو لە پێناوی جێگیرکردنی یاسا بکوژرێت. ئەمە بۆ عێراق وابێت، بێگومان ناحەز و دوژمنان تا بۆیان بکرێت، لێ ناگەڕێن هەرێمی کوردستان بگاتە لووتکە، بۆیە بەردەوام خەریکی دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆرن.» هاوکات پرسیار دەکات: «ئەگەر ئێمەی گەنج و لاو پشت لە نیشتمان بکەین، ئەی کێ داکۆکی لە گەل و خاکەکەی بکات؟»، وەڵامی پرسیارەکەشی بەمجۆرە دەداتەوە: «گەنج هەمیشە هێزی لەبن نەهاتووی نەتەوەکان و نیشتمانەکەیەتی و، هەمیشە سووتەمەنیی هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیش بووە. بۆیە بۆ ئێمەی گەنج ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقییشە، تا لە توانامان‌دا بێت، داکۆکی لەو نیشتمانە بکەین کە هەمیشە باوك و باپیرانمان، براو کەس و کارمان لە سەر ڕزگارکردنی شەهید کراون، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر چەپۆکی داگیرکەران، کە هەمیشە چاوی برسییان تێبڕیوە.» گوتیشی: «گەنج توانای گۆڕینی هاوکێشە قورسەکانی هەیە، بۆیە پێویستە گەنجان زیاتر هوشیار بکرێنەوە، کە دوارۆژی ئەوان لەگەڵ ئایندەی نیشتمانەکەیانە و نابێت پشت لە نیشتمانی خۆیان بکەن، هەموو ئەو گەلانەی بێ دەوڵەتن، لە نەتەوەیەکی بێ دەسەڵات و پەرتەوازە دەچن، کە لەسەر شانۆی سیاسیدا هیچ ڕۆڵێکی کارایان نییە. بۆیە نابێت ئەو نیشتمانە جوانەی کە پڕ لە خێرو بێرە کاولی بکەین و دوژمنانیشمان بە خۆمان خۆش بکەین».

ڕەوەند کەریم کاکەیی قوتابیی زانکۆیە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران لاوەی کە دژی کۆچی گەنجانن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «مرۆڤ لە هەر شوێنێکی دونیا بێت، مەحاڵە وەکو نیشتمانی خۆی بێت. لە نیشتمانی خۆتدا خاوەنی کەسایەتیی خۆتی و خەڵکی بیانی وەك میوان و گەشتیار تەماشا دەکەیت. کوردستان بۆ کورد نیشتمانێکی خۆشەویستە و ناکرێت لەبەر هەندێك کێشەی بچووك پشتی لێ بکەین. ئێمە وەکو گەنجان پێویستە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکەین نەك بۆ دوژمنانی چۆڵ بکەین و وزەی کوردستان لاواز بکەین. وڵاتانی هەندەران ئەگەر گەورە و سەرمایەداری و زلهێزیش بن، هەر بە چاوی پەنابەر و ئاوارەوە لێمان دەڕوانن. ناچار دەبی ملکەچی هەموو سووکایەتییەك بیت کە پێت دەکرێت. ئێمەی گەنجان وزەی وڵاتین و بەجێهێشتنی کوردستان وێڕای ئەوەی خیانەتێکی گەورەیە لە نیشتمان، هاوکات کەمکردنەوەی وزەی بونیادنەری کوردستانیشە».

**زۆر گرنگە کار لەسەر لە توانا و کارامەییەکانی لاوان بکرێت وەکو سەرچاوەیەکی مرۆیی بەهادار و پاڵپشتی لە بیرۆکە و دیدگاکانیان بکرێت**

**لە سۆنگەی دەرککردن بە کاریگەریی ڕۆڵی لاو لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا، پێویستە کار لەسەر دروستکردنی هەستی خۆبەخاوەنزانینی وڵات لە هزری لاواندا بکرێت**

**لاوان هێزی بزوێنەری وڵاتن، بەهێزی و لێهاتوویی لاوان دەبێتە هۆی بەهێزیی کۆمەڵگە و پتەویی دامەزراوەکان**

**بەرزیی ڕێژەی لاوان لە هەر وڵاتێکدا هێزی زیاتر لە سەرجەم بوارەکان بەو وڵاتە دەبەخشێت**



# لە سۆران و ڕواندز یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام بەڕێوە چوو

**لە ڕۆژانی ٢٨-٢٩-٣٠/١٠/٢٠٢١ یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام لە سۆران - ڕواندز بەڕێوەچوو، لەم سێ ڕۆژەدا چەندین نمایشی شانۆیی و پانێل و سیمیناری شانۆیی لە سۆران، ڕواندز، دیانا، بێخاڵ، جوندیان پێشکەش کران، چەندین هونەرمەند لە شارەکانی کوردستان بانگێشت کرابوون، ئەم فیستڤاڵە دەرفەتێك بۆ ئەوەی هونەرمەندان جگە لە بینیی نمایشی شانۆیی، لە نزیکیشەوە بەدیداری یەکتری شادببنەوە و چەندین بیرو ڕا لەسەر ڕەوتی شانۆ ئاڵوگۆڕ بکەن.**

**کامەران حاجی ئەلیاس**

بەڕێوەچوونی ئەم فیستڤاڵە لە دوای ڕاگەیاندنی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، هەنگاوێکی ئەرێنی بوو، کە لەرێگەی نمایشە شانۆییەکان جۆش و خرۆشێکی هونەریی بە بینەران و ناوچەکە بەخشی، وەکو هەنگاوی یەکەم دوای دابڕانێکی چەند ساڵە لە چالاکیی شانۆیی لەم ناوچەیەدا، مایەی خۆشحاڵیمانە لەدوای وەرگرتنی بۆچوونی زۆرێك لە هونەرمەندانی بەشدار بوو، خاڵی بەهێزی سەرکەوتنی فیستڤاڵ زۆرتر بوون لە خاڵە لاوازەکان، وەك لیژنەی ئامادەکار و لیژنەی باڵای فیستیڤاڵیش، بەشانازییەوە پێشوازی لە هەموو پێشنیاز و ڕاسپاردەکان دەکەین و، بە دڵێکی فراوانەوە پێشوازی لە ڕەخنەکان دەکەین وبە هەند وەریان دەگرین و بۆ فیستیڤاڵی داهاتوو کاری لەسەر دەکەین، هەرچەندە لێرە و لەوێ کەسانێك دوور لە هونەر، بەبێ ئەوەی ئامادەی نمایشەکان بووبن، یان نمایشێکیان بینبێت، ڕاست و چەپ هێرشیان کردە سەر فیستیڤاڵەکە، بەڵام ئێمە ڕێز لە بۆچوونەکانیان دەگرین و پێیان دەڵێین هەموو ئەوانەی بەردمان تێدەگرن ئێمە گوڵیان پێشکەش دەکەین.

لەم فیستسڤاڵەدا هەشت گرووپی شانۆیی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، دەربەندیخان، دهۆك، پیرەمەگرون، کۆیە، سۆران ئامادە بوون، لە میانی فیستیڤاڵ دا گرووپی سەمای (لەیزین- سلێمانی) بە سەرپەرشتیی هونەرمەند (ڕووبار ئەحمەد) بۆماوەی دوو ڕۆژ، چەندین سەمای سەرنج ڕاکێشیان لە سۆران و سەر خەرەندی ڕواندز نمایش کرد.

لە کۆتایی فیستڤاڵەکەشدا باشترینە کانی فیستیڤاڵ خەڵات کران، کە بەم شێوەی خوارە بوو:

-خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ درا بە خاتوو (بێگەرد سەلیم) لە شانۆی تابوت لە تیپی شانۆیی پیرە مەگرون (سلێمانی).

باشترین ئەکتەری کوڕ سێ ئەکتەر لەلایەن لیژنەی هەڵسانگاندنەوە پاڵێوران، کە بریتیین لە هەریەك لە: فەرەیدون حەمە ئەمین لە شانۆی (نامەکانی دەریا) کۆیە، حەمەی شانۆی لە شانۆیی(تێ هەڵدە شەق) گرووپی شانۆی دیالۆگ لە کەرکووك، مستەفا کەریم لە شانۆیی



(بە تۆچی) سۆران، خەڵاتەکە درا بە (حەمەی شانۆ) لە گرووپی شانۆیی دیالۆگ لە کەرکوك.

بۆ خەڵاتی باشترین دەرهێنان، سێ نمایش پاڵێوراوبوون کەبریتین لە: شانۆیی(تێ هەڵدە شەق) لە دەرهێنانی (حەمەی شانۆ) لە گرووپی شانۆی دیالۆك لە کەکووك، شانۆگەریی (بێ بار) لەدەرهێنانی (شەماڵ سەید ئەحمەد) لە تیپی شانۆیی دەربەندیخان، شانۆگەریی (کێ دێ مریت) لە دەرهێنانی هەلکەت ئیدریس ڕێڤەبەریا هونەری شانۆیی دهۆك.

خەڵاتەکە بەهاوبەشی درا بە دوو دەرهێنەر، کە بریتین لە شەماڵ سەید ئەحمەد لە تیپی شانۆیی دەربەندیخان و هەلکەت ئیدریس لە دهۆك.

بۆ خەڵاتی باشترین بیرۆکە و دەق، سێ نمایش پاڵێوران، کە بریتی بوون لە شانۆگەریی (بێ بار) لە تیپی شانۆیی دەربەندیخان و، لە ئامادەکردنی (ئاراس عەبدولڕحمان)، شانۆیی (نامەکانی دەریا) گرووپی شانۆی بۆ شانۆی سەرشەقام بیرۆکەی (هونەر تاهیر)، شانۆیی (تاونباری بێ تاوان) سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی جیهان — هەولێر، بیرۆکەی (ئاکام ئیدریس)، خەڵاتەکەش درابە (هونەر تاهیر) لە شانۆی (نامەکانی دەریا) لە گرووپی شانۆیی بۆ شانۆی سەرشەقام، بیرۆکەی (هونەر تاهیر) .

لێژنەی هەڵسەنگاندن پێکهاتبوو لە:

هونەرمەند د.نیاز لەتیف.

هونەرمەند تەلار هیرانی.

هونەرمەند مەسعود عارف.

شانۆگەرییەکان لە (سۆران، ڕواندز، دیانا، بێخاڵ، جوندیان) نمایش کران.

هەرلەمیانی فیستڤاڵەکەداچەند چالاکییەك پێشکەش کران، وەك:

- پانێڵێك کە لەلایەن (د.کەیفی ئەحمەد، م.هونەر تاهیر) پێشکەش کرا.

- سیمینارێکی شانۆیی کە لەلایەن ڕەخنەگری شانۆ (حەمە سوار) پێشکەش کرا.

لە کۆتایی فیستیڤاڵەکەدا لێژنەی هەڵسەنگاندن چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی ئاراستەی لێژنەی باڵای فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام سۆران — ڕواندز کرد، بەم شێوەیە:

١-ناوی فیستیڤاڵەکە (لە شانۆی سەرشەقام)ـە وە بگۆڕدرێت بۆ (شانۆی شەقام).

٢- لە فیستیڤاڵێکی لۆکاڵییەوە ببێتە فیستڤاڵێکی کوردستانی و، سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکان لەخۆ بگرێت.

٣- فیستیڤاڵ هەرساڵەو تیشك بخاتە سەر دیاردەیەك و، بکرێتە دروشمی فیستیڤاڵ.

٤-بابەتەکان پەیوەست بن بە شانۆی شەقام و خواستی بینەرانی شەقام.

٥-پابەندبوونی گرووپە بەشداربووەکان، بە ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی لێژنەی فیستیڤاڵەوە، لەرووی دەق و بابەتەوە.

٦- لەگەڵ نامەی بانگهێشتکردن بۆ فیستیڤاڵ، بیرۆکەی بەرهەمەکە بگاتە لێژنەی سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵ.

٧-دەستنیشانکردنی پانتایی، یان شوێنی نمایش، کە پەیوەست بێت بە بەبیرۆکەکەوە، یانیش دەرهێنەر ئازادە لە دەستنیشانکردنی شوێنەکان، لە ڕێگەی گرتە ڤیدیۆیی، یان فۆتۆ بگاتە دەستی گرووپی بەشداربوو.

٨- بەرهەمی بەشدار بوو، دەبێت لە هیچ فیستڤاڵێکی دیکەی هاوشێوەی ناوخۆیی بەشداریی نەکردبێت.

٩- بۆ دەوڵەمەندکردنی فیستیڤاڵەکە، چەندین سپۆنسەر بێنە ناو فیستیڤاڵەکە و ئاماژە بەناوو لۆگۆیان بکرێت.

١٠ لە ڕووی میدیا و سوشیال میدیاوە، زیاتر گرنگی بە فیستیڤاڵ بدرێت، لە ڕووی ڕیکلامی ناوخۆییەوە زیاتر ڕواندز و سۆران بە پارتیشن و فلێکس و تابلۆی تیشکی بڕازێنردێتەوە.

١١- بەهۆی ئەوەی گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی ڕووی تێ دەکەن، گرنگە ڕەچاوی کولتووری و ئەو شوێنانە بکرێت کەلەو ناوچەیەدا هەیە، بەجۆرێك لە خزمەت شوناسی ئەم ناوچەیەدا بکرێت.

١٢- سەرجەم چالاکی و بەرهەمەکانی فیستڤاڵ دیکۆمێنت بکرێت و بپارێزرێت.



# ئۆلیڤیا: نامەوێ باسی رابردووی خۆم بکەم

لە ژمارەی مانگی رابردووی گۆڤاری (Cosmopolitan) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین گۆڤارەکانی ئەمریکای لاتین و، تایبەتە بە هەواڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەستێرەکانی سینەما و تەلەفزیۆن و فاشیۆنەکان، دیمانەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ ئەکتەری ئەمریکی ئۆلیڤیا موون ئەنجام دا و، دەربارەی ژیانی تایبەتی و هونەریی ئۆلیڤیا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.

ئۆلیڤیای تەمەن ٤١ ساڵ دەربارەی گرنگیدان بە ژیانی تایبەتی خۆی و هونەر دەڵێت: بڕیارمدا لە ئێستادا تا دوو ساڵی دیکە تەواوی کاتی خۆم بۆ هونەر و، بەتایبەتیش بۆ سینەما تەرخان بکەم و گرنگی بە هیچ شتێکی دیکە، بەتایبەتی پەیوەندیی سۆزداری و خۆشەویستی، بە هیچ شێوەیەکی بیری لێ ناکەمەوە، چونکە ئێستا هیچ کەسێك لە ژیانمدا نییە و نامەوێ لەو ماوەیەدا کەسێك بێتە نێو ژیانمەوە و بەشێکی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم».

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی ئایا ئەم بڕیارە پەیوەندیی بە جیابوونەوەی هەیە لەگەڵ هاوڕێکەی، ئۆلیڤیا گوتی: «راستە دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە خیانەتی لێکردم لەگەڵ کچە نمایشکارێکی جلوبەرگ، من و (ئارۆن رۆجدرز) جیابووینەتەوە، بەڵام من نامەوێ بە هیچ شێوەیەك باسی رابردوو بکەم، چونکە ئارۆن ئێستا بۆ من بەشێکە لە رابردوو کە گەڕانەوەی نییە، ئێستا دەمەوێ لە هەنگاوەکانی داهاتوومدا سەرکەوتوو بم و خۆم بە رابردووەوە نەبەستمەوە».

شایەنی بیر هێنانەوەیە ئۆلیڤا لە ساڵی ١٩٨٠ لە دایکبووە، لە پاڵ ئەوەی ئەکتەرێکی کۆمیدییە، لە هەمان کاتدا نووسەریشە، لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی بە کاری هونەری کردووە و لە چەندین فیلمی کۆمیدیدا رۆڵی بینیوە، دیارترینیان فیلمی (مۆردکای)ە کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا.

**سەرچاوە : گولولی**



# سکارلێت و دیزنی ئاشتبوونەوە

دوای ئەوەی
بۆ ماوەیەك ناکۆکییەکی بەهێز کەوتبووە
نێوانیانەوە لەسەر فیلمی (Black Widow)، لە چەند
رۆژی رابردوودا خانمە ئەکتەری ئەمریکی و کۆمپانیای واڵت دیزنی
رایان گەیاند کە گەیشتوونەتە رێککەوتنێك و هیچ کێشەیان نەماوە.

بەپێی ئاژانسی ئەسیوشێتد پرێس سکارلێت لە دادگای لۆس ئەنجلۆس داوایەکی دژی کۆمپانیای ناوبراو بەرز کردبووەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، کە نمایشکردنی فیلمەکەی لە رێگای خزمەتگوزاریی دیجیتاڵی کۆمپانیاکەوە، پێچەوانەی گرێبەستی نێوانیانە و بێبەشی دەکات لەو قازانجانەی لەو رێگایەوە کۆمپانیاکە دەستی دەکەوێت، چونکە بەگوێرەی گرێبەستەکە، پێویستە فیلمەکە تەنیا لە هۆڵەکانی سینەما نمایش بکرێت و داهاتەکەشی بە فرۆشتنی پلیتەکانەوە بەستراوەتەوە، بەڵام نمایشکردنی لە رێگای دیجیتاڵییەوە کاریگەریی لەسەر داهاتی سکارلێت دەبێت».

لەلایەن خۆیەوە کۆمپانیای واڵت دیزنی رایگەیاند: نمایشکردنی فیلمەکە جگە لە هۆڵەکانی سینەما، ئەگەری ئەوەی زیاد کرد کە سکارلێت قازانجی زیاتری دەستکەوێت، لە هەمان کاتدا بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلاریش لە کۆمپانیاکە وەردەگرێت.

هەرچەندە تا ئێستا ناوەڕۆکی رێککەوتنی نێوانیان رانەگەیەندراوە، بەڵام هەردوولا خۆشحاڵیی خۆیان دربڕیوە بەو رێککەوتنە و بەڵێنیاندا کە لە داهاتووشدا لە کاری هاوبەشی نێوانیان بەردەوام بن.

جێگای سەرنجە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا فیلمی (Black Widow) نمایشکردنی فیلمەکە دواکەوت و لە مانگی تەمموز داهاتی گەیشتە زیاتر لە(١٥٠) ملیۆن دۆلار، بەڵام بە هۆی نمایش کردنی لە سەکۆی واڵت دیزنی داهاتەکەی دابەزی.

/https://arabic.sputniknews.com





# دۆتمیر بۆ گوڵان: لە کاری هونەریدا پرس بە کەسانی شارەزا بواری هونەری دەکەم

دۆتمیر نازێ یەکێکە لەو کچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەرەڕای بچووکیی تەمەنی ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەرییایە، بەڵام بەو کارانەی پێشکەشی کردوون شوێن پەنجەی دیارە و، ئەگەر بەردەوام بێت لە داهاتوودا دەبێتە یەکێك لەو ئافرەتە هونەرمەندانەی کە خزمەت بە هونەری ڕەسەنی کوردی دەکەن.

دوتمیر کە خەڵکی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێستا لە ئەورووپا ژیان بەسەر دەبات، سەبارەت بە هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانییەکانی، ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەڵبژاردانی هەر کارێکدا پرس و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزای بواری هونەری دەکات، لەم بارەوە دەڵێت: «من لە سەرەتای کاروانی هونەریدام و تا ئێستا خۆم هێشتا بە منداڵ دەزانم لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا، بۆیە لە هەموو کارێکی هونەریمدا سەبارەت بە هەر گۆرانییەك کە لە چ ئاستێکدایە و تا چەند لەگەڵ دەنگی من دەگونجێت، پرس بە کەسانی شارەزای بواری هونەری کوردی دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنێکیان لەو بوارە بەسەربردووە و شارەزای تەواویان لە ئاوازدانان هەیە، سەبارەت بە تێکستی گۆرانییەکانیش، من ئەوانە هەڵدەبژێرم کە خۆمی تێدا ببینمەوە و لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیی لێ دەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا دەکەم».

سەبارەت بە پاراستنی مافی هونەرمەندانی کورد وەك هونەرمەندانی هەموو وڵاتان و پێشێل نەکردنی، دۆتمیر دەڵێت: «بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە لە هەموو ڕوویەکەوە مافی هونەرمەندی کورد بە هیچ شێوەیەك ناپارێزرێت، هەروەها کەسانێك هەن ئەگەر بیانەوێ کەسێك پێش بخەن، ئەوا بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی دەدەن و لە بەرامبەردا کەسانی دیکە دەخەن، من نازانم ئەمە لە بەرامبەر چییە، بەڵام ئەو جۆرە کارانە هەیە، من وەك دۆتمیر تا ئێستا لە قۆناغێکی دیاریکراوی هونەریدام».

# داهێنانی چوار چوارینی چوار چوارین، هەشت چوارین



بۆ خۆشەویستان ودڵسۆزانی وێژە و هونەری ڕەسەنی کوردی، لە ناواخنی ئەم هەشت چوارینەیەی لە بەردەستانداپە (چوار چوارینە) و (چوار چوارینی) دیکەی لێ بەرهەم دێ.

غالب حەساری

چوارینەکانی (١و٢و٣و٤) ئاساییین، هەر چەند بنەمای داهێنانەکەشن، چوارینەکانی( ٥و٦و٧و٨) هەڵهێنجراوی هەمان وشەن، لە چوارینەکان وەرگیراون و بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش، واتا و چێژی هۆنراوەکەشی پاراستوە.
پوختەی شیکاری دابەشکاریی وشەکان
لە چوارینی ( ١و٢و٣و٤)
ڕیزی یەکەم وشەی یەکەم وەردەگرین، بنەمای چوارینی ٥پێنجەم بەو وشانە لکێنران ریز و ڕستەی یەکەمی چوارینی٥پێنجەم دیاری دەکا.

- دیسان چوارینەکانی (١و٢و٣و٤)

لە ڕیزی یەکەم ئەمجارە وشەی دوەم وەردەگرین، واتا دوەم ریزی چوارینی ٥پێنجەم پێك دێنن .

- دیسانەوە لە چوارینەکانی ١و٢و٣و٤ ڕیزی یەکەم وشەی سێیەم وەردەگرین، ئەنجام ڕستەی سێەمی چوارینەی ٥پێنجەم دیاری دەکا.
- جارێکی دی لە چوارینەکانی ١و٢و٣و٤ ڕیزی یەکەم وشەی چوارەم دێنین لە چوارینی ٥پێنجەم ڕستەی چوارەم تەواو دەکات .

واتا لە یەکەم ڕیزی چوارینەکانی١و٢و٣و٤ دەبنە بنەمای دانانی چوارینی ٥ پێنجەم

- بە کورتی بۆ دانانی چوارینەکانی ٦و٧و٨ بە هەمان شێوە دەگەڕێینەوە بۆ چوارینەکانی ١و٢و٣و٤ بەتایبەتی لە ڕیزەکان بە پابەند بوون بە وشەبەندیی وەك چۆن(چوارینی ٥پێنجەمان) ڕون کردوە .

+ هیوادارم ئەم داهێنانەم سەرەتای دەروازە و ڕێبازێکی نوێ بێت، بۆ خزمەتکردنی فەرهەنگ و وێژەی کوردی .

٤ چوارینی ٤ چوارین ٨ چوارین

١


قژی خاوی بەدەم شنە نەرم نەرم دەشەکاوە
تریفەی ڕووی مانگم بینی سەمای کەزیەی بەدەم باوە
جۆلانەی بوو زولف و پەرچەم ڕووی خاڵێکی لە باوەش بوو
لە نیگای مانگ دوو خۆرم دی بە شەو و ڕۆژ تیشکی گەش بوو


-٢

بەسەرشانی شۆڕ ووەتەوە تاسەر سینگی بووەتە پەرژین
مانگی چواردە ڕوی زەرد بووە ڕووی مانگی دی لە سەر زەمین
بە سرووەی با شەپۆل قژی بە سرووشتی جوانی دەنوان
دووچاوی ڕەش پڕ ورشەبوو بۆ گەشیی ژین هیوای دەروان

-٣

پەرش و بڵاو بە ڕوخساری تاڵتاڵێکی با دەبیزوان
تابلۆیە بوو بە ئاهی من بای هەناسەم سیمای دەدوان
بسکی شۆڕی ئاوێزان بوو لێی نەخش بوو سەر گۆنای چاڵ
ناو هەوری ڕەش تروسکەی دا تیشکی بەخشی ڕوومەت بە خاڵ





-٤

با پەخشی کرد وا نەخشی کرد ڕووەو لێوی بۆ سەر سێوی
بەهادار بوو گرفتار بوو گەیشتە لێوی بە بزێوی
لە سەر ڕووی مانگ بە مل و لاجانگ با چووە گژی شێوا قژی
وەك بەختم ڕەش تا بڵێی گەش خۆر سەرکەژی دڵ بۆت هەژی

ڕیزی یەك وشەی یەکەم لە هەرچوار چوارینە، دەخرێنە ڕستەوە، دواتر دوەم، سێەم چوارەم، بەم شێوەیە خوارەوە، واتا ئەم چوار چوارینەیەی خوارەوە هەڵهێنجراوی چوارینەکانی سەرەوەن.

ڕیزی ١، وشەی یەکەمی چوارینەکان
قژی خاوی بە سەر شانی پەرش وبڵاو با پەخشی کرد
بەدەم شنە شۆڕ بوتەوە بە ڕوخساری وا نەخشی کرد
نەرم نەرم تا سەر سینگی تاڵتاڵێکی ڕووەو لێوی
دەشەکاوە بووەتە پەرژین با دەیبزوان بۆ سەر سێوی
ڕیزی ٢، وشەی دوەمی چوارینەکان
تریفەی ڕووی مانگی چواردە تابلۆیە بوو بەهادار بوو
مانگم بینی ڕووی زەرد بووە بە ئاهی من گرفتار بوو
سەمای کەزیە ڕووی مانگی دی بای هەناسەم گەیشتە لێوی
بە دەم باوە لە سەر زەمین سیمای دەدوان بە بزێوی
ڕیزی ٣، وشەی سێیەمی چوارینەکان
جۆلانەی بوو بە سروەی با بسکی شۆڕی لە سەر ڕووی مانگ
زوڵف و پەرچەم شەپۆل قژی ئاوێزان بوو بە مل و لاجانگ
ڕووی خاڵێکی بە سرووشتی لێی نەخش بوو با چووە گژی
لە باوش بو جوانیی دەنوان سەر گۆنای چاڵ شێوا قژی
ڕیزی ٤، وشەی چوارەمی چوارینەکان
لە نیگای مانگ دووچاوی ڕەش ناو هەوری ڕەش وەك بەختم ڕەش
دوو خۆرم دی پڕ ورشە بوو تروسکەی دا تا بڵێی گەش
بە شەو و ڕۆژ بۆ گەشیی ژین تیشکی بەخشی خۆر سەر کەژی
تیشکی گەش بوو هیوای دەروان ڕومەت بە خاڵ دڵ بۆت هەژی

*** چون بوو هاتیته نێو ژیانی وەرزشی؟**

- بێگومان مرۆڤ هەر لەو کاتەی خۆی دەناسێت، حەز و خولیایەکی تایبەتی هەیە، ئەوەش وا دەکات کە دوای ئەو حەز و خولیایەت بکەویت، بۆیە وەرزش و یاریی تۆپی پێی حەزێکی منداڵیم بوو.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- وەك خۆم هیچ قورسییەك لە یاریی تۆپی پێدا نابینم، بەڵکو ئەگەر حەز و خولیات بۆ هەر شتێك هەبێت، مەحاڵ بوون نییە.

*** قوتابی پەیمانگەیت، بیرت لە دروستکردنی تیپێکی کچان نەکردۆتەوە لە چوارچێوەی کارەکەتدا؟**

-لە ئێستادا هیچ بیرۆکەیەکم نییە، چونکە شارەزاییەکی ئەوتۆم نییە تاوەکو بەرپرسیارێتیی تیپ بگرمە ئەستۆ، ئەو بیرۆکەیە بۆ دوای تەواوکردنی پەیمانگە جێ دەهێڵم.

*** ئاستی یاریی فوتساڵ و تۆپی پێ چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- دەتوانم بڵێم ئاستی یاریی تۆپی پێی کچان هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەوەی ئێستا ئێمەی کچان هەر لە چوارچێوەی تیپێکی یاریگەی فوتساڵدا دەبینینەوە، لەگەڵ ئەوەی کچە یاریزانی زۆر باش و لێهاتوو لە کوردستان هەیە، هیچ هەوڵێك نییە کە تیپێکی ١١یاریزانی دروست بکەین.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ و تۆپی پێ ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

- پێویستە هەوڵ بدرێت لە قۆناغی سەرەتاییەوە لە قوتابخانەکان وانەی وەرزش و، بەتایبەتیش ئەوانەی بەهرەی تۆپی پێیان هەیە، گرنگیان پێ بدرێت، دواتر کردنەوەی یاریگە و شوێنی شیاو بۆ وەرزشیی کچان لە ڕووی بیناوە، ناردنە دەرەوەی ڕاهێنەران و تیپەکانی کچان بۆ خول و پاڵەوانێتیی دەرەوە و خولی پێشکەوتوو.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- هەموو هەوڵەکانم دەخەمە گەڕ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یاریکردنم و شارەزایم لە یاری تۆپی پێدا و یاسا و ڕێساکانی ئەو یارییە، لە هەمان کاتدا بەدەستهێنانی متمانەی دەوروبەر، تا بۆم ببێە پاڵپشتییەکی باش بۆ داهاتووم.

*** هیواو ئاوات وەکو یاریزانێك؟**

- هیوام ئەوەیە لە داهاتوودا ببمە یاریزانێکی ئاست بەرز و دیار لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکەمان.

*** بۆچی کچان بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕوو لە یاریگەکان ناکەن بۆ وەرزشکردن؟**

- زۆرێك لە کچان حەزی زۆریان بۆ وەرزش و بەتایبەتیش بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە، بەڵام بەداخەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێك سەرگەردانی کردوون، کە بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەشی لێ تێك داون و، ناتوانن زاڵ بن و بەدوای حەز و ئارەزووەکانیان بکەون.

## شووشە جومعە:

### یاریزانی فوتساڵی یانەی وەرزشیی ڕانیە:

# ئاستی یاریی تۆپی پێی کچان هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە




*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- پێشنیارم بۆ بەرپرسانی وەرزشیی ئەوەیە کە هەوڵ بدەن بە هێنانە پێشەوەی ڕاهێەرانی ئەکادیمی و پسپۆڕ داهاتووی وەرزشی کوردستان پرشنگدار بکەن.

*** ئایا کۆمەڵگە ڕێگرە لە وەرزشیی ئافرەتان؟**

- پێم وایە کچان بە گشتی و بەتایبەتیش قەزا و ناحیەکان زیاتر لەو وشەیە دەترسین، کە دەڵێن و وتیان و وترا، واتە قسە و قسەلۆکی ناو کۆمەڵگە بە گشتی دواتریش ڕێگریی خانەوادەکان، ئەویش لە ترسێك کە لە دڵی زۆرێك لە دایك و باوکەکان دا هەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆ خانەوادەکەم کە پاڵپشتێکی گەورەن بۆ من، بۆهەریەك لە ڕاهێنەرەکانم لە فێرگەی ڕانیە، سوپاسی هاورێکانم دەکەم کە پاڵپشتم بوون، سوپاس بۆ مامۆستایانی پەیمانگە کە ماندوون لەگەڵمان، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گولان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە بۆ وەرزشکاران ئەنجامی دەدات بەبێ جیاوازی.

**تیپی فوتساڵی فێرگەکانی یانەی وەرزشیی ڕانیە یەکێکە لەو تیپانەی کە ساڵانە چەندین کچە یاریزانی بەتوانا دروست دەکات لەسەر ئاستی ئیدارەی ڕاپەرین و بەتایبەت سەنتەری قەزای ڕانیە، کە ڕاهێنەرە خۆبەخشەکانی گرنگیی تەواو بە یارییەکانی وەرزشی تۆپی پێ دەدەن لە تیپەکە، فوتساڵیش یەکێك لەم تیپانەیە کەوا هەردەم خزمەت کراوە، بۆ ئەوەی کچانی سنوورەکە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لە هەردوو خولی فوتساڵی کوردستان، هەر چەندە ئەم یاریزانە خەونی گەورەی هەیە بۆ دوارۆژی خۆی، دەیەوێت لە ڕێگەی وەرزشەکەیەوە داهاتووی پرشنگدار بکات، شوشە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی گوندی کەلکانی بناری کۆسرەتە، ئێستا دانیشتووی چوار قورنەیە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە، ئەمساڵیش خەونی ئەوەی هەیە لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، بتوانێت ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گولانی دایەوە.**



**دیمانە: کارزان کانەبی**

# ئەستێرەیەکی ڕیال مەدرید نزیکە لە یانەی ئەرسناڵ

میدیاکانی ئیسپانیا و بەریتانیا بڵاویانکردەوە، یانەی یانەی ئەرسینالی ئینگلیزی چاودێریی مارکۆ ئاسێنسیۆ یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید دەکات، بۆ ئەوەی یاریزانەکە بباتە ڕیزەکانی و هێڵی پێشەوەی یانەکەی بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەش دەیەوێت بە نرخێکی گونجاو ڕیال مەدرید ڕازی بکات دەستبەرداری یاریزانەکە ببێت.

بەپێی دوایین پێشهاتەکان ڕیال مەدرید ئامادەیە لە ئەگەری بوونی گرێبەستێکی ٣٤ ملیۆن پاوەندی، بیر لە دەستبەرداربوون لە یاریزانە ئیسپانییەکە بکاتەوە.

ئاسێنسیۆ لەم وەرزەدا لەسەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا بەشداریی لە ١٠ یارییدا کردووە، بەڵام هێشتا ٩٠ خولەك لە لالیگادا پشتی پێ نەبەستراوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی یاریزانەکە بیر لە ڕۆیشتن لە یانەکە بکاتەوە.

مارکۆ ئاسێنسیۆ تەمەنی ٢٥ ساڵە، گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید لە هاوینی ٢٠٢٣ کۆتایی دێت و نرخەکەشی لە بازاڕی گواستنەوەدا دەگاتە ٣٥ ملیۆن یۆرۆ.

یانە لەندەنییەکە لەم وەرزەی خولی نایابی ئینگلیزی، دوای ئەوەی سەرەتایەکی خراپی هەبوو، ئەنجامەکانی بەرەو باشی برد و لە ١٠ یاریی ڕابردوودا لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا نەدۆڕاوە و ئێستا لە پلەی پێنجەمی ڕیزبەندی خولەکەدا ٢٠ خاڵی هەیە و شەش خاڵ لە پێشەنگی ڕیزبەندی خولەکەوە دوورە.





# خاڤی یاسای خۆی لە یانەی بەرشلۆنە پەیڕەو دەکات

سەرچاوەیەکی نزیك لە خاڤی هێرناندێز ئاشکرای کردووە، کە ئەو ڕاهێنەرە ٧ یاسای بۆ یاریزانەکان داناوە و هەر کەسێك سەرپێچی بکات بە توندی سزا دەدرێت.

خاڤی هێرناندێز بە گرێبەستێك بۆ ماوەی دوو وەرز و نیو لە شوێنی ڕۆن ئاڵد کومان ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی بەرشلۆنە وەرگرت.

ڕۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنیا لە ڕێگەی خاڤی میگێل کەسێکی نزیکە لە خاڤی هێرناندێز ئاشکرای کردووە، کە خاڤی هێرناندێز ٧ یاسای داناوە، کە پێویستە سەرجەم یاریزانان و ستافی ڕاهێنەرانی پابەندی بن و لە بەرامبەر هەر سەرپێچییەك سزایەکی داناوە.

یەکەم: پێویستە سەرجەم یاریزانەکان یەك کاتژمێر و نیو پێش ڕاهێنانەکان بگاتە شوێنی مەشقەکان، ستافی هونەریش دەبێت دوو کاتژمێر پێش ڕاهێنانەکان ئامادە بن.

دووەم: پێویستە سەرجەم یاریزانەکان لە شوێنی کۆمەڵگەی وەرزشی نان بخۆن و هەریەکەیان بڕ و جۆری خوادنەکەشیان بۆ دیاریکراوە و نابێت سەرپێچی بکەن.

سێیەم: هەر یاریزانێك بۆ کاتی مەشقەکان دوابکەوێت سزا دەدرێت، ئەگەر ماوەی دواکەوتنەکانی لە مەشقەکان زیاتر بێت سزایەکانی توندتر زۆرتر دەبێت.

چوارەم: هەرکەسێك بەشێوەیەکی باشتر و ڕێکخراوتر پابەندی مەشق و ڕاهێنانەکان بێت دەرفەتی یاریکردنی لە پێکهاتەی سەرەکی زیاتر دەبێت.

پێنجەم: نابێت هیچ یاریزانێك سواری ماتۆرسکیل بێت و سەرکێشی بە جەستە و ژیانی خۆی بکات.

شەشەم: هیچ یاریزانێك نابێت جگە لە تۆپی پێ، بەشداریی هیچ چالاکییەکی دیکەی وەرزشی بکات و بەبێ ڕەزامەندی ڕاهێنەر گەشت بۆ هیچ شوێنێك بکات.

حەوتەم: لەسەر هەموو یاریزانەکان پێویستە بەشێوەیەکی زۆر جوان و نایاب مامەڵە لەگەڵ هاندەران و کەسانی دیکە بکات.

# ئیمباپێ نزیکە لە یانەی لیڤەرپوول

سەرەڕای ئەوەی میدیاکان باس لەوە دەکەن، کە لەپێناو چوونە ڕیزەکانی یانەی ڕیال مەدرید کیلیان ئیمباپێ ئەستێرەی فەرەنسیی یانەی پاریس سانت جێرمان گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان نوێ ناکاتەوە، کە لە هاوینی ڕابردوودا یانە ئیسپانییەکە بەفەرمی دانوستاندنی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان کرد، بەڵام بەرپرسانی یانە فەرەنسییەکە ڕازی نەبوون دەستبەرداری ئیمباپێ ببن. هەندێك لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن، کە کیلیان ئێستا بۆچوونی خۆی لەبارەی ڕیال مەدریدەوە گۆڕیوە و، دەیەوێت یۆرگن کلۆپ سەرپەرشتی مەشقەکانی بکات، ئەو سەرچاوانە دەڵێن: ئیمباپێ هیوادار بوو کلۆپ ببێتە ڕاهێنەری ڕیال مەدرید و خۆیشی درێسی سپیی یانەکە بپۆشێت، بەڵام دڵنیایە لەوەی کلۆپ لە لیڤەرپوول ناڕوات، بۆیە دەیەوێت بچێتە لیڤەرپوول.

ئەگەرچی لەم هاوینەدا ئیمباپێ بەئاشکرا داوای لە بەرپرسانی پاریس سانت جێرمان کرد، کە ڕێگەی بدەن بڕواتە ڕیال مەدرید و، بەرپرسانی ئەو یانەیەش بەفەرمی لەسەر ئەو پرسە دانوستاندنیان لەگەڵ یانەی پاریسی کرد، بەڵام دەرئەنجام یاریزانەکە لە یانەی خۆی مایەوە، لە کۆتایی ئەم وەرزەدا ماوەی گرێبەستی کیلیان لەگەڵ پاریس کۆتاییدێت و یاریزانەکە دەتوانێت بەبێ بەرامبەر بچێتە هەر یانەیەك کە بیەوێت.


ئەگەرێکی دیکەش چانسی لیڤەرپوول بەهێزتر دەکات بۆ بەدەستهێنانی واژۆی ئیمباپێ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر محەممەد سەڵاح ئەستێرەی میسری گرێبەستەکەی لەگەڵ لیڤەرپوول نوێ نەکاتەوە و، بڕیاری ڕۆیشتن بدات، کە تاوەکو ئێستا لەگەڵ لیڤەرپوول نەگەیشتووەتە ڕێککەوتن.

ماوەی گرێبەستی ڕۆبێرتۆ فێرمینیۆ و سادیۆ مانێش لە هاوینی ٢٠٢٣ کۆتایی دێت، واتە ئەگەری لەدەستدانی ئەو دوو هێرشبەرەیشی هەیە، بۆیە دەبێت لە مێرکاتۆدا بەدوای هێرشبەرێکی سوپەردا بگەڕێت.





# ئافرەتانی هەولێر خۆی نوێ دەکاتەوە



تیپی تۆپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر ئەم وەرزە ستافی ڕاهێنەران و ژمارەیەك لە یاریزانی تازەی هێناوە بۆ یانەکە، بۆ ئەوەی لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر، جارێکی دیکە پەنای بۆ ڕاهێنەری پێشووی یانەکە (مەزن محەممەد) بردەوو،ە بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بباتە قۆناغێکی باشتر، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد ڕاهێنەری فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەڵێ ئێمە بە پێی ڕێککەوتن لەسەر گرێبەستن لە نێوان هەردوو لاماندا گەڕاینەوە یانەکە، وەکو دەستەی ڕاهێنەرانیش یەك یاریزانمان هێناوە (بێریڤان جەلال) کە پێشتریش لای خۆمان بووە»، مەزن محەممەد گوتیشی: «بەرنامەیەکی باشمان داناوە بۆ تیپەکە و لە مەشقەکان بەردەوامین، هیچ گرفتێکمان نییە، سوپاس بۆ سەرۆکی یانەکە و سەرپەرشتیاری تیپ بۆ هاوکارییان، ئێمە پشت بەو یاریزانانەی خۆمان دەبەستین و دەبینە تیپێکی ژمارە لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان، بە نیازی ئەوەشین یەك یاریزانی پیشەگەری ئێرانی بهێنین بۆ ڕیزی تیپەکەمان».

# کچانی ژیما بەشداریی پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوای ئاسیا دەکەن

تیپی تۆپی باسکەی کچانی ڕێکخراوی ژیمای سەر بە پارێزگای سلێمانی، کە بە سەرپەرشتیی دکتۆر ڕزگارڕەئوف مەشقەکانیان بەردەوامە، جگە لەوەش ژمارەیەك لە کچە یاریزانەکانی تیپەکە بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی دەرەوش دەکەن بە ناوی هەڵبژاردەی عێراقەوە، ئاست و ئەنجامیان دڵخۆشکەرە بۆ کوردستان و عێراق، لەم بارەشەوە دکتۆر ڕزگار ڕەئوف بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ڕێکخراوی ژیما لە ئێستادا پاڵەوانێتیی ناوەخۆیی هەیە بۆ چوار تیپی تازەپێگەیشتوان، ئامانجمان بەشدارپێکردنی ٥٠کچە یاریزانە لە تەمەنی جیاواز لە ١١بۆ ١٦ ساڵ، بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لە پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوایی ئاسیا، کە لە مانگی چواری ساڵی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت، بڕیاریشمان داوە بەشداریی کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان بکەین لە کۆتایی مانگی ١٢ لە یەکێك لە وڵاتانی سوریا، یان لوبنان، یان ئوردەن، چەند یارییەکی دۆستانەش ئەنجام بدەین، وەکو ئامادەکاریی هەڵبژاردەی باسکەی عێراق»، دکتۆر ڕزگارڕەئوف گوتیشی: «لە جامی جیهانیی کارامەکان بە پێشەنگی لە ئیسپانیا و تونسمان بردەوە و بە پۆرەتەریکۆ دۆڕاین، سەرکەوتین بۆ قوناغی ١٦، لەم قوناغەش بە لیتوانیا دۆڕاین، لە سەر ئاستی جیهانیش لە پلەی ١٦ین، دەتوانم بڵێم بە مێژووی عێراق شتی وا نەبووە، بۆ پاڵەوانێتیی ڕۆژئاوایی ئاسیاش دەمانەوێ ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بۆ سەرکەوتن بۆ پاڵەوانێتیی ئاسیا، ئەوەش دەبێتە یەکەمجار کە تیپێکی باسکەی کچانی عێراق سەربکەوێت و لەوێش پلەکانی یەکەم تا هەشتەم بەدەست بهێنێت و سەربکەوێت بۆ جامی جیهانی، بۆ ئەم مەبەستەش کچانی ژیما کرۆکی بابەتەکە و هەڵبژاردەی عێراقن».





## نیاز محەممەد :

# لە یانەی شورتە زۆر ئاسوودەم

یانەکانی ناوەڕاستی و باشووری عێراق زۆربەی کات بەر لە دەستپێکی خولەکانی عێراقی، چاویان لەسەر ئەو ئەستێرە کوردانەیە کە ئاستی بەرز پێشکەش دەکەن، بۆ ئەوەی بە گرێبەستی شایستە بیانگوازنەوە ڕیزی یانەکانیان، نیاز محەممەد یاریزانی پێشووی تۆپی پێی یانەی هەولێر، ئەمساڵ بە گرێبەستێك ووەتە ڕیزی یانەی شورتەی شاری بەغدا، لەگەڵ تیپەکەی خاوەن ئاستێکی بەرز و پێشەنگی یانەکانی عێراقیان گرتووە، لەم بارەشەوە نیاز محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خوای گەورە لە یانەی شورتە زۆر ئاسوودەم، دەتوانم بڵێم ئێستا لەگەڵ یانەی شورتە لە باشترین کاتەکانی ژیانی وەرزشیمدا دەژیم، و خەونم لە ئێستادا بە دەستهێنانی خولی نایابی یانەکانی عێراقە لەم یانەیە، جگە لەوەش خەونی من ئەوەیە بە درێسی هەڵبژاردەی عێراقەوە یاری بکەم و، یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق»، لەبارەی هاندەرانی یانەی شورتەش نیاز گوتی: «زۆر پاڵپشتمن، لە ژیانی وەرزشیمدا هاندەرانی وا بە جۆش و خرۆشم نەبینیوە، کە لە هاندانی یانەکە ناوەستن، لە بارەی خۆشم کە یاریزانێکی کوردم، تا ئێستا هیچ وشەیەکی ڕەگەزپەرستی دژی من بەکار نەهاتووە وەکو یاریزانێکی کورد، بە پێچەوانەوەش زیاتر ڕێزم دەگرن، منیش دەمەوێت لە یارییەکانی داهاتوودا بەردەوابم و ببمە جێگای متمانەی دەستەی ڕاهێنەران و، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی باشتر پێشکەش بکەم، هیچ گرفتێکیشم نییە لە یانەی شورتە و هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە، بۆ ئەو یانەیە».

# گۆڕانی دەنگ پاش نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت



لە سەردەمی ئێستادا نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت Rhinoplasty لە سەرتاسەری جیهاندا بە باوترین نەشتەرگەریی جوانکاری هەژمار دەکرێت، بەڵام یەکێك لە ئاکامە نەخوازراوەکانی پاش نەشتەرگەری، بریتییە لە گۆڕانی دەنگ بێ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر قسەکردن و دەربڕینی پیتەکان. پسپۆڕانی قورگ و لووت و گوێ ڕوونیان کردۆتەوە کە هۆکاری گۆڕانی دەنگ پاش نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت، دەگەڕێتەوە بۆ تەسکبوونەوەی بۆشایی لووت، یان گۆڕان لە ڕووبەری بۆشایی لووتدا کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرگری بەرانبەر بە لێشاوی هەوا، کە لە ژێیەکانی دەنگەوە دەگاتە بۆشایی لووت، دەرەنجام هەڵمژینی دەنگ لە بۆشایی لووتدا زیاد دەبێت، بەمەش تۆنی دەنگ کەم دەبێتەوە، هەندێك جاریش دەبێتە ئەگەری گنگبوونی دەنگ Hyponasal speech وەکو ئەوەی کە لە حاڵەتی گیرانی لووتدا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەگەری ئەم ئاکامەی پاش نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت، پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە دەنگ بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ بەکاردێنن وەکو گۆرانی بێژ، یان بێژەرەکان، پێش بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت، هەڵسەنگاندنی تەواوی مەسەلەکە لەگەڵ دکتۆردا بکەن، زیانە لابەلایەکانی دیکەی پاش نەشتەرگەریی جوانکاریی لووت بەگشتی سادە و کاتین.




# پاکسلۆڤید. دەرمانێکی نوێی فایزەر دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا

کۆمپانیای فایزەر سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ جەختی لەوە کردەوە کە دەنکۆڵەی پاکسلۆڤید Paxlovid یان PF-07321332 کە لەگەڵ دەنکۆڵەی ڕایتۆنەڤیر Ritonavir کە دەرمانێکی پێشووی دژەڤایرۆسە بە ڕێگای دەم بەکاردێت، لە توندیی کۆڤید١٩ کەم دەکاتەوە و ئەگەری خەواندن لە نەخۆشخانە و ئەگەری مردن لە تووشبوواندا تا ڕێژەی ٨٩٪ کەم دەکاتەوە. فایزەر ئاماژەی بەوەش کردووە کە دەرمانەکە بەم زووانە ڕەزامەندیی فەرمیی بەکارهێنانی بەرفراوان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی خۆراك و دەرمانی ئەمریکی FDA وەردەگرێت. میکانیزمی کارکردنی دەرمانی پاکسلۆڤید بریتییە لە کپکردنی ئەنزیمی پرۆتییێز Protease کە بۆ دابەشبوون و گەشەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا پێویستە، لەوانەیە کە دەرمانی پاکسلۆڤید بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە کۆڤید١٩ سەرکەوتوو بێت، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کۆمپانیای فایزەر سەبارەت بە دەرمانی پاکسلۆڤید دەری دەخەن کە ئەم دەرمانە لە دەرمانی مۆلنوپیراڤیر Molnpiravir ی کۆمپانیای مێرك Merck کاریگەرتر دەبێت یان نا. دەنکۆڵەی پاکسلۆڤید بە ژەم سێ دەنك ڕۆژانە دوو جار بەکاردێت، واباشتر و کاریگەرترە کە دەرمانی پاکسلۆڤید بە زووترین کات پاش تووشبوون بە کۆڤید١٩ بەکار بهێنرێت.



# کاریگەریی درێژمەودای کۆڤید١٩ لەوانەیە تا یەک ساڵ درێژە بکێشێت

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان، هەندێك کەسی تووشبوو بە کۆڤید١٩ پاش چاکبوونەوە لەوانەیە کە بۆ ماوەی یەك ساڵ، یان زیاتر دوچاری چەند نیشانەیەکی پەیوەست بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ببنەوە، بەم حاڵەتەش دەگوترێت کۆڤیدی درێژمەودا Long covid یان حاڵەتی پاش کۆڤید Post covid-19. گرنگترین نیشانەکانی حاڵەتی پاش کۆڤید بریتین لە: گرفتی هزری بە شێوەی لەبیرچوونەوە و گرفت لە تەرکیز، خەوزڕان، هەستکردن بە ماندووبوون، هەناسەتەنگی، سینگ ئێشە و هەستکردن بە توندبوونی سینگ، دڵەکوتێ، سەرسووڕان، ئازاری جومگە، خەمۆکی و پەستی، ویزە و ئازاری گوێ، سکچوون، ئازاری گەدە، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، گۆڕان لە هەستی بۆن و چێژکردندا، هەروەها پەیدابوونی پەڵەی سوور لەسەر پێست، ئەم نیشانانەی کۆڤیدی درێژمەودا کاریگەریی بەرچاو دەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانەی تووشبووان، تا ئێستا هۆکاری بەردەوامبوونی ئەم نیشانانەپاش تووشبوون بە کۆڤید ١٩ بە تەواوی نەزانراوە، بەڵام لەوانەیە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ببێتە ئەگەری گۆڕان لە سیستمی بەرگریی لەشدا، کە دەرەنجام ئەم نیشانانە بەردەوام بن، هەروەها کۆڤید١٩ هۆکارە بۆ ڕوودانی هەوکردن Inflammation لەناو شانەکانی مێشکدا، کە دەبێتە نەخۆشیی دووەم و هۆکارە بۆ گرفت و تێکدانی ڕاستەوخۆی کۆئەندامی دەمار.



# بەرگریی پاش ڤاکسینی کۆڤید لە بەرگریی پاش تووشبوون بەهێزترە

ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە کە ڤاکسینی کۆڤید ١٩ وەرنەگریت، چونکە لە ڕابردوودا تووشی کۆڤید١٩ بوویت و بەرگریی لەشت بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هێشتا ماوە و بەهێزە، ئەوا پێویستە کە دووبارە بیرکەیتەوە، ئەمە ڕاستییەکی زانستییە کە پاش تووشبوون بە کۆڤید١٩، بەرگری بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لەشدا دروست دەبێت، گەلێك لەو کەسانەی کە دوچاری کۆڤید١٩ بوون و چاکبوونەتەوە، پێیان وایە کە پێویست بە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید ناکات، چونکە لەشیان بەرگریی بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە، لە ڕاستیدا ئەم بیرکردنەوەیە لە ڕووی زانستییەوە هەڵەیە، چونکە لە نوێترین لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کۆڤید١٩ دا هاتووە، کە ئەو بەرگرییەی لەش بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەپاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید پەیدا دەبێت، بەهێزترە لەو بەرگرییەی لەش کە پاش تووشبوون بە کۆڤید١٩پەیدادەبێت. سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC دەڵێت کە ئەوکەسانەی دوچاری کۆڤید١٩ بوون و چاکبوونەتەوە و ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرنەگرتووە، ئەگەری دووبارە تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پێنج هێندە زیاترە لەو کەسانەی کە هیچ جارێك تووشی کۆڤید١٩ نەبوون، بەڵام ڤاکسینی تەواوی کۆڤیدیان وەگرتووە.

# ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوانەیە ببێتە ئەگەری هەوکردن لە گوێی ناوەوەدا



لە ئێستادا، واپێدەچێت کە نزیکەی هیچ بەشێکی لەش بەدەر نەبێت لە پەلاماری ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە نوێترین توێژینەوەدا هاتووە کە لەوانەیە کۆڤید١٩ هەوکردن لە گوێی ناوەوەدا Inner ear پەیدابکات و، کاریگەریی بکاتە سەر هەستی بیستن و باڵانسی لەش. لە گەڵێك تووشبووانی کۆڤید١٩ دا چەند نیشانەیەکی تایبەت بە گوێ تۆمارکراون وەکو: تەپبوونی گوێ، کەمبوونەوەی هەستی بیستن، هەستکردن بە ویزەی گوێ Tinnitus، سەرسووڕان، لەگەڵ گرفت لە هاوسەنگی، یان باڵانسی لەشدا، لە ناو گوێی ناوەوەدا، ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێتە ئەگەری ڕوودانی هەوکردن لە مووەخانەکانی Hair cells ناو گوێی ناوەوە، کە ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە کرداری بیستن و باڵانسی لەشدا هەیە،پاشان تا ڕادەیەکی کەمتر دەبێتە هۆی هەوکردن لە دەمارەخانەکانی گوێی ناوەوەدا، توێژەران دەڵێن کە لەوانەیە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕێگای کەناڵی ئیوستاکی کە بۆشایی لووت بە گوێی ناوەڕاست دەبەستێتەوە، بگاتە گوێی ناوەوە، هەروەها لەوانەشە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕێگای ئەو کونە بچووکانەوە کە لە دەوری دەمارەکانی بیستندان بچێتە ناو گوێی ناوەوە و پاشان بگاتە خانەکانی مێشك و هەوکردن لە دەمارەکانی مێشکدا پەیدا بکات، کە دەماری پەیوەست بە گوێی ناوەوەش دەگرێتەوە.




# ڕۆڵی زینک بۆ خۆپاراستن لە هەڵامەت و ئەنفلوەنزا

زینك یان تۆتیا Zinc بە شێوەی سپرای لووت، جێڵی لووت، دەنکی مژین Lozenges، هەروەها بە شێوەی دەنکی خواردن لە بازاڕەکانی جیهاندا بەردەستە، زینك بە ڕێژەیەکی باش ڕۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون ئەنفلوەنزا، هەروەها لە تووشبوون بە هەڵامەت بە ڕێژەیەکی کەمتر. لەکاتی تووشبوون بە هەڵامەت، یان ئەنفلوەنزا، بەکارهێنانی زینك ماوەی بەردەوامبوونی نیشانەکان کورت دەکاتەوە تا نزیکەی دوو ڕۆژ، هەروەها نیشانە قورسەکانیش سووك دەکات. پسپۆڕان ئاماژەیان بەمەش کردووە تا ئێستا بە تەواوی ڕوون نییە کە ئەم سوودانەی زینك بۆ خۆپاراستن، یان سووککردنی نیشانەکان لە حاڵەتی کۆڤید١٩ بە هەمان شێوەی هەڵامەت و ئەنفلوەنزای وەرزی بێت، یان نا. بەکارهێنانی زینك بەگشتی بێ زیانە و کاریگەرییە لابەلایەکان، یان زیانە نەخوازراوەکان پاش بەکارهێنانی زینك سووکن و بریتین لە: هێڵنج، لە هەندێك کەسیشدا سووتانەوەی دەم و ناوپۆشی لووت بەدی دەکرێت، هەروەها ئەگەری نەمانی هەستی بۆنکردن پاش بەکارهێنانی زینك بە شێوەی جێڵ، یان سپرای لووت زۆر کەمە.



# لاپتۆپە جووت شاشەکەی لینۆڤۆ

کۆمپانیای لینۆڤۆ یەکێك لە لاپتۆپە ناوازەکانی خستە بازاڕ، لاپتۆپی جۆری ThinkBook Plus Gen 2 کە دوو شاشەی هەیە و پشتەوەی لاپتۆپەکە شاشەیەکی تایبەتی ڕەش و سپی تێدایە کە بۆ ئەنجامدانی هەندێك ئەرك و كار دەگونجێت.

شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە و کوالیتی و ڕوونی لە جۆری WQXGAیە. لاپتۆپەکە لە ئەلۆمینۆم دروستکراوە. کێشی لاپتۆپەکە ١,٣ کیلۆیە.

یەکەی لێکدانەوەی لە نەوەی یازدەهەمی Corei7 ئەنتەلی لەسەر داندراوە. ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە. میمۆری و داتاگەکەی لە جۆری M.2یەو یەك ترابایتە.

وێبکەمەکەی HDیە. دوو سپیکەری دوو واتی هارمێنی تێدایە و بە سیستەمی دەنگی دۆلبی. چوار مایکی هەیە و دوو شوێنی USB-C. سیستەمی وای-فای ٦ و بلوتوسی ٥ی لەسەرە.



# ئامێرێک دەقەکانت بۆ دەخوێنێتەوە

**حەزدەکەی بۆخۆت دانیشی و یەکێك کتێبت بۆ بخوێنێتەوە؟!**

**حەز دەکەی ڕۆژنامەکانت ئەمڕۆت بۆ بخوێننەوە؟** ئامێر یا کامێرای OrCam Read Smart لە هەر شوێنێك و لە هەرجێگایەك دەقەکانت بۆ دەخوێنێتەوە. ئامێرێکە زیرەکی دەستکردی تێدایە، بۆ هەموو شوێنێك، لە شوێنی کار، قوتابخانە و زانکۆ، لەناو بازاڕ و شەقامەکان دەکرێ سوودی لێوەربگیردرێت. بۆ ئەوانەی نابینان و یان چاویان کزە یارمەتیدەرێکی باشە. یان جار بەکارهێنەر کەم بینا نییە، بەڵام دەقێك ئەوەندە وردە کە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانێت بۆت بخوێنێتەوە.

ئامێرەکە ئەوەندە زیرەکە دەکرێت پێی بڵێی تەنیا سەردێڕی ڕۆژنامەکانم بۆبخوێنەوە، یان سەرباسی کتێبەکان. یان تەنیا فلانە بەش و مەبەستم بۆ بخوێنەوە. هەتا ئێستا پشتیوانی لە زمانی ئینگلیزی دەکات و لە داهاتوودا ڕەنگە زمانەکانی دیکەش بگرێتەوە.






# درۆنی DJI
# Mavic 3 و
# تایبەتمەندییەکانی

ناوی درۆن و کۆمپانیای DJI پێکەوە پەیوەند دراون. کۆمپانیای ناوبراو لە ریزی باشترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی درۆنی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە دێت. نوێترین درۆنی DJI درۆنێکە بەناوی Mavic 3.
درۆنەکە دوو کامێرای لەسەرە. کامێرایەکیان ٢٠ میگاپیسکلە و بە لێنزی ٢٤ ملمی. کامێرای دووەم ١٢ میگاپیکسلە و لێنزکەی ١٦٢ ملمە. کە توانای گەورەکردنی هەتا ٧ بەرابەری هەیە.
کامێرای سەرەکی توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆی بە کوالیتی K5 هەیە واتە ٥١٢٠ لە ٢٧٠٠ پیکسل.
میمۆرییەکەی یەك ترابایتە لە جۆری SSD. ریمۆت کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵە کە دەتوانرێت بەکارهێنەر بە ویستی خۆی درۆنەکە کۆنترۆڵ بکات.
کاتێك بە تەواوی شەحن دەبێتەوە دەتوانرێت هەتا ٤٦ خولەك بە ئاسماندا بفرێت. زۆر بە ئاسانی باترییەکەی دەگۆڕدرێت. بە کێبڵی USB-C شارژ دەبێتەوە. لە دەرەوەی شار و لەدیدی کراوەدا هەتا مەودای دووری ١٥ کیلۆمەتر دەتوانێ کۆنترۆڵ بکرێت. هەرکاتێك بەربەستێکی بۆ بێتە پێش لە هەر لایەکەوە بێت هەستەوەری هەیە.



## کامێرایەکی بچووک بەڵام بەهێز

کامێرای بچووکی Insta360 Go 2 یەکێکە لە بچووکترین و بەهێزترین کامێراکانی ئەکشەن واتە کامێرا بۆ گرتنی فیلمی جوڵەدار. کامێرای ناوبراو زۆر وەك ڤێرژنی پێش خۆی دەچێت. کێشەکەی تەنیا ٢٦ گرامە. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە. بەهۆی کامێراکە دەتوانی کلیپێکی FPV بۆ ماوەی نیو کاتێژمێر بگیردرێ.
هەروەك ئاماژە پێدرا کامێراکە ئەکشنە، واتە دیمەنی جوڵەدار بەبێ لەرزین تۆمار دەکات.
لە ڤێرژنی نوێدا چوارچێوەیەکی بۆ شەحنکردنەوە داندراوە. چوارچێوەکە نەتەنیا شەحن دەکاتەوە بەڵکو دەکرێ وەك کۆنترۆڵ لە رێگای دوورەوە و هەروەها وەك پایەیەك بۆ گرتنی وێنەی سێلفی سوودی لێوەربگیرێت.

# کاتژمێرێکی زیرەک بۆ منداڵان




کۆمپانیای شیائومی یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری ئەلکترۆنی. لەم ماوەیەدا شیائومی کاتژمێرێکی زیرەکی تایبەت بە منداڵان بەرهەمهێنا کە بە جۆری Learning Watch 5 Pro ناسراوە. ئەم کاتژمێرە بە بەراورد لەگەڵ کاتژمێرەکانی دیکەی هەمان کۆمپانیا پێشکەوتووترە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی کاتژمێرەکە بوونی کامێرایەکە بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان. کاتژمێرەکە پشیتوانی لە NFC واتە دانی دراو بە شێوەی ئەلکترۆنی دەکات و هەروەها GPS سێ ڕەهەندی تێدایە.

کاتژمێری Learning Watch 5 Pro شاشەکەی ١,٧٨ ئینجە. لە جۆری گۆریلا گلاسە. لە گۆشەیەکی شاشەکەدا کامێرا تایبەتەکە دانراوە.

رامەکەی یەك گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٨ گیگایە. کۆمەڵێك ئاپی فێرکاری بۆ منداڵان تێدایە. چەندین تایبەتمەندی وەرزشی و تەندروستی تێدایە وەك لێدانی دڵ و هەروەها یاری پەتپەتێن، شاخەوانی، راکردن، پایسکیل لێخوڕین.

لەسەرەوەی شاشەکە کامێرایەکی ٥ میگاپیکسلی لەسەرە کە ئەو هەلە بۆ دایك و باوکان دەڕەخسێنێ تا هەرکاتێك نیازیان بێ شوێنی منداڵەکەیان ببینن، هەروەها کامێرایەکی ١٣ میگاپیکسلی بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك پرسیاری ئەوە دەکات ئایا لە wordدا دەکرێت، فایلێکی PDF بکرێتەوەو دەستکاری بکرێ؟**

خوێنەری بەڕێز، بەڵێ بە خۆشییەوە ئێستاکە ئەو تایبەتمەندییە لە مایکرۆسۆفت Wordی ٢٠١٣ بە دواوە ئەو تایبەتمەندییە زیاد بووە. لەسەرەتادا فایلێکی Word بکەوە و پاشان لە بەشی file بچۆ سەر open و دواتر لەو بەشەدا بەشی Browse دابگرە. ئەوکات لە ریزی فایلەکاندا دەتوانی PDF files دابگری و ئیدی فایلە PDFکە دەکرێتەوە، بەڵام بەپێی قەوارەی فایلەکە ڕەنگە هەندێك بخایەنێ. ئەگەر وێنەی تێدابێ یان خشتە و هێمای گرافیکی ئەوە برێکی پێدەچێت. دواى ئەوە وەك فایلێکی Word ئەوەی پێت خۆش بوو دەستکاری بکە.

ئەو خەونەی بوو بە ڕاستی





# کیبۆردێکی تایبەت بەگەیم

کیبـۆردەکان هـەر سـتایل و شـێوازێکیان هەبـێ، یـەك ئەرکیـان هەیـە و ئەویـش پەیوەنـدی نێـوان کۆمپیوتـەر و مرۆڤـە و بەهـۆی کیبـۆردە دەتوانـی کۆنتڕۆڵـی کۆمپیوتـەر بکرێـت.

کاتێـك ئامێرەکانـی تایبـەت بەگەیـم بـە فرەیـی بـڵاو بوونـەوە، جگـە لـە ئامێرەکانـی تایبـەت بـە گەیـم کۆمپیوتـەر بـە هـەردوو شـێوەی دیسـکتۆپ و لاپتـۆپ بـۆ گەیـم بەرهەمهاتـن. کۆمپیوتـەری تایبـەت بەگەیـم کیبـۆردی تایبەتـی خۆیـان هەیـە. سـتایل و شـێوازی کیبـۆردی گەیـم جیـاوازە.

کیبـۆردی جـۆری ASUS ROG Claymore II یەکێکە لەو کیبۆردە ناوازانە. کیبۆردەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، ئەو بەشەی تایبەتە بە ژمارە لە کیبۆردەکە جیـا دەبێتـەوە. هەروەهـا دەتوانرێـت ئـەو بەشـە لەبری ئەوەی لە لای راست دابنرێت لەلای چەپ دایبنێی.

کیبۆردەکـە دوگمەکانـی بەرجەسـتەن و لـە ژێر هـەر دوگمەیەکـدا گڵۆپێکـی رووناکـی هەیـە. دوگمـەکان هەتـا سـەد ملیـۆن داگرتـن تووشـی کێشـە نابـن. کیبۆردەکـە دەتوانرێـت بەبـێ وایـەر و لە ڕێگای وای-فایـەوە لەگەڵ کۆمپیوتـەر پەیوەند بدرێـت. هەرکاتێـك بەتـەواوی شـەحن بوویـەوە دەتوانرێـت هەتـا ٤٠ کاتژمێـر کاری پێبکرێـت.



## ماڵپەڕێک بۆ لابردنی بەشێک لە وێنە

جار هەیە نیازت هەیە لە وێنەیەکدا، دیمەنێکی بسڕیەوە، بۆ نموونە وێنەت لەناو دیمەنێکی سەوزداییدا گرتووە بەڵام بەردێك یا دیمەنێکی ەشیاو لە وێنەکەدا دیارە، بۆ ئەوەی کە ئەو بەشە لابەری پێویستت بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یا هاوشێوەی ئەوە. ئەگەر بتهەوێ بەبێ فۆتۆشۆپیش ئەم کارە بکەی، بە ئاسانی لە ڕێگای ماڵپەڕی https://cleanup.pictures/ ئەنجام دەدرێ. سەرەتا وێنەکەت دابەزێنە سەر ماڵپەڕەکە لە بۆکسی download دا. دواتر قەڵەمێکی تێدایە کە سایزەکەی دەگۆڕدرێت، دەتوانی ئەوەی مەبەستتە لە وێنەکەدا بیسڕیەوە بەبێ ئەوەی وێنەکەش تێك بچێت. تەنانەت ئەگەر نیازت هەبێ لە وێنەیەکەدا کە بە کۆمەڵ گیراوە، وێنەی چەند کەسێك لە وێنەکەدا بسڕیەوە.

هۆڤێربایـك (Hoverbike) ئامێرێکـی نوێیـە لـە گواسـتنەوەدا. لە راسـتیدا هەمان مۆتۆرە بەڵام لەبری ئـەوەی بـە سـەرزەویدا بفڕێـت بـە ئاسـماندا دەفڕێـت.. ڕێـك ئـەو ئامێرەی لە فیلمـە خەیاڵییەکانـدا دەبینن کە کاراکتـەری فیلمـەکان سـواری بوونـە و بـە ئاسـماندا دەفڕن.

یەکەمیـن Hoverbike بەنـاوی (XTurismo Limited Edition) لەلایـەن کۆمپانیایەکـی ژاپۆنیەوە کەوتە بـازاڕ. هۆڤێربایـك ئەگـەر بێـت بەچڕی بەرهـەم بێت و بکەوێتـە بـازاڕ، ئـەوکات دەبینـی لە ئاسـماندا هەزاران باڵندەی مرۆڤ دەفڕن، ئاسمان بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤەوە.

بڕیـار وایـە ئەگـەر بەربەسـتێك نەیەتـە پێـش لـە ساڵی ٢٠٢٢دا هۆڤێربایکی ناوبراو بە نرخی ٦٨٠ هـەزار دۆلار بکەوێتـە بـازاڕ.

هۆڤێـر بایکـی ناوبـراو راسـتەوخۆ بـە شـێوەی ستوونی بـەرز دەبێتـەوە. هەروەك پێشتر ئاماژە پێدرا زۆر وەك مۆتۆڕێك دەچێت، چوار باتری تێدایە کە وزە بـۆ مۆتۆڕەکـە دابیـن دەکـەن. لـە مـاوەی ٤٠ خولەکـدا دەتوانـێ بـە خێرایـی سـەد کیلۆمەتـر لـە ئاسـماندا بفڕێـت و شـەحنی دانەبزێـت.

کێشـەکەی ٣٠٠ کیلۆیـە. ئامێرەکـە ٦ ڕۆتێـری لەسـەرە و دەتوانێـت هەتـا بەرزایـی ٣ مەتـر لـە زەوی بـەرز بێتـەوە. دوو ڕۆتێـری گـەورە لـە پێشـەوە و دوو دانـەش لـە پشـتەوەن، گۆشـەکانیش هـەرکام ڕۆتێرێکـی بچووکیـان بـۆ دانـدراوە.



# ڕەنگی چاو بۆ وەرزی سەرما

بەرەو وەرزی سەرما دەڕۆین، هەمیشە لە وەرزی زستاندا جوانی بە دیمەکانی ژیان دەبەخشرێن، ڕەنگی چاویش ڕەنگدانەوەی ئەو وەرزەیە کە پێکهاتە جوانییەکە تەواو دەکات، ماکیاژەکان، ڕەنگی چاوەکان بە شێوەیەکی دیکە پیشان دەدەن، جوانیی چاوەکان ئاماژەیە بۆ خانمایەتی و ناسکیی ئافرەتان، چەند ڕەنگێکی چاو بۆ ئەو وەرزە ڕاسپێردراون، گرنگترینیان ئەمانەن: چاوی شین، سەرنجڕاکێشی لە چاوانی شیندایە، بە تایبەت ئەگەر بریقەدار و تیشکدەر بێت، بۆ ئەو جۆرە بۆ پشتەچاوی سەرەوە لەلای گۆشەی دەرەوەی چاوەکان، پێویستی بە سێبەری تاریکی شینی بریقەدارهەیە، بە شێوەی دوکەڵی نەرم، ناو چاوان و هێڵی پشتەچاوی خوارەوە بە کلی ڕەش و چەند تەنێکی ماسکاراش بەکاربهێنە، چاوسەوزەکان پێویستیان بە ڕەنگی میتیالیکی بریقەدار هەیە، بۆ پشتەچاوی سەرەوە، هەروەها ڕەنگی مات بۆ پشتەچاوی خوارەوە، کلیش لە نێو چاوان بدە، چاوی بێرگەندی کە بۆ دەرەوە شیاوە، مۆدێکی ناسك بێرگەندی نزیك لە قاوەییە کە لەگەڵ ڕەنگی پێست و شێوەی چاو نزیك بێت، بۆ ئەوانەی ڕەنگی چاویان کاڵ و ڕەشە، دەتوانن ڕەنگی پشت چاوەکانیان لە برۆنزی بێت، کە هێمای نەرمی و خانماییەتی بە ڕوخساری ئافرەتان دەدات، هەروەها ڕەنگی قاوەیی بریقەدار بۆ پشتە چاوی سەرەوە مۆدێکی نایابی دەبێت.



# هەنگاوە دروستەکانی شووشتنی دەموچاو

جوانیی ڕوخسارت بەندە بە گرنگیدان و ئاگادار بوون لە چۆنیەتیی پاکڕاگرتن و پارێزگاری لە پێستی ڕوخسار، چونکە ڕوخسارت دەروازەی جوانیتە، بۆیە ناسکیی ڕوخسار، واتە پاکراگرتن و چۆنیەتیی شووشتنی، لەم هەنگاوانەوەدا بە ڕێگە دروستەکانی گرنگیدان بە ڕوخسارت ئاشنابە، کە وەك شازادەیەك هەمیشە لە پێش چاوان دەردەکەویت، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەکانیش ڕوخسارت تێك دەدەن، کە ئەوانەن: لابەری ماکیاژ و پاککردنەوەی ڕوخسارت با هەمیشە یەك شت بێت، نابێت لە یەك کاتدا دوو جۆری خاوێنکەرەوە بەکار بهێنیت، هەوڵ بدە ڕۆژانە دوو تا سێ جار دەموچاوت بشۆریت، سەر لە ئێوارە و شەوان کاتێك دەموچاوت دەشۆیت، با تەنیا بەکارهێنانی ئاو بێت بەبێ کەرەستە و ماکیاژ لابەر، زۆرکەس وادەزانێت کە ئاوی گەرم دەموچاو پاکتر دەکاتەوە، ئەوە بیرۆکەیەکی هەڵەیە و تەنیا ئەو کاتە وا باش دێتە بەرچاوت، بەڵام دواتر کاریگەریی خراپی لەسەر نەرمونیانیی پێستی ڕوخسارت دەبێت.




# ملوانکەی باریک و تاک تەڵ بۆ بۆنە و یادەکان

ئەگەر ماکیاژێکی نایاب بکەیت و ئارایشتێکی قەشەنگیش بەسەر قژتەوە بێت، هەروەها گەر ملوانکەیەکی تەڵ باریك و ناسکت لە مل بێت، مۆدێکی شیکت دەست دەکەوێت، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ بۆ ڕێکخستنی ملوانکە لەگەڵ قژ و ماکیاژەکەت بدە، ملوانکە هەمیشە بەرچاو و دیارە، شوێنی جوانی خۆی دەگەشێنێتەوە، چونکە بەشی پێشەوەی بەرۆك و گەردن و مل دەڕازنێیتەوە، بەم چەشنە جوانیی ملوانکە لەسەر مل و بەرۆکت دیار و بەرچاو دەبێت.
لە ئێستاشدا بەرەو وەرزی سەرما دەچین، ئیدی جلی تۆکمە و ئەستوور لەبەر دەکرێن، بۆیە ڕۆڵی ئێکسسوارەکان وەك جاران نامێنن و دەکەونە ژێر جلوبەرگ، هەر بۆیە مارکەی (سوزان کڵان – Suzanne Kalan) تازەترین مۆدی ئێکسسواری ئەو وەرزەی نمایش کردووە، کە زۆربەی مۆدەکانی بریتییە لە ملوانکە درێژ و خاو، دەکەوینە سەر سینگ و بەلای ملیشەوە بە نەرمی دەچەمێنەوە، هەندێکی دیکەش تەنیا تەڵێکە بە ناوەڕاستی سینگ و بەرۆکدا دێتە خوارەوە، زنجیرەکەشی پڕ بە مل دەبێت، جۆری یەکەم بۆ زانکۆ و دەرچوون و دانیشتن هەڵدەبژێدرێت و جۆری دووەمیش بۆ بۆنە و یادەکان لەمل دەکرێن.



# تابلۆیەک بە ٣٠ ساڵ



زۆربەی وێنەکێشان ماوەیەکی زۆر خەریکی تابلۆکانیان دەبن، تا دەگەن بەو ئەنجامەی کە مەبەستیانە، بەڵام ئەو خانمە وێنەکێشەی کۆریای باشوور، ماوەی سێ دەیەی پێچووە تا تابلۆیەکی کێشاوە، ئەو وێنەکێشە ناوی (مینگی کانگ)ـە، دوای ئەوەی بڕیاریدا کە تابلۆی (سەردەمی کامیلیا) بکێشێت، لە کۆتایی هەشتاکان دەستی پێ کرد، ئێستا ئەو خانمە لە ناوچەی ١٩ی شاری پاریسی فەرەنسا دەژی، ماوەیەکی زۆر بەو تابلۆیەوە خەریك بووە، دوای ئەو ماوە زۆرە توانی تابلۆیەکەی تەواو بکات، ئێستا لە نمایشگای ڤیلیبن لە هۆنگ کۆنگ دانراوە، تابلۆکانی بریتیین لە گوڵ و گوڵزار، کانگ پێی وایە جوانیی تابلۆکان لەوەدایە کە بە کاتێکی زۆر و بە بیرۆکەی جۆراوجۆر دروستی بکەیت، تا بە هەموو هەستێکەوە بتوانیت پەیام و بابەتەکەت بگەینیت، ئەو دەڵێت من ئەو تابلۆیەم بە ٣٠ ساڵ تەواو کردووە و، ماندووبوونێکی زۆرم پێوەی کێشاوە.



# کۆنترۆڵی سینەما بە دەست جەماوەر

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە زۆر بواردا ئەسپی خۆی تاو داوە، بە جۆرێك کە لە ئێستادا وەك پاشایەك دەتوانیت کۆنترۆڵی تەواوی ئامێرەکانی ماڵەکەت لەڕێگەی ئامێرێکەوە بکەیت، ئێستا کۆمپانیای کینۆ ئەندزتریز بۆ تەکنەلۆژیا و زانست، گۆڕانکاریی لە سیستەمی سینەمای گشتی، یان گەورەدا داهێناوە، گۆڕانکارییەکەش ئەوەیە کە دەتوانیت لە ڕێگەی مۆبایلەکەتەوە فیلمەکە بخەیتە ناوەڕاست و کۆتایی، تا هەموو پارچەکانی بە جوانی ببینیت، ئەو پرۆژەیە بۆ یەکەمینجار لەلایەن گرووپی سینەماکانی (فۆکس سینەما) تاقی کرایەوە، کە بە تەکنەلۆژیای (CTRL) ناسراوە و، دەتوانیت پێش و پاش بە فیلمەکە بکەیت، بۆ ئەوەی لە هەموو بەشێکی فیلمەکە ئاگادار بیت، بەر لە چوونت بۆ ئەو سینەمایە، پێویستە ئەپلیکەیشنێك بە ناوی (ctrl movie) دابگریت، دواتر خوێنەرەوەی بارکۆد (QR)ی خۆت دەبێت و بەکاری دەهێنیت، لەو کاتەی فیلمەکە نمایش دەکرێت، چەند تێبینییەك دێتە سەر شاشە، ئاخۆ دەتەوێت کۆتایی فیلمەکە بهێنیت، یان بگەڕێتەوە، لە کۆتاییدا بە دەنگی ئامادەبووان فیلمەکە بەو جۆرە دادەنرێت کە جەماوەر داوای دەکات.







# مێژووی ئوتووی هەڵمی لە کوردستان

ئازاد سەید ئەحمەد سەید حەسەن، لە ئوتووی هەڵمیی سەید ئەحمەد سەبارەت بە مێژووی ئوتووی هەڵمی دەڵێت: ئێمە لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن باوکمەوە لە هەولێر ئوتوومان داناوە، ئەو کاتە ئوتووەکان بە نەوت ئیشیان دەکرد، ئەو ئامێرانەمان لە بەغدا دەهێنا، لەگەڵ مام قەدۆ دوو مەکینەمان بەناوی (هۆفمانی فەرەنسی) هێنا، لەهەمان کاتدا ئوتووی دەستییش هەبوو کە بە خەڵووز گەرم دەکرا، پیاوێک لە موسڵ بەو ئوتووە خەڵوزانە کاری دەکرد، ئەو کاتە زیاتر ئاغا و پیاوانی دەوڵەمەند لە کاتی درووێنە دەهاتن پارەی ئوتووەکانیان دەهێنا، ئەو کاتە جل شووشتن و ئوتووکردن ماوەی (١٥) ڕۆژی پێ دەچوو، ئەو سەردەمە جلشووشتن هەبوون و مادەی جلشۆر (غەساله)ی ئەمریکی هەبوو لە جۆری دبلیوو ئێس (WS) لە مستەودع دەفرۆشرا، کە ماددەیەکی تایبەت بوو بە شووشتنی جلوبەرگ، چاکێتەکان بە ئاو نەدەشووردران، تا تێک نەچێت، بەڵکو بە ماددەی تایبەت دەشۆردران، بۆ نموونە: ڕۆژانە پێویستیمان بە دوو تەنەکە نەوت و ئەو ماددەیە هەبوو بۆ شتنی جلەکان، ئەوکات کارمان زۆر بوو، هەندێ ڕۆژ ٢٤ کاتژمێر بەردەوام لەسەر کاربووین.

کۆنترین ئوتووی هەڵم لە کوردستان لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزرا، ئوتووی خەڵووز هەبوو، پاش ١٩٤٠ زیاتر پەرە بە ئوتووە درا، پاش چلەکانی سەدەی ڕابردوو ئوتووی پرێسیش دەرکەوت، ئەو کاتە چاکێت و پانتۆڵ نەبوون، یان زۆر کەم بوون، زیاتر جلی کوردی، عەبای ژنان، قابووتی کۆن، کراس و ئەوانە بوون، کە پەڕۆیەک دەخرایە سەر پرێسەکە تاوەکو نەسووتێت، زۆر جار شتومەک لە نێو گیرفانی جلەکاندا بەجێ دەمان، یان دەدۆزانەوە کە بۆ خاوەنەکانیان دەگەڕێنرانەوە، ئێستاش کە ئوتووی هەڵمی هەیە، ئیشکردن ئاسانترە، نرخی ئوتووی هەڵمی جیاوازە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە، بەهۆی ئەوەی هەر یەکە نرخێک دادەنێت، پێشتر قات بە ٣٠٠ فلس ئوتوو دەکرا، هەرچەندە ئێستادا ئوتووی هەڵمیی تازە پەیدا بوون و لەماڵەکاندا هەن، بەڵام ئەو دەقەی لە ئوتووی هەڵمیی بازاڕ و شوێنی گشتیدا هەن، جوانتر و باشترە لە هی ئوتووی ماڵان.




# ژیانی ئەشكەوت بەهەشتە



بڕوای بە ژیانی ئاوەدانی و نێو خەڵك نییە، حەز بە تەنیایی و دوورەپەرێزی دەكات، ئەو پیاوە ناوی (پێدرۆ لۆكا)یە، تەمەنی سەدەیەكە، لە ئەشكەوتێكی بەرزی ویلایەتی (تۆكۆمان) لە باكووری ئەرژەنتین دەژی، كە نزیكەی (٤٠) ساڵ بە یەكجاری لە تەنیایدا دەژی، گەرچی پێشتر جار جار سەردانی شاری كردووە، بەڵام ئێستا بە یەكجاری ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەو ئەشكەوتەدا بەسەر دەبات، ئەو پیاوە ڕۆژانە بە خۆی و تفەنگەكەیەوە سێ كاتژمێر ڕێگە دەبڕێت و دەچێت بۆ ڕاوكردن، دواتریش ئەوەی ڕاوی دەكات، دەیهێنێتەوە و دەیكاتە خۆراكی ڕۆژانەی، ئەو پیاوە خاوەنی (١١) كەڵەشێر و دوو مەڕ و بزنە، لە بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێكدا، ئاگرێكی گەورە دەكاتەوە و، وەك خۆی دەڵێت: ژیانی ئەشكەوت بەهەشتە.




## ددانی شەو - Night Teeth



باس لە كوڕە قوتابیەك دەكات، كە لە درەنگانی شەودا، دوو ئافرەت هەڵدەگرێت و لەگەڵ خۆی بۆ ئاهەنگێكیان دەبات، دواتر بۆی دەردەكەوێت كە ئەو دوو ئافرەتە خوێناویترین و ترسناكترین مرۆڤن، بەرەنگاریان دەبێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٤٨ خولەكە، لە دەرهێنانی (ئادەم ڕانداڵ) و بودجەی فیلمەكە ٢١ ملیۆن دۆلارە، لە نووسینی برێت دیلۆن و نواندنی (دێبی ڕاین و لوسی فری و سیندنی سوینی و مێگان فۆكس)ە.



## كاریكاتێر

ئەم كاریكاتێرە باس لەو كەسانە دەكات كە دەیانەوێت زیان بە كەسانی دیكە بگەیەنن، بەڵام لە ئەنجامدا خۆیان زەرەرمەند دەبن.



## نوكتە

جارێكیان كەسێك دەستگیرابوو، بردبوویانە بەردەم دادوەر، دادوەر پێی دەڵێت: لەسەر چی گیراویت؟
ئەویش دەڵێت: تەنیا گوریسێك،
دادوەر دەپرسێت: هەر گوریسێك و تەواو؟
ئەویش دەڵێت: بەڵێ گەورەم، من تەنیا گوریسێكم دزی، بەڵام گوریسەكە مانگایەكی پێوە بوو.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هۆكاری ئەوەی بەشێكی زۆر لە كارەكانت ئەنجامەكەی بەوشێوەیە نییە كە خۆت دەتەوێت، ئەوەیە كە كەمتەرخەمیت و، لە كاتی هەوڵدان سەرنجت لای شتی لاوەكییە، پاڵپشتیی خێزانەكەت بكە، بەتایبەتی ئەم چەند ڕۆژە، لە پێناو تەندروستیت لە خواردنی تیژ دور بكەوەرەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەو كارەی ئێستاتدا سەركەوتنی زیاتر بەدەست دەهێنیت، خۆت ئامادە بكە بۆ چەند ڕوداوێكی لەناكاو و پێشبینی نەكراو، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵبدە كارەكان بە تیم ئەنجام بدە، ئەمەش چانسی سەركەوتنت زیاتر دەكات، تەندروستییەكی باش و وزەیەكی زۆرت هەیە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

خەمێك بێزارت دەكات، بۆیە ئاگاداری هەستەكانت بە، لەلایەنی پیشەییەوە بەهۆی باشیی ڕاپەڕاندنی كارەكانتەوە خاوەنكارەكەت ستایشت دەكات، دەتەوێت گۆڕانكاری لە ژیانی سۆزداریتدا ئەنجام بدەیت، سارد مەبەرەوە لە هەوڵەكانت، لە پێناو تەندروستیتدا خواردنەوەی ئاو پشتگوێ مەخە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

رابردووت مانای ئێستات نادات، كەسێك لێت نزیكە، ئاگاداری هەست و دڵی بە، لە ژیانی تایبەتیتدا شتەكان بەو شێوەیە نین كە تۆ دەتەوێت، ئەمەش نیگەرانی كردویت، باشترە كەمێك گۆڕانكاری ئەنجام بدەیت، لەلایەنی پیشەییەوە ئارامیت بپارێزە، دەنا دەكەویتە كێشەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەوەی لە دڵتدایە بۆ داهاتوو، نزیكە و ئەنجامی دەبێت، سەركەوتنی تۆ پەیوەندی بە كەسانی دیكەوە نییە، هەربۆیە خۆت مەبەستەرەوە بە كەسانی دیكەوە و، بە تەنیا هەوڵەكانت بدە، چاوەڕێی ئەوە مەكە هەموان پاڵپشتیی هەنگاوەكانت بكەن، وا باشترە خۆت هاندەری خۆت بیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

كاتەكانت بەپێی پلان تەرخان بكە، خۆت مەشێوێنە و هەوڵی ژیانێكی باشتر بدە، ئامانجی هەر هەنگاوێكت نیشانی كەسانی دیكە مەدە، بەڵكو ئەنجامەكانیان نیشان بدە، تەندروستییەكی باشت هەیە، ئەمەش هاندەرتە لەوەی بە وزەیەكی زۆرەوە بەرەو ئامانجەكانت هەنگاو بنێیت.

## بۆ زانیاریت

# شێرپەنجە - Cancer


شێرپەنجە بە دووەم سەرەکیترین هۆکاری مردن و کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤەکان دێت، چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی توشبووانی نەخۆشییەکە تا ساڵی ٢٠٤٠ بگاتە نزیکەی ٢٩ ملیۆن و نیو کەس، ژمارەی مردن بە نەخۆشیەکە بۆ ١٦ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەس بەرز ببێتەوە، لەم ژمارەیە نزیکەی لە ٥٠٪ سوود لە چارەسەری تیشکی وردەگرن و، نیوەی ئەوانەی کە لە ئاستی سەرەتادان و بەنەخۆشیەکە دەزانن و چارەسەری تیشکی وەردەگرن، چاك دەبنەوەو زاڵ دەبن بەسەر نەخۆشیەکەدا، بۆ زۆرینەی جۆرەکانی وەك شێرپەنجەی سینگ و پرۆستات و کونی زێی ئافرەتان و سەر و مل و مێشك و سییەکان بەگشتی، چارەسەری تیشکی بەکاردێت، بەڵام لەبەر ئەوەی چارەسەرکردن بەتیشك لەگەڵ خانە شێرپەنجەییەکاندا خانە ساغەکانیش دەکوژێت، هەربۆیە ڕێژەی بەکارهێنانەکەی سنووردارە، چارەسەرکردن بەتیشك هەندێ جار بەتەنیا بەکار دێت و هەندێ جاریش پێکەوە لەگەڵ چارەسەری کیمیایی، یان نەشتەگەری پێکەوە بەکاردێن و، کاری ئەم ئەوەیە کە نەهێڵێت ئەو گرێ شێرپەنجەییە زیاد بکات لە جەستەدا و بچوکیان بکاتەوە، چونکە خانە شێرپەنجەییەکان لە چاو خانە ساغەکای دیکەی جەستەدا بە شێوەیەکی زۆر خێراتر و زیاتر دابەش دەبن و زیاد دەکەن، بەڵام تیشك هەڵدەستێ بە تێکدان و لەناوبردنی DNA خانە شێرپەنجەییەکە، وە لەکاتی لێدانی تیشکەکە بەهەمان شێوە DNA خانەو شانە ساغەکانی نزیکی گرێ شێرپەنجەییەکەش لەناودەچن و زیانیان بەردەکەوێت.





## پەند و وتە

لویزا لین های، نووسەری ئەمریکی و دامەزرێنەری ماڵی های، لە ساڵی ١٩٢٦ لە کالیفۆرنیا لە دایکبووە و لە ساڵی ٢٠١٧ هەر لە کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئەوەی کاتێك مرۆڤ ڕۆڵی قوربانی دەگێڕێت، دەڵێت: ئەگەر خۆت وەك مەزلوومێك دانا و لە هەموو هەنگاوێك خۆت کردە قوربانی، ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ هێزی کەسایەتی و هەستەکانت بەکاردەهێنیت، تا ئەو کاتەی بێتوانا دەبیت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کچێك تا ناوقەدی دیارە، کەچی مرۆڤێکی ئاساییە، هەوڵبدە فێڵکاریی وێنەکە بزانیت و چۆنیەتیی وێنەگرتنەکە ئاشکرا بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەرەو داهاتوویەکی خۆش ڕێگە دەگریت، متمانەت بە خۆت هەبێت، گومان لە خۆت و تواناکانت مەکە، ڕێگە مەدە ڕەخنەی کەسانی دیکە بتڕوخێنێت و ساردت بکاتەوە لە هەوڵەکانت، ئەم ماوەیە بیر لەوە بکەرەوە کە ڕۆتین بشکێنیت و چەند چالاکییەکی نوێ تاقی بکەیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەوڵ بدە ڕێگەی نوێ بدۆزەرەوە بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، کەمێك گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتەکانتدا ئەنجام بدە، ئەم گۆڕانکارییە زیاتر خۆت و کەسانی دیکەش دڵخۆش دەکات، وەرزشکردنت پشتگوێ خستووە، ڕەنگە ئەمەش زیان بە تەندروستیت بگەیەنێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

گرنگی بە خۆت و داهاتووت بدە، کارێك مەکە بێزاریت پێوە دیار بێت، لەلایەنی پیشەییەوە بە تەواوی ماندویت، پێویستت بە پشو هەیە، بەردەوامبوون بەم دۆخەی ئێستاوە ڕێگری دەکات لەوەی بەرەو سەرکەوتن بڕۆیت، ڕۆژێك تەرخان بکە بۆئەوەی لایەنی کەم کاتژمێری زیادە کار نەکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەوەی لە دڵتە بۆت دەبێت، ئارام بگرە، مەکەوەرە ژێر کاریگەریی کەسانی دیکەوە، خۆت توانای بیرکردنەوەت هەیە، هەربۆیە ئەوە بکە کە ڕاستە، ناکۆکیت لەگەڵ کەسانێك هەیە کە مێشکیان سەرقاڵ کردویت، لەبری درێژەدان بەو دۆخە، بیر لە چارەسەرێکی ڕیشەیی بکەرەوە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


شکست دەهێنیت لە هەوڵەکان، بەڵام ئەو ئەزموونەی وەری دەگریت بەرەو شتی گەورەتر و باشترت دەبات، هەستی خۆشەویستیی زۆر بۆ کەسێك مێشکی سەرقاڵ کردویت، وا باشترە نەترسیت و هەستەکانت نەشاریتەوە، تەندروستییەکی باشت هەیە، وەرزشکردن لەبیر مەکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هیوات بە داهاتووت هەبێت، بەرەو کاری چاك دەچیت، ڕەنگە ئێستا دەرگاکانت بەسەردا دابخرێت، بەڵام دەرگای باشترت بە ڕوتدا دەکرێتەوە، لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە باشی ناکەیت و فشارێکی زۆرت لەسەرە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە زۆر گوێ بۆ وشەی نەرێنیی کەسانی دیکە دەگریت.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly Gulan November 15, 2021 Issue,No.1293


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626